# بڕەو

گۆڤارێکی بواری پەرەپێدانی مرۆیی گشتییە
ژمارە (3) کانونی دووەم 2012





٢٠


٥


٢٥



٧


٣١


٩


٤٥


١٢


١٧


**ڕاوێژکاران**
**شەماڵ موفتی     د.کەریم ئەحمەد**
**د.سادق عەزیز خۆشناو   د. ئەحمەد وەرتی**

خاوەنی ئیمتیاز
**نەوزاد سەلام خۆشناو**
٠٧٥٠٤٥٣٢٢٢٤
khoshnaw_n@yahoo.com

سەرنوسەر
**یاسین ئەحمەد زەنگەنە**
٠٧٧٠١٤٨٨٩٦٢ - ٠٧٥٠٤٣٣٨٥٨٧
yaseenzangana@yahoo.com

بەڕێوەبەری نوسین
**عەلی ئیبراهیم حەسەن**
٠٧٥٠٤٦٥٩١٧٢
alizhin@yahoo.com

دەستەی نوسەران
**ئومێد مستەفا**
**ئیحسان برهان الدین**
**ئەمیر ئەحمەد کۆیی**
amirkoy@yahoo.com

بەشی ریکلام
**٠٧٥٠٤٢٠٠٦٥٦**

تایپیست
**هاوڕێ یاسین**


ناردنی بابەت و پەیوەندییەکان
لەڕێگای سەرنوسەرەوە دەبێت .

نرخی 2000 دینارە


هەولێر- شەقامی ئیسکان-
بەرامبەر ڕاین مۆڵ

دیزاین گۆڤاری بڕیار

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

سەرنووسەر

## دەستپێك

# فێری هونەری درەوشانەوە ببە

پیشەسازی کارتێکردن تەنها پێویستی بە تێکۆشانی گەورە و زۆر نییە ، بەڵکو پێویستی بە تێکۆشانی زیرەکانە هەیە ، جیاوازییەکی زۆریش هەیە لەنێوان ئەم دوو شێوازەدا ، چەندین هەوڵ و تێکۆشان بەگەڕ دەخرێت و دەبینین هیچ سودو کەڵکێکی ئەوتۆ کە شایستەی باسکردن بێت نادات بەدەستەوە .

دەکرێت بڵێین تێکۆشانی زیرەکانە ئەوەیە کە دروستکەرانی کارتێکردن بە چاکی ئاوڕی لێ دەدەنەوە ئەمەش بەندە بە درەخشانەوەی خود وە درەوشانەوەی بەشداربوانی گۆرانکاری و کارتێکردن .

بێگومان کاریگەرێتی هونەرمەندان و ئەستێرەکان زۆرە (سەرەرای دید و بۆچونمان لەسەر بیروباوەڕ و رەوشت و ئاکاریان ) دەبینین تێکۆشانێکی زیرەکانەی زۆریان بەخەرج داوە بۆ پەرداخکردن و رازاندنەوەیان تا ئەوەی بونەتە رەمز و پێشەنگی ژمارەیکی زۆری خەڵکی ، پێشینان راستیان فەرمووە ناوی بێ ناوبانگ وەك ئاگری بێ بڵێسە وایە .

دەبینین زۆرێك لە ئەکتەر و هونەرمەند و سینەماکار و گۆرانیبێژ و .... هتد . سەرەرای لادانەکانیان لاوانێکی زۆر پێیانەوە سەرسامن و شوێنیان دەکەون و لاساییان دەکەنەوە لە جل و بەرگ و سیما و شێوەی رۆشتن و روخسار و قژیاندا ..

ئەو هونەرمەندانە توانیویانە خۆیان بریقەدار بکەن وواخۆیان دەربخەن کە رەمزو ئەستێرەن بۆ لاوان ، دەبینین کەسانێك هەن چەندین نەشتەرگەری جوانکاری ئەنجام دەدەن بۆ ئەوەی شێوە و روخساریان لە فلاَن هونەرمەند یان ئەکتەر بکات .

هەروەها سیاسییەکان لەهەندێ لە ولاَتاندا کە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی تێدا ئەنجام دەدرێت دەبینین سەرکردەکان بەپێی بەرنامە و پرۆپاگەندەی هەڵبژاردن رێك پۆش وپەرداخ دەکرێت و بەشان وبالاَیدا هەڵدەدرێت و ستایشی هەڵوێست و تێکۆشانی دەکرێت و وەك پاڵەوان و فریاد رەس دەخرێتە روو .

پێویستە ئەو راستیە بخەینە روو کە درەوشانەوە خۆی لە خۆیدا ئامانج نییە بەڵکو هۆکار و میکانیزمە بۆ کارتێکردنێکی بەسود جا پێویستە ئەوانەی کاریگەری و کارتێکردنی بەسود و چاکیان هەیە بە تایبەت زانایان و ڕوناکبیران وبانگخوازان سەرەتا بانیەتەکانیان خاوێن کەنەوە و مەبەستیان رەزامەندی خوای گەورە بێت و ناوبانگ و ناسراوی فریویان نەدات و دەرکەوتن نەبێتە ئامانجی سەرەتا و کۆتاییان و پاداشتی لای خوایان لە بیربچێت و کارو کردەوەکانیان پوچەڵ بێتەوە و خوای گەورە وازیان لێ بهێنێت و ئەوانیش شوێنی هەواو و ئارەزویان بکەون و زیان مەندی دونیا و دوا رۆژ بن .

### لە رێگاکانی درەوشانەوە:

درەوشانەوە رێگا و شێوازی جۆراوجۆری هەیە و لێرەدا ئاماژە بەهەندێك لەو رێگایانە دەدەین دەکرێت سوودی لێ ببینرێت :

١- داوا لەیەکێك لە ئەستێرە بەناوبانگەکان بکە بەچاکی باست بکات یان داهێنان و بەرهەمەکانت بخاتە روولە کاتێکدا کە پەیوەندی بە جەماوەر و خەڵکیەوە دەکەیت .

٢- چەند وتار و بابەتێکی رۆژنامەوانی بنوسە .

٣- بەرنامەیەکی تەلەفزوێنی پێشکەش بکە یان بەشداری تێدا بکە .

٤- لەدوای هەر کۆنگرەیەکی پیشەیی یان پسپۆڕی یان جەماوەری کە بەشداری تێدا دەکەیت باساز و ئامادە بیت و بەشداری و گفتوگۆی خۆتت هەبێت لەسەر تەوەرەکان .

٥- بەشداری بکە لە کۆڕی ئەوانەی کاریگەرێتیان زۆرە ، لەو کۆڕانەدا کەڕ و لاڵ دامەنیشە و بەڵکو بە چاکی بدوێ دوای خۆ ئامادەکردنێکی باش و رێك و پێك .

٦- بایەخ بە روخسار و شێوازت بدە .

٧- کەسێکی سنگ فراوان و لێبوردە و رەوشت جوان بە ، چونکە بەم ئاکارانە مرۆڤ بەرز دەبێتەوەو و لە دونیادا و لە نێوان خەڵکیدا دەدرەوشێتەوەو لە دوارۆژیشدا پایە بەرز دەبێت گەر نیەتەکەی بۆ خوا بێت .

٨- کەسێکی بەخشندەبە چونکە هیچ دەردێك ئەوەندەی رەزیلی و پیسکەیی کوشندە نیە . بەخشندەیی دەبێتە مایەی رێزوخۆشەویستی خەڵك.

شـەماڵ مـوفتـی



# با پێكەوە بە ئاشتیانە بژین

## بۆچی ژیانی ئاشتییانە گرنگە؟

– هەمو مرۆڤێك تینوی ئاشتییە، وەك لەش چۆن پێویستی بە ئاوە، رۆحیش پێویستی بە ئاشتییە، لە ئیمامی شافعییان پرسی: ئایا لەش رۆحی گرتۆتە خۆ ، یان رۆح لەشی گرتۆتە خۆ؟ فەرموی رۆح لەشی گرتۆتە خۆ چونكە كە دەڕوات یەكسەر لاشەكە دەكەوێت و وەك پەڕۆی لێدێت.

– ئاشتی تەنها بۆ خۆشگوزەرانی نییە و ژیانی ئاشتییانە واتا بەئاشتییانە لەگەڵ خودی خۆت و كەسانی دەوروبەرتدا بژیت بادەورو بەرەكەت لەرووی ( ئاین ، مەزهەب ، زمان ، بیروباوەر ، كولتور ، رەنگ ... )جیاوازبن ، و تەنانەت روبار و كانیاو ودرەخت و گوڵ و باڵندە و ئاژەڵانیش ئەگرێتەوە.

– هەرچی ئەیبەخشیت بە كۆمەڵگا — زوو بێت یان درەنگ - دێتەوە رێت. واتا چاكە بكەیت ئەوا چاكە دێتەوە رێت و خراپە بكەیت خراپە دێتەوە رێت. بە كوردی: چی بچێنیت ئەوە ئەدرویتەوە.

– ئەم پێداویستییە زۆر زۆر گرنگە ( ئاشتی دەرون و ژیان ) بەسراوەتەوە بە مەرجێك!! مەرجەكەش ئەوەیە كە دەبێ بیبەخشی بە كۆمەڵگاكەت ...بەوانەی لەگەڵیان دەژیت. واتا: ئەگەر تۆ سەرچاوەیەكی توند و تیژی بیت یان ترس و تۆقاندن یان بێ ئومێدی یان خەم و خەفەت یان هەڕەشە و تۆڵە سەنین بۆ دەوروبەرت ...چۆن بەتەمای ئاشتی دەبیت لێیان؟ تۆ دەیانترسێنیت !! نارەحەتیان ئەكەیت !! خۆشییان لێ دورئەخەیتەوە !! بە چ یاسایەك و ئەقڵێك بەتەمای ئەوەی كە گوڵبارانت كەن یان خۆشی بخەنە دڵ و دەروونتەوە؟

– بەئاشتی ژیان پرۆسەیەكی دوو ئاڕاستەییە. ئاڕاستەیەكی دەرەكییە كە رێزلێگرتنی مرۆڤەكانە و گونجاندنە لەگەڵ سروشت و دەوروبەر و ئاڕاستەكەی دیكە ناوخۆییە كە گەڕانە بە ناخی دڵ و دەرون و ئەقڵدا لە پێناوی تێگەیشتنی هۆكاری بوغز و كینە و ترس كە دەبنە پاڵنەری سەرەكی توند و تیژی.

– بڕوانە ئەو وڵاتانەی لە بیشەسازی و ئابوریدا پێشكەوتن، ئایا لە فەزا و سایەی ئاشتیدا نەبو؟ ئایا گەورەترین زلهێز دەتوانێ دەستكەوتەكانی بپارێزیت كە ئاشتیماڵئاوایی لێ بكات؟

واتا ئاشتی ئاسمانێكە بۆ هەموان.

بیرم لە زاراوەكانی: جیهانی یەكەم ( وڵاتە گەشەكراوەكان developed countries و وڵاتانی پلەكانی خوارەوە ( developing countries ) دەكردەوە و بۆمدەركەوت كە پێیان دەڵێن لە دۆخی گەشەكردندان كە هۆی بەرقەرارنەبونی ئاشتی هۆیەكی سەرەكییە.

– ئەگەر ناشتەوێ بڵێیت خوا ئێمەی پێكەوە داناوە ( چ لە هەرێمە خنجیلانەكەمان و چ لە دونیای فراوان) ، با ئەقڵ و ژیری بەكاربهێنین و یەكترمان قبوڵبێت چونكە هیچ رێگەی

تر نییە تەنها شەڕ نەبێت کە بە زیانی هەموان ئەشكێتەوە. ئەگەر خوای گەورە بیویستایە هەمو مرۆڤایەتی ئەكردە یەك نەتەوە بەڵام ویستی وا نەبو . بڕوانە سروشت و دیكۆراتی خوای بەخشندە ، ئایا یەك ڕەنگ دەبینیت؟ بڕوانە وێنەسازەكان ، ئایا یەك ڕەنگ بەكاردێنن بۆ تابلۆكانیان؟ بڕوانە باخچەكانی جیهان ، ئایا یەك جۆر گوڵی تێدا ئەروێنن؟ .... جیهانی مرۆڤیش هەمەچەشنەیە و ئەمەش بۆتە مایەی دەوڵەمەندی و جوانی. بەڵام كاتێك مرۆڤێك ، گروپێك بیەوێت ئەو ئاشتییە گشتییە تێكدا ، بێ گومان خاوەنی ئەرز و ئاسمان – لەوانەیە لە سەرەتادا هیچی لێ نەكا بەڵام كە بەردەوامبو لەناوی ئەبا.

بۆ زیاتر ڕونكردنەوە تیشك دەخەینە سەر ١٠ بنەما بۆ ژیانیكی ئاسودە( ئاشتییانە) :

١- خۆتێ نەهەڵقورتان ( تداخل ) لە كاری كەسی و تایبەتی خەڵكی. پێغەمبەری سەرومان ئەفەرمویت ( من حسن اسلام المرء تركه ما لايعنيه ) واتا جوانی ئیسلام لە ودایە كە نەچیتە ناو كارێك پەیوەنی پێتەوە نەبێت.

٢- لێبوردن و لەبیربردنەوە: گەورەترین یاریدەرە بۆ پاكژی مێشك و دەرون، ئەگینا هەستی بوغز وكینە هەمیشە گەشە ئەكا بەرامبەر كەسانێك هەڵوێستی نیگاتیڤیان هەبوبێ بەرامبەرت. ( كۆڵۆنی هەستیاری و برینی گەدە و خەمۆكی و كەمخەوی )ت لا دەبا. گلەیی كردن و هەڵدانەوەی لاپەڕەی كۆن بێكەڵكە و زەرەر ئەدا و سود ناگەێنێت.

٣- مەپارێرەوە بۆ ستایش و چاوەڕێی ڕێزلێهێنانی خەڵك مەبە: ئەم دونیایە پڕە لە مرۆڤی دو ڕوو، كاتێك دەسەڵاتێكت بەدەست بێت بەدەورتا ئەخولێنەوە و ستایشت ئەكەن و شیعر و پەخشانت بەسەرا هەڵئەدەن و كاتێكیش دەسەڵاتت نامێنێ، هەمو پیاوەتییەكانت لە بیرەوەرییان دەسڕێتەوە ودەكەونە ڕەخنەی توند و قسە پێوتن!! جا بۆ خۆت سەغڵەت ئەكەیت و چاوەڕێی پیاهەڵدان و ستایشیان ئەكەیت؟

٤- ژیانت بگۆڕە: خۆت بگونجێنە لە گەڵ دەوروبەردا چونكە دەوروبەر بە تۆ ناگۆردرێت، واتا لەگەڵ خەڵكی بگونجێ و هەڵبكەو، بنەمای ( و اهجرهم هجرا جميلا ) جێبەجێ بكە.

٥- بە ئارامی و ڕەزامەندییەوە مامەڵەی ( قەدەر ) بكە ، واتا ئەو ڕوداوانەی كە دەسەڵات و كونترۆڵی تۆی تێدا نییە، واتا : لە دەست دەرچو ئاخ هەڵمەكێشە. بەڵام ئەو كارانەی كە ئەگەری چاككردنیان هەیە هەوڵی چاككردنیان بەجددی بۆ بدە.

٦- حەسود مەبە: ئیرەیی ( حەسودی ) باش نییە لە دونیا و مایەی سەرقاڵبونی مێشك و تواناكانتە بە كەسانی ( حاسد ) وە ، واتا ئیرەبەر و مایەی تۆپەڵێك نەخۆشی دەروونییە و كات و هێز فەوتاندنە، و لە ئاخیرەتیشدا چاكەكانت لەناو ئەبا.

٧- مەهێڵە كاتی بۆشایی ڕوبكاتە مێشكت : با مێشكت هەمیشە سەرقاڵی بابەتی بەسود بێت ، ئەگینا شەیتان سود لەو داڵغەیە وەردەگرێت و بیرت ئەخەمەوە كە خوای متعال مروڤی گێل و بێ كەڵك لەناودەبا بە ( اولئك هم الغافلون ).( )

٨- بەردەوامبونی زیكری خوای تعالی: لە پێغەمبەری نازداریان پرسی: ئایا لا اله الا الله بە حسنات و چاكە حیسابە؟ فەرموی ( صلی الله علیه و سلم ): هی من اكبر الحسنات ، واتا گەورەترین چاكەیە، جگە لەوەی دڵنیایی دەبەخشێتە موسوڵمان ( إلا بذكر الله تطمئن القلوب).

٩- كاری ئەمڕۆ مەخەرە سبەی: با هەڵەش بكەیت ، گرنگ ئەوەیە كاری ئەمڕۆ ئەمڕۆ بیكەیت.

١٠- بارێك مەخەرە ئەستۆت كە بۆت هەڵناگیرێت

بە هیوای سود وەرگرتن و كارپێكردن و چاككردنی ژیانمان

ژیانی ئاشتییانە واتا بەئاشتییانە لەگەڵ خودی خۆت و كەسانی دەوروبەرتدا بژیت

كاری ئەمڕۆ مەخەرە سبەی، با هەڵەش بكەیت، گرنگ ئەوەیە كاری ئەمڕۆ ئەمڕۆ ئەنجامی بدەیت



د.ڕێدار محەمەد ئەمین
پسپۆری نەخۆشیە دەروونیەکان



Pathological liar

# درۆزنی نەخۆش

درۆیەکی گەورە بکە،پاشان سادەی بکەوە،بەردەوام بیکە و لە کۆتاییدا خەڵك باوەڕ دەکەن(ئەدۆلف هیتلەر)

درۆ نیوەی دونیا دەگەڕێت،هێشتا ڕاستی جلەکانی لەبەر نەکردووە(ونستۆن چەرچل)

لە پێناسەیەکی سادەی درۆدا بریتیە لەو هەوڵەی مرۆڤ بۆ شاردنەوە یان ئاوەژوو کردنەوەی ڕاستیەکان،کەوا مەبەستێکی دیاریکراوەی لە پشتە.

ئەگەر بۆ مێژووش بگەڕێینەوە،ڕەنگە بەر لە قسەکردن مرۆڤ فێری درۆکردن بووبێت! ئەو کاتەی وێنەی خۆی وەك پاڵەوان لەسەر دیواری ئەشکەوتەکان نیشانداوە کاتێك ویستوویەتی نێچیرێك ڕاوبکات،ئێمەی مرۆڤ دەتوانین ڕۆژانە چەندین درۆبکەین بەبێ ئەوەی یەك وشەش لە دەممان بێتە دەرەوە! کاتێك بە ڕووی یەکێك پێدەکەنین لە ناخەوە ڕقمان لێیەتی،خۆمان وا نیشان دەدەین بۆ یەکێك دڵتەنگین و لە ناخەوە زۆر دڵشادین،ئەگەر وێنەی درۆ لەسەر دەموچاومان بنەخشرابوایە،ئێمەی مرۆڤ چ ڕووخسارێکمان وەردەگرت؟

هەروەك د.عەلی شەریعەتی دەڵێت:ئەگەر درۆ ڕەنگی هەبوایە ڕۆژانە ناو دەممان ڕەنگاو ڕەنگ دەبوو!بە تایبەتی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا،کەوا درۆکردن بووەتە کارێکی ئاسایی هەروەك پێغەمبەری مەزن(د.خ)دەفەرموێ(ڕۆژێك دادێت ڕاستگۆ بە درۆزن و درۆزن بە ڕاستگۆ ناو زەد دەکرێن)ئەمەش بێگومان لەبەر زۆری ژمارەی درۆزنەکانە،هەروەها دەفەرموێت( بەندە درۆ دەکات و بەردەوام دەبێت لە درۆ تا لای پەروەردگار بە درۆزن ناونووس دەکرێت)ئەمەش لە زانستی دەروونی ئەمڕۆدا پێی ئەڵێن درۆزنی نەخۆش،کەوا بابەتەکەی ئێمەیە.

## سایکۆلۆژیای درۆکردن

درۆکردن یان فێڵ لە خۆکردن،ڕەفتارێکی ڕۆژانەی مرۆڤە لە کاتی مامەڵەکردن لەگەڵ کەسانیتردا،لە زۆربەی حاڵەتەکانیشدا درۆکردن قازانجی بۆ کەسی درۆگوفت و درۆلێکراو هەیە(سەرنج بدە جیاوازی نێوان درۆزن و درۆگوفت)!

ئێمە ڕۆژانە درۆی سپی دەکەین،ئەمەش ئەو درۆیانە دەگرێتەوە کەوا زۆر گرنگ نین،یان کاتێك نامانەوێت کەسێك بریندارکەین وئیحراجی بکەین،خۆمان لە هەڵوێستێك ڕزگاربکەین تا تووشی شەرمەزاری نەبین،یان نامانەوێت کەسێك ئازاربدەین،پێغەمبەری مەزن دەفەرموێت لە سێ شوێندا درۆکردن جائیزە، یەکەم لەگەڵ هاوسەرەکەت بەمەبەستی پیاهەڵگوتن،دووەم بۆ ڕێگرتن لە فیتنە وسێیەم بۆ چاککردنەوەی پەیوەندی نێوان دووکەس(بەڵام لەوانە بەدەر درۆ بە گوناهێکی گەورە دادەنرێت)

زۆربەی ئەو درۆیانەی ڕۆژانە دەیکەین لەژێر کۆنترۆڵی خۆمان دایە ومەبەستێك دەپێکێت،لە هەمان کاتدا دەبێتە مایەی نارەحەتی ودڵە ڕاوکێ بۆمان،بە پێچەوانەی درۆزنی نەخۆش،کەوا درۆیەکەی لە ژێر کۆنترۆڵی خۆیدایە وهیچ هەست بە نارەحەتی وشەرمەزاری ناکات و هەر بەزیانی خۆیشی کۆتایی دێت.

کەواتە درۆزنی نەخۆش کێیە؟

درۆزنی نەخۆش بەو کەسە دەوترێت،کەوا بە شێوەیەکی بەردەوام و ڕێکوپێك درۆ دەکات و ئەویش بەهۆی پاڵنەرێکی ناوەکی،ناچاری یان تێکەڵکردنی واقیع و فانتازیایە و ناتوانێت کۆنترۆڵی درۆیەکانی بکات،هەرچەندە ئەزانێت ئاکامی خراپیان هەیە و دواییش هەر ئاشکرا دەبن!

درۆزنی نەخۆش هەمیشە گفتوگۆکانی دەدۆڕێنێت(وەك کورتە تەمسیلی کونەبا)،بەڵام ناتوانێت وازیان لێ بهێنێت،هەر لەبەر ئەوەشە بە درۆزنی نەخۆش ناو زەد دەکرێت.

## توێژینەوەکان دەڵێن چی؟

هەر لە مێژوەوە هەوڵدراوە بزانرێت بۆچی کەسانێك هەن بەردەوام درۆ دەکەن وخۆشیان درکی پێدەکەن و دەزان کارێکی نەشیاوە،ئەوەش دەزانن لە کۆتاییدا هەر ئەوان دۆڕاون.

توێژینەوە سەرەتاییەکان ئەوەیان دەرخستووە،مرۆڤ لە کاتی درۆکردندا

چالاکی بەشی پێشەوەی مێشکی زیاد دەکات،چونکە لە کاتی درۆکردندا دەبێت بیرکردنەوەی بەرامبەر بخوێنیتەوە،لە هەمان کاتدا هەستی خۆت کپ بکەیت یان کۆنترۆڵی بکەیت،بە جۆرێك کە هیچ شپرزەییەك و گومانێك لە ڕوخسارتدا دیار نەکەون،ئەمەش کارێکی سەختە بۆ کەسێك کە درۆزن نەبێت و بیەوێت ڕاستیەکان بشارێتەوە!

جگە لەوە،پێشتر بڕوا وابوو درۆزنی نەخۆش ڕەفتارێکە فێربوونە لە تەمەنی منداڵی،بەڵام توێژینەوەی نوێتر شتی زیاتری سەلماندووە.

لە نوێترین توێژینەوە کە لە لایەن دوو زانا ئەنجامدرا(یالینگ یان و ئەدریان ڕێین)لە کالیفۆرنیای باشوور لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا،دەرکەوت کەوا بەشی پێشەوەی ئەو مرۆڤانەی بەردەوام درۆ دەکەن،ڕێژەی مادەی سپیان بە بەراورد لەگەڵ مادەی بۆر زیاترە وەك لە مرۆڤی ئاسایی،هەروەها لە هەمان توێژینەوە دەرچوو ئەوانە هەستکردن بە گوناهو پەشیمان بوونەو،دانایی،بیرکردنەوەی لۆژیکانە وپابەندبوون بە بەهاکانیشیان کەمترە،بەڵام توێژینەوەکە ئەوەی نەخستە ڕوو ئایا ئەوانە هەر لە سەرەتاوە مێشکیان بەم شێوەیە بووە یاخود لە دەرەنجامی درۆی زۆرەوە ئەم گرفتەیان بۆ درووست بووە.

## هۆکارەکانی درۆکردنی بەردەوام

لە ڕاستیدا تا ئێستا دیاردەی درۆزنی نەخۆش وەك نەخۆشیەك لەلایەن ئامیلکەی ئەمریکی بۆ نەخۆشیە دەروونیەکان وپۆلێنکردنی جیهانی بۆ نەخۆشیە دەروونیەکان نە ناسراوە،بەڵام باس لەوە دەکرێت نەخۆشی درۆزن بە شێکە لە گرفتی دەروونی تر وەك تێکچوونی کەسایەتی(کەسایەتی دژەکۆمەڵ،سنووری،مێژوویی،نێرگزی) یان پەیوەستە بە گرفتەکانی ئالوودە بوون بە قومار،ئەلکهول و مادە هۆشبەرەکان،بیرکۆلی وئۆتیزم...هتد.

لەگەڵ ئەوانەشدا هەندێك هۆکار هەن بۆ ئەم دیاردەیە وەك هۆکاری بۆماوەیی،ئاناڕامی سەردەمی منداڵی،گرفتەکانی ژیری،خێزانی پەرتەوازە،زۆر گرنگیدان بە مناڵ (نازپێدانی زیاد)،بەربەرەکانێی نێوان منداڵان.

**درۆکردن و هەستکردن بە کەمی**

زۆرجاران کەسی درۆزن دەیەوێت بە درۆکانی قەرەبووی هەستکردن بە کەمی بکاتەوە،ئەگەر بۆ ماوەیەکی کاتیش بێت،ئەمەش هەروەك کاریگەری ئەلکهول و دەرمان وایە،ئەو درۆیەی کە دووبارەو سێبارە دەکرێتەوە ئەو خەیاڵە لای کەسەکە دروست دەکات،کەوا هە ست بە سەرکە وتن بکات و متمانەی بە خۆی زیادبێت،و کەموکوڕیەکانی بشارێتەوە،بۆیە ئەو فانتازیایەی ئەو وەك بڵقی ئاوەو دوای ماوەیەك دەبێت بە هەڵم.

## جۆرەکانی درۆزنی نەخۆش

زۆر جۆر دەگرێتەوە لەوانەش درۆزنی خەیاڵی،درۆزنی هەڵچوون،درۆزنی ناچاری،درۆزنی بەعادەت.

**درۆزنی خەیاڵی:** ئەم جۆرە درۆزنە واقیع و فانتازیا تێکەڵ دەکات و درۆیەکان بە شێوەیەك ڕێکدەخات،تەنانەت لە کۆتاییدا خۆیشی لێی تێك دەچێت و نازانێت کامە ڕاست و کامە درۆیە،بۆیە هیچ هەست بە درۆکانی ناکات و نازانێت ئەمەی دەیکات درۆیە،کاتێکیش ڕووبەڕووی ڕەخنەو واقیع دەبێتەوە،هەوڵدەدات بە درۆیەکی تر ڕاستی بکاتەوە و درۆکان بە دوای یەکتریدا دێن،بەڵام لەگەڵ ئەم هەموو بەزمەش ئەو هەست بە شەرمە و عەیبە ناکات!

**درۆزنی ناچاری:** ئەو کەسەیە کەوا لە ناخەوە ئارەزوویەکی زۆر بۆ درۆکردن دەکات،کاتێك درۆ دەکات زۆر ئارام دەبێتەوە،بەڵام کە ڕاستی دەڵێت زۆر ناڕەحەتە،هەندێك لە زانایان دەڵێن ئەم درۆیە بە شێکە لە نەخۆشی وەسواسی ناچاری(فیلمی درۆزن لایەر لایەری جیم کاری) نموونەیەکی زیندووی ئەمجۆرە درۆزنەیە،درۆزنی هەڵچوونیش هەمان شێوەی درۆزنی ناچاریە بەڵام بە هەندێك جیاوازی لەوانەش ترس لەوەی بەسەری دادەنەوە(ترس لە درۆکردن)،هەست بە کەمکردن

درۆزنی بە عادەتیش ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە وا خویان بە درۆکردنەوە گرتووە و تام و چێژی لێ وەردەگرن وەك چیرۆکی مەلەوانە درۆزنەکە،هەروەها ئەمجۆرە کەسانە بەمەبەستی سەرنج ڕاکێشانی خەڵك درۆ درووست دەکەن.

## چارەسەری درۆزنی نەخۆش

ڕەنگە ئەم مانشێتە سەرنج ڕاکێشترین مانشێت بێت لەم بابەتە،بەڵام ئەوەی جێگەی داخە چارەسەری درۆزنی نەخۆش زۆر سەختە،بە تایبەتی درۆزنی خەیاڵی کەوا خۆی دان بەوە دانانێت درۆ دەکات،و کەس ئامادە نیە بە درۆزن ناو زەد بکرێت! بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕەنگە چارەسەری بە پەیبردن و گۆڕینی ڕەفتار بە سوود بێت بۆیان.

کەواتە چۆن مامەڵە لەگەڵ کەسی درۆزن بکەین؟

لە ڕاستیدا مامەڵەکردن و دانیشتن لەگەڵ کەسێکی درۆزن کارێکی بێزار کەرە،تۆ ناتوانی بڕوای پێبکەیت یان قسەکانی پشتگوێ بخەیت،ئەگەر تۆ نەتوانیت وا لەکەسێك بکەیت واز لە درۆکردن بهێنێت ئەوا ئەتوانیت وا لە خۆت بکەیت تۆزێك بێزاریت کەم بێتەوە بەم ڕێنماییانەی خوارەوە

١- وشیاربە:هەمیشە ئاگاداری قسەکانی بە و زۆر بایەخی پێمەدە.

٢- کاردانەوەت نەبێت بۆ قسەکانی:ئەگەر وات نیشان دا تۆ سەرنجی قسەکانی دەدەیت و پێی سەرسامیت،ئەوا زیاتر هانی دەدەیت،کارلێك نەکردن لەگەڵی وا دەکات واز لەتۆ بهێنێت و بۆ لای یەکێکی تر بچێت.

٣- دووجار دڵنیابە: ئەگەر کەسێك قسەیەکی کردو تۆ زۆر دڵنیا نەبوویت،ئەوا لەکەسێکی تریش بپرسەوە.

٤- ئەگەر بتوانیت خۆی لێ لابدە،چونکە ئەم جۆرە کەسانە درۆکانیان فشاری دەروونیت بە لەسەر زیادە دەکەن.

Redar_moh@yahoo.com




# ڕەنگدانەوەی ئاین لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکاندا

د. كريم احمد

ئەوانەی کە شارەزاییان لە زانستی کۆمەڵناسی نییەو سروشتی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان نازانن زۆر جار گۆڕانکاری سروشتی لە کۆمەڵگەدا بە شتێکی نادروست لێکدەدەنەوە بەتایبەت ئەگەر بێتو ئەو شتە پەیوەندی بە ئاینەوە هەبێت . ئەم دیاردەیە لەناو موسوڵمانانیدا زیاتر بەدی دەکرێت بە تایبەت ئەو ڕەوتەی کە زۆر پابەندە بە ڕواڵەتی دەقەکانەوە .

سروشتی هەموو بیروباوەڕێك وایە کە تا زیاتر لەناو کۆمەڵگەدا بمێنێتەوە زیاتر ئەو کۆمەڵگەیە ڕەنگ دەکات بە ڕەنگی خۆی و زیاتر باڵ دەکێشێت بۆ ناو چالاکییەکانی ناو ئەو کۆمەڵگەیە ، دەتوانم بڵێم لەوانەیە بتوانی تەمەنی ئاینێك لەناو کۆمەڵگەیەکدا لە ڕێگەی باڵکێشانی ئەو ئاینە بۆ ناو چالاکییەکانی ناو ئەو کۆمەڵگەیە بخەمڵێنی ، ڕێك وەکو ئەوە وایە کە پارچە قوماشێك لە ناو ڕەنگێکدا دابنێی ، تا زیاتر لە ناو ڕەنگەکەدا بمێنێتەوە زیاتر ڕەنگ دەگرێت و هەموو شوێنەکانی وەکو یەك ڕەنگ دەگرن ، ئەگەر پارچە قوماشێکت بینی بە ناڕێکی ڕەنگی گرتووە ، هەندێك شوێنی تۆخ و هەندێکی کاڵ ئەوە مانای وایە ئەو قوماشە بۆ ماوەی پێویست لەناو ئەو ڕەنگەدا نەماوەتەوە .

دەتوانین بە نموونەیەکی تر شتەکە زیاتر ڕوون بکەینەوە ، لەشکرێك کاتێك شارێك دەگرێت سەرەتا شوێنە سەرەکییەکانی دەگرێت و دواتر وردە وردە دزە دەکات بۆ ناو کوچەو کۆڵانەکانی ئەو شارە ، و تا زیاتر لەو شارەدا بڵاو بێتەوە مانای وایە ماوەی هاتنە ئەو شارەی زیاتر بووە و دەرکردنی ئەستەمتر دەبێت .

ئاینیش بەهەمان شێوە ، سەرەتا شتە سەرەکییەکان دەگۆڕێت لە کۆمەڵگەدا کە بیروباوەڕە ، دواتر لایەنەکانی تر وەکو ڕەوشت و ئاکارو ئینجا بەهاکان و ...هتد. تا وای لێدێت باڵدەکێشێت بۆناو هەموو چالاکییەکانی ناو کۆمەڵگەو ، تا زیاتر باڵی کێشابێت بۆ ناو کۆمەڵگە دەرهێنانی ئەستەمترە ، بگرە هەندێکجار لایەنی بیروباوەڕ کزدەبێت و لەبیری خەڵکی دەچێتەوە ئەو دابونەریتانەی بە ئاین موتوربەکراون خەڵکی بە ئاینەکەیانەوە دەبەستێتەوە ، نموونە لەسەر ئەمە موسوڵمانانی ژێر دەسەڵاتی ڕوسیای شیوعی کە لە ئیسلام هیچیان بۆ نەمابوویەوە هەندێك دابونەریت نەبێت کە ڕایگرتبوون .

لەبەر ئەوە نابێت بەوە دڵتەنگ بین کە هەندێك چالاکی کۆمەڵایەتی بەرگی ئاینی بەبەردا دەکرێت بەڵکو ئەوە دیاردەیەکی تەندروستە و ئەگەر بەو شێوەیە نەبێت دەبێ نارەحەت و دڵتەنگ بین ، بۆ نموونە ، کاتێك تەماشای بۆنە خۆش و ناخۆشەکانی ناو کۆمەڵگەی خۆمان دەکەین و دەبینین لەگەڵ ئایندا تێهەڵکێشکراوە نابێ بڵێین ئەوە بیدعەیە کاتی پێغەمبەر و هاوەڵانی نەکراوە بەڵکو دەبێ ئەوە بە نیشانەی کاریگەری ئاین بزانین لەناو کۆمەڵگەدا و بە شتێکی سروشتی و ئیجابی بزانین ، نەك بچین دژایەتی بکەین و هەوڵی ئەوە بدەین لە ئیسلامی جیا بکەینەوە ، ئەمە یەکێکە لە مەبەستەکانی ئەوانەی ئەیانەوێت کاریگەری ئیسلام لەناو کۆمەڵگەدا نەهێڵن و کۆمەڵگەکەمان لە ئیسلام دابڕن . بۆ نموونە پرسی ماتەمینی لەناو کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا بە ئیسلام موتوربە کراوە ، خەڵکی لە مزگەوتێکدا کۆدەبنەوەو قورئانی تێدا دەخوێنن و فاتیحە بۆ ڕۆحی مردووەکە دەنێرن ، ئەمە ئەگەر هیچ سودێکیشی

بۆ ئەو مردووە نەبێت ئەو سوودەی هەیە كە بەڵگەیە لەسەر شوناسی ئیسلامی ئەم میللەتەو بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئیسلام باڵی كێشاوە بۆ ناو چالاكییە كۆمەڵایەتییەكانی ئەم كۆمەڵگەیە.

ئێمە نەك هەرنابێت ئەمە بەدیاردەیەكی سروشتی بزانین بەڵكو دەبێ هەوڵبدەین ئەو چالاكییە كۆمەڵایەتییانەی لە میللەتانی ترەوە بۆمان دێت ( بە حوكمی عەولەمە) بەرگی ئیسلامیان بەبەردا بكەین و بیانموسوڵمانێنین ( بیكەینە ئیسلامی ) هەروەكو چۆن هەوڵ هەیە بۆ موسوڵمانانەندنی هەموو بوارەكانی زانست و مەعریفە( اسلمە او اسلامیە المعرفە) ، دەبێ هەوڵ هەبێت بۆ موسوڵمانانەندنی لایەنە مرۆییەكان و چالاكییە كۆمەڵایەتییەكان وەكو وەرزش و هونەر و هتد. بۆ نموونە ، ئێستا وەرزشی كۆنفۆ و كاراتی تێەڵی ئاینی ئەو میللەتانە بووە كە تیاندا باو بووە وەكو چینی و یابانییەكان ، ئێمە پێویستە بەرلەوەی بیانگوێزینەوە ناو خۆمان ئەو جموجوڵانەی پەیوەندییان بە ئاینەكەیانەوە هەیە لێیان كەینەوەو شتی ئیسلامی بخەینە جێگەیان ، نەك بێین بڵێین ئەمە لەسەردەمی پێغەمبەر و هاوەڵاندا نەبووە!

لێرەوە پێویست دەكات ئەوانەی فەتوا دەدەن و لە دین دەدوێن و باسی حەڵاڵ و حەرام دەكەن و خۆیان بە ڕێپیشاندەری خەڵكی دەزانن شارەزاییان هەبێت لە زانستی كۆمەڵناسی و دەروونناسیدا و زانیارییان هەبێت بە چۆنێتی ئەنجامدان و ڕوودانی گۆڕانكاری لەناو كۆمەڵگەدا و بتوانن خوێندنەوە بۆ دیاردە جۆراوجۆرەكانی ناو كۆمەڵگە بكەن بۆ ئەوەی شتی ڕاست و هەڵە لە ڕووی كۆمەڵایەتییەوە لەیەك جیابكەنەوەو بزانن كامە دیاردە سروشتی و ڕاستە وكامەیان هەڵە و ناسروشتییە.




# كەی مرۆڤ پۆزەتیڤ دەبێت

مرۆڤ پۆزەتیڤ دەبێت هەركات:

١- ئازاد بێت.

٢- ڕەوشت بەرز بێت ( بە مانا فراوانەكەی ڕەوشت ).

٣- ڕێز لە بەرامبەر بگرێت.

٤- توانای بڕیاردانی هەبێت.

٥- توانای بەخشینی هەبێت.

٦- دەروون دروست بێت ( مەرج نییە لەشساغ بێت).

٧- بەرگەی دەرئەنجامی بڕیارەكانی بكات.



# بخوێنە یاسایەکە لەیاساکانی رابوون وهەستانەوەی گەلان

ئا : یاسین احمد زەنگەنە

ئەوانەی بیر لە گەل و نەتەوە گەورەو شکۆدارەکان و کۆمەڵگا راپەڕیوەکان دەکەنەوە کە خاوەنی هێز و زانست و دەستەڵات و ناسنامەو پێگەن. ئەوانە یاساکانی رابوون و هەستانەوەیان جێبەجێ کردووە و بەردەوامن لەسەری، کاریان بە هۆکار و میکانیزمەکان کردووە و تواناکانیان بەگەڕ خستووە و وزەکانیان وەبەرهێناوە تا بگەنە پێشەنگی لیستەکە و لە پێشەوەی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و سەربازی و زانستیدا بن . لەم سۆنگەوە باس لە یەکێك لە یاساکانی رابوون دەکەین کە پێویستە مافی خۆی بدەینێ وبایەخی پێ بدەین لەسەر ئاستی تاك و کۆمەڵگا و دەستەڵاتدار و بێدەستەڵات و ژن و پیاوو گەورە و بچوك ، ئەوانەی پشت لەم یاسایە بکەن شکست خواردوو زیان لێکەوتوون و ئەوانەی بەرەو پیرییەوە بچن بەختەوەر و سەرکەوتوون . ئەمەش یاسای ( بخوێنە ) یە.

بخوێنە یاسای ئاسمانە بۆ خەڵکانی سەر زەوی ، پەروەردگاری کاربەجێ ئەم یاسا ناوازەی دابەزاندووە تا هەست بە گرنگی و هێز و کاریگەرییە ئەفسوناوییەکانی بکەین ، کەسانێك چۆن بە باڵای بەختەوەریدا دەچڕن کاتێك کلیلەکانیان ون کردبێت، باسی سەرکردایەتی کردن دەکەن کەسانێك پابەند نەبن بە هۆکارەکانی ، باسی سەرکەوتن دەکەن و هاوکێشەکانی سەرکەوتنیان جێبەجێنەکردبێت.

پەروەردگار مرۆڤی دروست کردووە لە لاشەو گیان ، لە ژیری و سۆز و عاتیفە هەر بەشەیان ئەرك و پێداوستی خۆیان هەیە ، هیچ هاوسەنگییەك دڵنیایی و حەسانەوەو بەختەوەری لە نێوان ئەم پێکهاتانەدا دروست ناکات ، مەگەر کاتێ هەستن بە ئەنجامدانی ئەرك و فەرمانەکان و دابینکردنی پێداویستیەکان .

لێرەدا دەڵێین خوێندنەوە تەنها پێداویستیەکی ژیری روت نیە ، بەڵکو پێداویستیەکی گیانی و عاتیفی و لاشەییشە ، لێرەدا گرنگی ئەم باسە گرنگ و هەستیارە بەدەر دەکەوێت، خوازیارم خوێنەری بەرێز مافی خۆی بداتێ و پێداچونەوە بە نەریت و رەفتارەکانیدا بکات و پەیوەندیەکی باش لەگەڵ چاکترین هاوڕێی زەمانەدا ببەستێت کە (کتێب)ە .

لێرەدا ئاماژە بە هەندێك لەو بیرۆکە گرنگانە دەدەین کە دەروازەیەکە بۆ ئەم جیهانە پڕ بە بەهایە :

١- دەست بە خوێندنەوە بکە لەو هونەر و زانستانەی کە حەزی پێ دەکەیت .

لێرەدا خوێندنەوە سود و چێژوو خۆشی و سودی تایبەتی خۆی هەیە ، هەر یەك لە ئێمە حەز و خولیا و بایەخدانی خۆمان هەیە ، خوێندنەوەش دەبێتە نەریتێکی رۆژانەمان کاتێك بەند بێت بەو باس و تەوەرانەی کە حەزی لێدەکەین و بەدوویدا دەگەڕێین و لە بارەیەوە پرسیارو سەرنجمان هەیە ، یان بیرۆکەی تازەیە و سودی لێ دەبینین ، دوای ئەوەی خوێندنەوە بوو بەنەریتێکت هەوڵبدە لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا بخوێنیتەوە .

٢- لە خوێندنەوەدا پەیڕەوەی ڕیزبەندی بکە :

زۆر لەخۆت مەکە لەسەر خوێندنەوەی

چەند لاپەڕەیەکی دیاریکراو ، بەڵکو پلە بە پلەو بە ریزبەندی بڕۆ ئەوا ڕۆژ لەدوای رۆژدەبینیت زیاتر دەخوێنیتەوە ، چونکە هەست بە چێژی دەروونی و بەرزبوونەوەی ئاستی ژیری و فراوانبوونی لایەنی هزری و زانستی و بەهێزی کەسایەتی و لۆژیك و بەڵگەو پێگەیشتویی لە بڕیار و ڕێنمایی و دانایی لە ژیان و گوزەراندا دەکەیت، ئەمەوهەرگیز زۆر لە خۆت مەکە تا هەموو کتێبەکە بخوێنیتەوە بەڵکو ئەو بابەت و باسانە هەڵبژێرە کە گونجاوە لەگەڵ حەز و بایەخدانەکانتدا ، گەر هەمووشت خوێندەوە ئەوا دسکەوتێکی باشە .

٣- فێری ئامرازی خوێندنەوەی خێرا ببە.

ئەمەش لە بەخششەکانی خوای گەورەیە لەم سەردەمەدا دەبینین کاتەکان کورت دەکرێنەوە و زیاتر سودی لێ دەبینرێت و توانای مرۆڤەکان بەرز دەکرێنەوە لە خوێدنەوەدا بۆ دە ئەوەندەی وزەو تواناکانی پێشتری یان زیاتر لەوەش ، ئەمەش وا دەکات هەڵیکی گەورەمان لەبەردەستدا بێت بۆ ئەنجامدانی خوێندنەوەیەکی زۆر لە کاتێکی کورتدا .

٤- تێبینی و راوبۆچونەکانی خۆت لە پەراوێزی کتێبەکەدا تۆمار بکە بەمەبەستی لەبەرکردن یان پێداچوونەوە. لەکاتی خوێندنەوەدا با پێنوسێکی ڕەساس هاوەڵت بێت ئەو خاڵانەی مەبەستە تۆماری بکە ، سەرەڕایی زانیارییە گرنگ و نوێیەکان . ئەونوسینانە یارمەتیدەرێکی باشن بۆ لەبەرکردن و پێداچوونەوە ، سەرەڕایی ئەمانە یارمەتیدەرێکی باشن بۆ بەخێرایی گەڕانەوە بۆ ئەم دۆسیەیە و دەرهێنانی ئەو سودانەی کە کورتت کردۆتەوە لە کتێبەکەدا ، شانبەشانی راو و بۆچونە کەسیەکانی خۆتدا.

٥- ستراتیژیەتێکی تەواو و تەواکار بەکاربهێنە لە نێوان کتێب و پێگەی ئەلیکترۆنی و

خوازیارم خوێنەری بەڕێز پێداچونەوە بە نەریت و ڕەفتارەکانیدا بکات و پەیوەندیەکی باش لەگەڵ چاکترین هاوڕێی زەمانەدا ببەستێت کە (کتێب)ە

شتێك لە هەموو شتێك بزانە و لە شتێکدا هەموو شتێك بزانە

کاسێت و بەرنامە وێنە دارەکاندا . ئەمرۆ زانست و زانیاری پێشکەوتنێکی سەرسوڕهێنەریان بەخۆوە بینیوە لە شێوازە جیاواز و هەمە رەنگەکاندا وەك کتێب ، رۆژنامە ، گۆڤار ، پێگەی ئەلیکترۆنی ، خولی راهێنان ، کاسێت بەرنامەی وێنەیی ......هتد لێرەدا جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە گرنگە سود لە هەموو شێوازەکانی زانست و زانیاری وەربگرین بۆ دروست بوونی هوشیاریمان و بەدیهێنانی پێشکەوتن لە بیر و رەفتار و لۆژیك و ڕێگاکانی ژیاندا لەسەر ئاستی تاك و کۆمەڵگا .

٦- بیر لە خوێندنەوە بکە لە کاتەکانی چاوەڕوانی و ساتەکانی هاتوچۆ و گەشتکردندا . زۆر جار چاوەڕوانی لە فرۆکەخانەو نەخۆشخانەو هاتوچۆدا توشمان دەبێت ، جا پێویستە لەسەرمان نەریتی بەفیڕۆدانی کات لابەرین و ئەو ماوانە بەکاربێنێن بۆ خوێندنەوە و بەرزکردنەوەی ئاستی خودی خۆمان ، دەشێت لە خولەکێکدا زانیاریەکی وات دەست کەوێت سەراپای ژیانت بگۆڕێت لە ئاستێکی نزم و نەوییەوە بۆ ئاستێکی بەرز و باڵا . ژیان لە کۆتادا وشەیەکە یان دەستەواژەیەکە یان چیرۆکێکە یان رووداوێکە دواتر گۆڕانکاری و گەشەپێدان و سەرکەوتن و بلیمەتی دێت .

٧- سود لە بژاردە تەکنەلۆژیا نوێیەکان وەربگرە بەمەبەستی دەستخستنی کتێبی ئەلیکترۆنی . ئامێری پەیوەندییە نوێیەکان چەندین بەرنامەی گرنگی خستۆتە روو بۆ بەدەستهێنانی زانیاری و ئاسانی پارێزگاری کردنی و سود بینین لێی و دروستکردنی کتێبخانەی ئەلیکترۆنی ، جا ئەم بەخششە فەرامۆش مەکەوسودی لێوەرگرەو بەکاری بێنە بۆ قازانج و خێری دونیا و دوارۆژت.

٨- هەر بوارت نەبوو کورتکراوە

و پوخت کراوەکان بخوێنەرەوە . گەر زۆر خەریك و سەرقاڵ بوویت یان لە ژێر فشاری کاردا بوویت ، بزانە کارەکانت یان بازرگانیەکەت یان ژیانت بەرەو پێش ناچێت تەنها بە خوێندنەوە و گەشەپێدانی بەردەوام نەبێت ، هیچ کات بەهانەت نییە بۆ نەخوێندنەوە ، بۆ ئەم مەبەستە چەندین کورتکراوە و پوختکراوەی کتێبە گرنگەکان و توێژینەوە و لێکۆڵینەوەکان هەن ، سوڕ بە لەسەر خوێندنەوەیان و سود ببینین لێیان ، چونکە خوێندنەوەی ئەو پوختە کراوانە زۆر چاکترە لە نەخوێندنەوە .

٩- لە بژاردەکاندا سوڕ بە لەسەر ئەو شتانەی بەسودن و ئاستت بەرز دەکەنەوە . لەمڕودا بژاردەکان لەبەردەستماندا زۆرن ، هەیانە کتێبی بەسود و گرنگ و بەبایەخ کە پیتەکانی بە ئاوی زێڕ نوسراونەتەوە لە بوارە مەعریفییە جۆراوجۆرەکاندا ، دوور کەوە لەو کتێب و بابەت و ڕۆمان و چیرۆکانەی کە جگە لە زیان هیچ سود و سەنگ و بایەخێکی نییە ، چونکە نە بیروکەیەکت پێ دەبەخشێت و نە کەسایەتی و نە ئایندە . دوورکەوە لەو کتێبانەی کە لادانی هزری یان لادانی بیروباوەڕ یان ونبوونی کۆمەڵایەتی و ڕەوشت و بەهاکان لەخۆدەگرێ ، مەچۆرە نێو ئەم بابەتانەوە مەگەر دوای ئەوەی ئاست و توانای ڕۆشنبیری وهزریت لە ئاستێکدا بێت بتوانیت بەدڵنیاییەوە بە نێو کێڵگەی مینەکانیاندا تێپەڕیت .

١٠- لەو خەرجیە کەمەی لەبەردەستتدایە کتێبخانە گەورەکەت دامەزرێنە . با بەرنامە و پلانێکت هەبێت مانگانە بەشێك لە داهاتەکەت بەکاربێنیت بۆ کرینی کتێب و نامیلکە و گۆڤار و بابەتی تری زانستی ، دەبینیت پاش چەند ساڵێك بویتەتە خاوەنی کتێبخانەیەکی جوان و قەشەنگ و بەسود بۆ خۆت و خانەوادەو خزم و هاوڕێیانت ، بەمەش بنەمای نمونەی خێزانێکی ڕۆشنبیر دادەمەزرێنیت .

١١- پێش ئەوەی هەر ئەزمونێکی نوێ ئەنجام بدەیت خۆت پڕ چەك بکە بە خوێندنەوە لەو بوارەدا . هەر هەنگاوێك دەنێیت یان هەر ئەزمونێك لە بواری بازرگانی ، وەبەرهێنان ، بەڕێوەبردن ، یان کارکردن ،لە بواری کشتوکاڵی ، پیشەسازی ، گەشتوگوزاردا یان هەر هەنگاوێك دەینێیت لە ژیاندا لە پێکهێنانی ژیانی هاوسەری یان منداڵ بوون یان پەروەردەکردن ، هەوڵی خوێندنەوەی چڕ و بەسود بدە لەو بوارەدا ، چونکە گەر وانەکەیت ئەوا لەو بوارەدا سەرکەوتوو نابیت .

١٢- جیاواز بە لە هاوەڵەکانت با کتێب هاوڕێی بەردەوامت بێت ، گیرودەی ڕۆشنبیری میللی نەرێنی مەبە و بایەخ بە قسەو قسەلۆکەی هەندێك لە خەڵکی مەدە ، بەردەوام جیاوازی ئەرێنی بەو پێشەنگ بەو ئاڵای پێشڕەوی و سەرکردایەتی کردن بەرز بکەرەوە .

بەخوێندنەوە مرۆڤ هەست بە چێژی دەروونی و بەرزبوونەوەی ئاستی ژیری و فراوانبوونی لایەنی هزری و زانستی و بەهێزی کەسایەتی و لۆژیك و بەڵگەو پێگەیشتویی لە بڕیار و ڕێنمایی و دانایی لە ژیان و گوزەراندا دەکەیت

١٣- شتێك لە هەموو شتێك بزانە و لە شتێکدا هەموو شتێك بزانە . هەموو شتێك بزانە لە پسپۆڕییە تایبەتیەکەی خۆتدا ، هەوڵبدە بەهێزبیت لە رووی زانستی و هزریەوە وخاوەن بەڵگە و سەلماندن بیت لەو بوارەدا ، لە زانستەکانی تریشدا شتێك بزانە لە هەر شتێکدا .

١٤- خاوەنی خوێندنەوەیەکی رەخنەگرانەو عەقڵێکی کراوە و شرۆڤەکار بە . با بەهرەی خوێندنەوەی رەخنەگرانەت هەبێت ، هیچ وتە و دەستەواژەیەك قبوڵ مەکە ئەگەر سەلماندن و ئەزموون وبەڵگەی شەرعی و زانستی لەسەر نەبێت ، با خاوەنی فلتەرێکی بەهێزی هەستیار بیت ، نەهێڵیت شتی گوماناوی و خراپی توێژەر و نوسەران و نەزانان و گومڕاکان و خاوەن ئارەزووەکان بچنە نێو هەست و بیرتەوە ، بەهرەی ڕاڤەکردن و هەڵێنجان لەخۆتدا کارا بکە .

١٥- دوا کتێبێك کە خوێندوتەتەوە بۆ کەسانی تری باس بکە . چەند جوانە ببیە سەرچاوەی زانست و بیر و مەعریفە و سود بۆکەسانی دی و ئەوەی پێی گەیشتوی و تێیگەیشتووی بیگەیەنیتە کەسانی تر ، باسی ئەوەیان بۆ بکەیت ئەو شتە گرنگانەی کە خوێندوتەتەوە و ئەو سودانەی کە لێت بینیوە ، با دوا کتێب یان دوا وتار کە خوێندوتەتەوە تەوەر و دەروازەی گفتوگۆ و مشت و مڕی بەرهەمدار بێت بزانە ئەوانەی دەوروبەرت هەمویان پێویستیان دەبێت بە و گەنجینە زانستییەی کە هەڵتگرتووە ، بزانە زەکاتی زانست فێرکردنی کەسانی ترە .

ئامادەکردنی : ئەمیر ئەحمەد عەبدولقادر
amirkoy@yahoo.com



# *پێنج تایبەتمەندی .....نیشانەی تیمی نایاب

بە درێژایی چواردەیە دامەزراوەی (غالوب) لە تیمەکانی سەرکردایەتی دەکۆڵییەوە، ئەگەر بمانەوی لەو کارە کۆمەڵێك سیفاتی بنەڕەتی پوختە بکەین کەبوونیان بۆکۆمەڵێکی بەرز و بەتواناپێویستە، لێرەدا بەکورتی ئەو سیفاتانە باس دەکەین:

یەکەم:. ناکۆکی و دووبەرەکی لەناو تیم و کۆمەڵە بەهێزەکان لاوازیان ناکات ، چونکە کۆکن لەسەر دەرئەنجامەکان بە پێچەوانەی ئەو بۆ چوونە باوە ، ئەوتیمانە زیاتر سەردەکەون ئەوانەنین کە بەردەوام ئەندامەکانی رێکدەکەون،بەڵکو بە جیاوازی و ئاڵوگۆری بیر و رای تەندروست ناسراون ، ولەزۆر کاتیشدا گفتوگۆ و دەمەقاڵەی گەرم دەکەن.

ئەوەی دەستەی بەهێز لە دەستەی کەم توانا جیادەکاتەوە ئەوەیە کە جیاوازی و دەمەقاڵی نابێتە هۆی لێك ترازانیان.

لەکاتی تەنگانەدا لەجیاتی کەنارگیری و خۆشاردنەوە ئەو کۆمەڵانە زیاتر بەهێز و پتەوتر دەبن.

لەو هۆیانەی تیمە دروستەکان بەرەو گەشەکردن و سود وەرگرتن لەجیاوازی و ناکۆکیەکان دەبات ئەوەیە کە بە کۆی دەنگ پێداگری دەکەن بەرەو ئەنجامەکان،هەروەکو چۆن پرشنگی روناکی لەتیشکی لێزەری یەك دەگری و چر دەبێتەوە.

هەردەم تیمە جیاوازەکان هەوڵ دەدەن بۆ سەلماندنی بەرچاوەکان و پێدراوەکان و هەوڵ دەدەن پابەندی بابەتیانەبن هەرچەند لەتوانا دابێت، لەئەنجامی ئەوەش کەسەکان لەگەڵ بیر و بۆ چوونی جیاوازیاندا لە داواکردنی ڕاستەقینە بە یەکگرتوویی دەمێننەوە. ئەندامانی تیم مشتومڕدەکەن و ڕای جیایان هەیە ،بەڵام لەلایەك ڕادەوەستن.

بە پێچەوانەی ئەمەوە دەبینین لە کۆمەڵە بێ تواناکان ناکۆکیەکان ڕێ ڕەوێکی کەسی وەردەگرن،دابڕانی تاکەکەسی بەیەکدا کێشراو تیایدا سەرهەڵدەدات و بەردەوام بەربەست و ڕێگر پەیدادەبن.

دووەم:. تیم و کۆمەڵە بەهێزەکان کاران لەرێکخستنی یەکەمەیاتییەکانیاندا.

جێ بەجێ کردنی بڕیاری دەرچوو بەر پرسیاریتی هەموانە تەنانەت نەیارەکانیش

لەگەڵ بوونی ڕکابەری لەسەر داهاتەکان و لەسەر سەلماندن و جێ بەجێ کردنی بیرو بۆچوونە جیاجیا کان ئەوا کۆمەڵە بەتواناکان خاوەن تێڕوانینێکی ڕۆشن و ئامانجی هەرگەورە و لە پێشینەی ڕێکخستنیان لە بەرچاو وون نابێت.

لەو تیمانە دەبینین ئەندامان بەردەوام لە توانایان دایە ڕێکخراوەکەیان لەباشترین باردا بهێڵنەوە پێش ئەوەی بۆ خۆیان و دەسەڵاتیان چاکی بکەن.دەست بەجێ کەبڕیارێکدرا ئەو کۆمەڵە پەلەدەکەن لە دووری و جێ بەجێ کردنی .لە دەستەیەك کەئیشمان لەگەڵ کردن مشتومڕێکی زۆر دەربارەی وەبەرهێنان ئەنجام درا ئەویش لە بیرۆکەیەکی گەورەی نوێ دابوو .دوای چەند مانگێك لە هێنان و بردن پێش بینی دەکرا لە چۆن کە دەمە قاڵەکەی دۆڕاند هەروەکو بەتەکنیکی دەردەکەوێت بەبێدەنگی دابنیشێ و بەناچاری گوێ بیستی بڕیاری کۆتایی بێت کە پێچەوانەی ڕاکەی ئەو بوو . بەڵام هەروەکو چۆن لە هەموو تیمە بە هێزەکان کە لێمان کۆڵیونەتەوە،بینیمان چۆن بەپەلە حاڵەتی مشت و مڕەکە وەلادەنێ و بەگوڕجی دەپرسێ: چەند داهاتتان پێویستە لەمن تاوەکو ئەم بڕیارە بە سەرکەوتویی جێ بە جێ بکرێ؟

کاتێك بڕیارێك دەدرێ ئەوا ئەندامانی تیمی سەرکەوتوو بە گورجی هاوکاری یەکدی دەکەن لە هێنانەدی سەرکەوتن بۆ هەریەکێکیان و بۆ ڕێکخراوەکەش. هەڵوێستی تەماشاچی لەکەسانی تر لەکەس قبوڵ ناکرێت ، یاخود بە شێوەیەکی سەرزارەکی لەگەڵدابوون، ئەوا باسی بەربەست پەیداکردن هەرمەکە. بەبیانووی ئەوەی ئەوان لەسەری دەڕۆن ڕازی بوونی ئەوی لەسەرنییە.

سێیەم: ئەندامانی کۆمەڵە بە هێزەکان پابەندن بەباشی ژیانی کەسێتی خۆیانەوە هەروەکو چۆن پابەندن بەباشی ئیش و کارەکانیانەوە.

ئەندامانی دەستەی بەرهەم هێنەر بە درێژایی ساتەکان و دژواری کات و قورسی بەرپرسیاریتی یەکان کاردەکەن. هەندێ جار لە هەفتەیەکدا لە شەست کاتژمێر کاردەکەن و سەفەری زۆردەکەن،بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا پارێزگاری لە ژیانی سروشتی و هاوسەنگی خۆیان دەکەن. کاتیان هەیە بۆ ئەوەی لەگە ڵ خێزانەکانیان هەرچیەك پێویست بێ ئەنجامی بدەن.وەکو ئەو هەوڵ و تەقەلایەی دەیدەن لە کۆمپاکانیان هەروەهاش هەوڵ و کۆششێکی ڕێك و پێك و بەردەوام لەچالاکیەخێزانی یەکان و کۆمەڵایەتی یە جیاوازەکان دەدەن.

**ناکۆکی و ڕاجیایی تیم و کۆمەڵە بەهێزەکان لاوازیان ناکات، چونکە کۆکن لەسەر دەرئەنجامەکان، تیمی سەرکەوتوو ئەوانە نین کە بەردەوام ئەندامەکانی هاوڕان، بەڵکو بە جیاوازی و ئاڵوگۆڕی بیروڕای تەندروست ناسراون، و لەزۆر کاتیشدا گفتوگۆ و دەمەقاڵەی گەرم دەکەن، جیاوازیش نابێتە هۆی لێکترازانیان**

کاتێك چاومان بە ( مارفن دیفیز) کەوت کە بەڕێوەبەری بانکێکی سەرکەوتووە پێ ی گوتین: ئەو هەست بەشانازی دەکات کاتێك لەگەڵ هاوسەر و منداڵەکانی کات بەسەردەبات وەکو ئەو شانازییەی هەستی پێ دەکات کاتێك دەبینێ ئیش و کارەکانی بانکەکەی بەسەرکەوتوویی ئەنجام دەدرێت.ڕەنگە سەرنجدەرێکی دەرەکی سەرسام بێ کاتێك گوێ بیستی دیفنز دەبێت کەباسی هەوڵی بێ وچانی دەکات بۆ تەرخان کردنی تەواوی ٪١٠٠ بە خێزانەکەی کاتێك لەگەڵیان دادەبێ لە ڕۆژانی پشوودا. دیفنز تەنها بە خۆی ناوەستێ بەڵکو ئەوبنەمایە دەگەیەنێتە هەموو کارمەندەکانی و هانیان دەدات کە خێزان لەبەرایی کار و بارەکانیان دابنێن.

توێژینەکەمان ئاماژەبەوەدەکات کە کۆمەڵەو دەستە سەرکەوتووەکان لە ئەندامانێك پێك دێن کە دەست لەمل کار و تێکەڵ بوونیان لەگەڵ ئیش کۆی کردونەتەوە و لە ژیانی کەسایەتییان زۆر ڕازین.

بە پابەند بوون بەم پێوەرە کە وا دیارە ئەستەمە لای کەسانی دی ئەم کۆمەڵانە سەرنجی کەسانێك ڕادەکێشن بۆلای خۆیان کە دەیانەوێ هەمان شت ئەنجام بدەن، و ئەو کۆمەڵەو ئەندامانی دەبنە پێشەنگێکی نموونەیی بۆ تەواوی ڕێکخراوەکە.

چوارەم. ئەندامانی کۆمەڵە بە هێزەکان حەز لە فرەڕەنگی دەکەن و داهێنانی تێدا ئەنجام دەدەن:

لەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتی لە کۆمپانیا سەرکەوتوو داهێنەرەکان لەسەرانسەری جیهان کارەکانمان ڕاستی یەکی ساکاری بەدی کرد: پێکهێنانی دەستەیەك لەچەند تاکێك کەبەڕێگەیەکی چوونیەك سەیری کار و بارەکان دەکەن

و لە پاشخانی کلتوری و پەروەردەیی لێک نزیک گەشەدەکەن و لەڕێڕەوی وەکویەک شانازیی و پسپۆڕی کاریان پێک دەهێنن ، ئەوە بنچینەی دروستی سەرکەوتن نییە.

توێژینەوەکەمان ڕونی کردۆتەوە کەتیمەکانی سەرکردایەتی پێویستیان بە هێزی هەمەچەشن هەیە. نموونەیی،ئەوە پێویستی یە بە تاکی واهەیە تێکەڵەیەکی هاوسەنگی لایەنەکانی هێز و ڕەهەندەکانی سەرکردایەتی هەڵبگرێت.هەمەجۆر تەنها لە خاڵە هاوسەنگەکانی هێز کورت ناکرێتەوە بەڵکو لێکۆڵینەوەکەمان پێمان وابووە ئەوە کۆمەڵانەی ئەندامەکانیان زیاتر لەگەڵ کۆمپانیا (engaged) پێکەوە گرێ دراون خۆشحاڵ بەفرەچەشنی لەتەمەن و ڕەگەز و وەچە، بەلام کۆمەڵەلێک ترازاوەکان ( diseugaged ) بە پێچەوانەی ئەمەن.

بۆ نموونە: توێژینەوەکەی ( غالوب) ئاشکرای کردوە ئەندام لە کۆمەلی لێکترازاو ئەگەری بیرکردنەوەی باش و نەخشەدانانی هەیە بۆ وازهێنان لە کارەکەی بەرێژەی ٣٣٪ ئەگەر بەرێوەبەرەکەی لەوەچەیەکی تربێ ( کاتێک حالەتی ئەو بەراورد بکرێ بە حالەتێک کە بەرێوەبەرەکەی لە هەمان وەچەبێت) بەلام کاتێک سەیری کۆمەڵە تۆکمە و بەهێزەکان دەکەین دەبینین خەلکی زیاتر پابەند ی مانەوەن لەگەل کۆمپانیا. هەر چەند کەمێك زیاتر. ئەگەر بەرێوەبەر لە وەچەیەکی جیاواز بێت. یانی ئەوەی پاڵ بە ئەندامی ڕاراوە دەنێ بۆ وازهێنان و ڕۆیشتن ،پاڵ بەئەندامی تۆکمەو بەهێزەوە دەنێ بۆ مانەوە.

کۆمەڵە زۆر تۆکمە و بەهێزەکان لە دیدگای هێزی شاراوەی ئەندامەکانیەوە سەیریان دەکات نەك تایبەتمەندیە دیارەکانی جەستەیان. ئەو بنەمایە کۆمەڵەکە کە لەسەر توانستی مرۆڤەکانی چڕدەکاتەوە و تا کەمترین ڕادەی لە تواناداب‌ی کاریگەری بەربەستە دەرەکیە دروستکراوەکان کەم دەکاتەوە.

پێنجەم:. کۆمەڵە تۆکمەپتەوەکان کێشمەندی بەهرەوتواناکانن:

لە کۆمەڵێک دەگەڕێم هەرکەسێك بیناسێ ئارەزووەدکات بچێتە ناوییەوە و زۆربەی جار خۆت لەبەردەم تیمێکی بەهێز دەبینیەوە. ڕەنگە لای هەندێ خەلك تێگەیشتنی ئەوە قورس بێ ، بۆچی هەر یەکێك حەزدەکات بچێتە پال کۆمەڵێك یان دەستەیەکەوە کە کاری زیاتر و گرانتر دەبێ ئەنجام بدات ، لەئەندامەکانی چاوەڕوان ناکرێت (دەسبەجێ پاش بەئەندام بوونیان) بێجگە لە جوانترین پێوەر لە هەمووشتێك دا. سەرسامیەکە زۆر توندتر دەبێ کاتێك تەماشای تیمێکی سەرکەوتوودەکەین لە ژینگەیەکی زۆر ڕکابەرێتی و لە حالەتێکی پرسیارکردنی زۆر لەسەر ئەنجامەکان.

سەرەڕای ئەو هەموو فشار و ئەرکە قورسانە باشترین خاوەن تواناکان زیاتر ئارەزووی بوون بەئەندام لەم کۆمەڵە سەرکەوتووانە یان هەیە.ئەوان پێیان وایە ئەوە شوێنە زیاتر جم وجوڵ و سەنگی هەیە و تواناکانیان لەوێ بەگەڕ دەخرێ ،و گونجاوترین شوێنە بۆ بەرجەستەکردنی توانستە سەرکردەیی یەکانیان و دەرکەوتنی کاریگەری و بەهای ئەو شتەی دروستی دەکەن. بەم شێوەیە بەرەنگاریان و بەرپرسیارێتی یەکان نایانترسێنن تاکو ڕابکەن، بەڵکو بێ وچان هەوڵ و کۆشش دەکەن بۆ چوونە ناو ئەم کۆمەڵانەوە.

بە گوتەی ( کوفی عەنان) ی ئەمینداری پێشووی نەتەوە یەکگرتووەکان ( لە دیدارێکی سەرکردەیی لەگەڵ غالوب بنیات نانی تیمێکی تۆکمەو بەهێز لەناو ڕێکخراوەکە هەمان پێکهاتەی پێوویستە کە دروست کردنی تیمێکی تۆپی پێ ی بە هێز پێوویستی یەتی.

کوفی عەنان هانی تیمەکان دەدات بە شێوەیەکی هەما هەنگی و کۆمەڵی یاری بکەن بەلام بە پەلەش گرنگی ئەوە بیر دەخاتەوە (( ئاماژە و پێکەوە گرێ درانی تاکەکەسی)) عەنان ئاشکرای دەکات : هەر چەندە تاکە پێکەوە گرێ دراوەکان بەرەو ئامانج دەچنە پێشەوە ئەوا ئەو بەهرە تاکەکەسیانە هەموو کۆمەڵەکە بە هێز دەکات. لە ئەنجامی ئەوەش ، تیمە سەرکەوتووەکان کاریگەری باشیان دەبێ کەتەواوی ڕێکخراوەکە دەگرێتەوە

بنیات نانی تیمێکی بەهێز پێویستی بە بڕێکی زۆر لە کات و تێکۆشان هەیە. بێگومان کۆکردنەوەی جۆرەکانی هێزە گونجاوەکان خاڵی دەسپێکی باشە بەلام بەتەنها بەس نییە.تاکو تیمەکە دەتوانێت بەبەردەوامی گەشەبکات پێویستە لەسەر سەرکردە وەبەرهێنانی بەردەوام بێت لە خاڵە بەهێزەکانی هەر ئەندامێك و بنیات نانی پەیوەندیەکی باشتر لە نێوان ئەندامانی تیمەکە.کاتێك سەرکردە دەتوانێ ئەوە ئەنجام بدا ئەوە بوار بەئەندامانی تیمەکەی دەدات و کاتی بەنرخی زیاتریان دەداتێ بۆ ئەوەی لە بیرکردنەوەیەکی بەرهەم دار بەکاری بهێنن لە دۆزینەوە و بە جێهێنانی پێداویستی یەکانی خەلکی کە ئەرکی خزمەتکردنی ئەوانیان گرتۆتە ئەستۆ.

*لە کتێبی (streugths Based Leadership) وەرگیراوە، کە هەردوو توێژەر ( تۆم راپ ) و (باری کۆشنی) لە دامەزراوەی غالوب (Gallup) دایان ناوە.

ئا : هیوا بلباس




# شۆڕشی زانیارییەکان یان ئاژاوەی زانیارییەکان

لەم سەردەمەی کە ئێمە تێیدا دەژین ، مرۆڤایەتی نوقم بووە لەنێو شەپۆلێکی گەورەو فراوانی زانیاریەکان ، کە ئەمیش دەگەڕێتەوە بۆ جۆراوجۆری و زۆری ژمارەی ئەو سەرچاوانەی کە زانیارییان لێوە دێت ، بەجۆرێك کەسی وەرگر کاتێك بیەوێت لە بابەتێك یان کێشەیەك بگات و تێگەیشتنێك بۆخۆی دروست بکات وبۆچوونێك دەرببڕێت ئەوا زۆر زەحمەتە لەسەری و دووچاری شەکەتی و ڕاڕاییەکی زۆر دەبێتەوە تا بە ئامانجەکەی دەگات ( لەوانەشە هەرپێی نەگات ) . هەر ئەمەش بوو وای لە هەندێ نووسەری وەکو بێرترام گرۆس لە کتێبی ( إدارە المنظمات ) The Managing of Organization ) و ئالڤین تۆفلەر لە کتێبی ( صدمە المستقبل Futur Shock ) کرد کە زاراوەی (Information Overload ) بەکاربهێنن کە بە (مانای بارکردنی زانیاری لەتوانابەدەر) دێت بەشێوەیەك کەسی بەرامبەر زۆر بەقورسی دەتوانێت زانیاری فرەسەرچاوەکان هەرس بکات و شتەکان لەیەکتر جیابکاتەوەو هەڵوێستی ڕاست ودروست وەربگرێت.

ئەمڕۆ کاتێك یەکێك بیەوێت لەسەر بابەتێك بنووسێت یان لێکۆڵینەوەیەك ئەنجام بدات جا چ لەبواری کۆمەڵایەتی یان سیاسی یان ئابوری بێت ئەوا بۆ تێرو تەواوبونی بابەتەکەی وسەرکەوتوو بوون لە کارەکەی ، لەسەریەتی ڕووبەڕووی دەریایەك لە زانیاری پەڕاوی ( ورقی ) وئەلیکترۆنی بێتەوە بۆ ئەوەی پەی بە هەموو لایەنەکانی ببات و ئاگاداری گشت ڕەهەندەکانی بێت ، ئەمەش وای لێ دەکات کە کاتێکی زیاتری بۆ تەرخان بکات و ماندوو بوونی زیاتریش ببینێت.

لە ڕابردوودا تەنیا کتێب و گۆڤارو ڕۆژنامەکان سەرچاوەی وەرگرتن و هەڵێنجانی زانیاری بوون وکاریگەرییان هەبوو لەسەر ئاشناکردنی مرۆڤ بە جیهانی دەوروبەری و دیاریکردنی دیدو هەڵوێستەکانی ، پاشان کەناڵە تەلەفزیۆنیە ئاسمانیەکان هاتنە پێش کە لایەنێکی فراوانی ئەم دەریای زانیاریانەی گرتۆتەوەو لەهەر بوارێکی کە مەبەستت بێت چەندین کەناڵ هەیەو بەگشت زمانە زیندووەکان ، بەڵام کەناڵە تەلەفزیۆنیەکانیش یەك لایەنە کاردەکەن و مرۆڤ بەرامبەریان تەنها وەرگرە جگە لە هەندێك سەرنج و ڕادەربڕین لەرێگای بەرنامە ڕاستەوخۆکان.

ئەنجا تۆڕی جیهانی ئینتەرنێت هاتە کایەوە کە ئاسۆکانی زۆر فراوان کرد و دەرگاکانی بەرەو ڕووی گشت جیهان واڵا کرد ، بەبەردەوامی لەرێگای ملیۆنان سایتی جیاوازەوە لێشاوی زانیارییەکان دەڕژێتە سەر شاشەی کۆمپیوتەرەکان ، وە چەندین سایتی بزوێنەری گەڕان بەدوای زانیارییەکان لە نموونەی ( گوگڵ ) کە تەنیا بە نووسینی یەك وشەی مەبەستدار چەندەها ئەنجام و سەرچاوەت پێدەدات ، هەروەها چەندین سایتی تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی وەکو ( فەیسبوك و تویتەر ) کە تیایدا خەڵك ڕاوبۆچوونەکانیان ئاڵوگۆڕ دەکەن و جۆرەها زانیاری بەیەکتر دەدەن ، وە سایتی ڤیدیۆ تۆمارکراوەکان ( یوتیوب ) و بەرنامەی پەیوەندی ڕاستەوخۆی دەنگ و ڕەنگ ( سکایپ ) و چەندەهاو چەندەهای تر.

جا لەم نێوەندەداو بەرامبەر بەم لافاوە یان وپۆڕەی زانیارییەکان ، خەڵکانێکی زۆر هەن سەرسام دەبن و ناتوانن وورد ببنەوەو قووڵ ببنەوە بە بابەتێکی دیاریکراو و پسپۆری تێدا بەدەست بهێنن و بەرهەمی هەوڵ و

کۆششەکانیان ببینن . گرفتێکی تر کە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە بەهۆی زۆری سەرچاوەکانی زانیاریدان بریتییە لەوەی کە زۆرجار ئێمە بە هەندێك زانیاری لاوەکی و (فضولی ) یەوە خەریك دەبین و کاتەکانمانی بەهۆیەوە بەفیڕۆ دەدەین کە هیچ گرنگیەکی بۆ ئێمە نییەو لەوانەیە دووچاری سەرئێشەو سەرلێتێکچوونیشمان بکات . هەندێك کەسی تر بە پاڵنەری ئەوەی کە گوایە پێویستە لە هەموو بابەت وبوارێك شتێك بزانێت و زانیارییەکی لەسەر هەبێت ، بەم پاساوە ڕۆژانە سەیری سەدان کەناڵی ئاسمانی و سەردانی سەدان سایتی ئینتەرنێت دەکات ، بەڵام لە کۆتاییدا ئەنجامەکەی ئەوەیە کە بیرو ئەندێشەی تێك وپێك دەچێت و هیچی بۆ نامێنێتەوە ، لەوانەیە لەسەریشی قەرزدار بێتەوە!

جا بەهۆی موتابەعەکردنی بەردەوامی بۆ کەناڵە تەلەفزیۆنیە جۆراوجۆرەکان و سایتە لەژمارەنەهاتووەکانی ئینتەرنێت ، ئەوەندە کاتەی بۆ نامێنێتەوەو فریاناکەوێت و هێزو وزەی لێ دەبڕێت تا کتێبێکی بابەتیی بەسوود بخوێنێتەوەو سەیرێکی گۆڤارو ڕۆژنامە نزیکەکانی دەوروبەری خۆی بکات و بزانێت داخوا لە ژینگەکەی خۆی چ دەگوزەرێ !؟

لەکۆتاییدا دەڵێم هەرچەندە زۆری هۆکارەکانی گەیاندن و بڵاوکردنەوەو خستنەڕووی زانیاریەکان خۆی لەخۆیدا نیعمەتێکەو شتێکی ئیجابییەو ئاسانکارییەکی زۆری تێدایە بۆ کەسانێك کە بتوانن لەگەڵیدا هەڵسوکەوت بکەن ، لەهەمان کاتیشدا کەسانی سادەو کەم ئەزموون تەنیا ماندووبوون و ماڵ وکات بەهەدەردان و بێ سەرەوبەرەیی بەشیان دەبێت.

سەرچاوە : گۆڤاری ئەلیکترۆنی (افاق العلم)

ژمارە ٣٥ ئایار – حوزەیران ٢٠١١



# چاوەکانت دابخە و پاشان بیکەرەوە

ئا : هاوڕێ یاسین

بۆ ماوەیەکی کەم چاوەکانت دابخە و بیر لەوە بکەرەوە کە تا ئێستا لە ژیانتدا چیت پێشکەش کردووە و چی دەمێنێتەوە لە پاش مردنت . چیت پێشکەش کردووە بۆ ئاینەوە نەتەوەکەت دەسکەوتەکانت چین لە ژیاندا.

ئایا بەشدار بوویت لە دروستکردنی مزگەوتێك یان نەخۆشخانەیەك یان قوتابخانەیەك .

ئایا کەفالەتی منداڵێکی هەتیوت کردووە .

ئایا شتێکت وەقف کردوە .

ئایا کەسێك لەسەر دەستت مسوڵمان بووە .

ئایا تەنها ئایەتێکی قورئانت فێری خوشك و براکانت کردووە .

ئایا کەسێکی سەرکەوتوو بوویت بە جۆرێك کە دەوروپشتەکەت سودیان لە وتە و ڕەفتارەکانت وەرگرتبێت .

ئایا تا ئێستا نوسین و بڵاوکراوەی بەسودت بڵاو کردۆتەوە کە خەڵکی سودی لێوەرگرن .

ئایا چەندین کاری بەسود و باش کە دەبوایە ئەنجامت دایە بەڵام نەتکردووە.

ئێستا چاوەکانت بکەرەوە و سوپاسی خوا بکە کەلە ژیاندا ماویت ، ژیان لە بەردەمتدا ماوەو هەلەکان لەدەستت مەدە ، کار بکە و شتێك پێشکەش بکە ، بێزار مەبە و کار بکە ئەگەر کارەکەش بچوك بوو، چونکە لای خواگەورەیە . هەرگیز مەڵێ کە ناتوانم هێچ پێشکەش بکەم و بەدەست خۆم نیە و سوپاسی خوا بکە کە شتەکان ئامادەن بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیاوە لە ئێستادا دەتوانیت چ کارێکت بوێت ئەنجامی بدەیت . دەتوانیت بانگەواز بکەیت بۆ ئیسلام دەتوانیت کەسێك بکەیت بە مسوڵمان دەتوانیت بە قەڵەمەکەی دەستت کۆمەڵێك کتێب و بابەتی بەسود بڵاو بکەیتەوە و بەهۆیەوە خەڵکی سودی لێببینن. ئێستا بەڵێن بدە و کارەکان دوا مەخە بۆ کاتێکی تر، چونکە لەم ژیانەدا کەس نازانێ تەمەنی کەی تەواو دەبێت و دەمرێت .

و: لە عەرەبییەوە ..... ئازاد مستەفا دیبەگەیی



ئەڵقەی دووەم

# ویست و شکست

زۆرێك لەخەڵكان هەن كەتەمەنیان لەنووستندا بەسەردەبەن.. كاتێكی زۆرو زیاتر لەپێویست دەخەون.. ئەوانەبەسروشتی خۆیان تەمبەڵ نین وەك كەناویان دەبەین.. بەڵام زیادەڕۆییان لەنووستندا كردارێكی بەهێزی ویستی شكستەتیایاندا.

هەندێ كەسی تریش بەخەبەری خەوتوون.. ئەوانەی كەرێگەدەدەن هەلەكان لەبەرچاویان ڕەت ببێت و سوودی لێ وەرناگرن. هەرچەندەهەموو ڕۆژێك و سەعاتێك و خوولەكێك و چركەیەك هەلەكان بانگیان دەكەن.. بەڵام نەچاوەكانیان تروكەدەكەن و نەدڵەكانیان لێدەدەن و نەدەستەكانیشیان درێژ دەكەن بۆ لێكردنەوەی ، بەڵێ لەبری ئەو هەلانەو سوود وەرگرتن لێیان.. خۆیان بەكاروفرمانی بێ سوودو بێ بەرووبووم خەریك دەكەن.. ئەوجۆرەكەسانەش بێگومان ویستی شكست دەیانجوڵێنێت.

هەندێكی تریش لەخەڵكان تەنها بۆخۆیانن و دوور لەخەڵكن و تەنهایی بەباش دەزانن و ڕۆڵ و كاری بەكۆمەڵ ڕەتدەكەنەوە.. لەناو پەڕەكانی كتێب و بەرگەكانیاندا خۆیان نقوم كردووەو بەگاڵتەو گەپ و شیكاری مەتەڵەكان و دۆزینەوەی وشەتێكپەڕیوەكان خەریكن.. ئەوانەش ویستی شكست دەیانجوڵێنێت.

هەندێكی تریش خووگر بوونە لەسەر شەراب و مەی خواردنەوەو بەكارهێنانی ماددەهۆشبەرەكان و جگەرەكێشان.. ئەوانەی مەی و شەراب بەیانی و ئێوارە پەیوەندە پێیانەوەو خەو بۆ بەئاگاییان و مردن بۆ ژیانیان دێنێت.. ئەوانەی باش دەزانن كەدوای مەست و سەرخۆشییان بەخەبەر دێنەوەو لەخراپترین باردا دەبن.. ئەوانەی كەبێگومانن لەوەی زەرەرو زیان بەخۆیان دەگەیەنن، كەچی هەر بەردەوام دەبن لەخواردنەوەی مەی و ماددەهۆشبەرەكان و جگەرەكێشان.. ئەوانەش ویستی شكست دەیانجوڵێنێت.

هەندێكی تریش بەبێهوودە خەریكی خواردن و خۆراكن ئەگەرچی دەشزانن كەزیانبەخشەبۆیان.. خەریكی

خواردنەوەی چاو قاوەن ئەگەر مەزاجیشیان شێلوو بكات.. زۆر ماستاوو دۆ دەخۆنەوەلەگەڵ ئەوەی كرداری هەرسیش زەحمەت دەكات.. خواردن و خۆراكی زۆر دەخون، دەشزانن زگ ئێشەو تەنگەنەفەسیان بۆ دروست دەكات. ئەوانەش ویستی شكست دەیانجولێنێت.

هەندێكی تریش لەسەر چوون بۆ سینەماو شانۆو ئاهەنگەكان راهاتوون و خوویان پێوەگرتووە.. ئەو رۆژەیان پێ خۆش نابێت ئەگەر تیایدا فلیمێك یان شانۆگەریەك نەبینن، یان نەچن بۆ ئاهەنگێك لێرەولەوێ.. ئێمەلێرە رێگرنین لەخۆشی و گاڵتەو گەپ، بەڵام خۆشی و گاڵتەو گەڵ دوای ئەنجامدانی كردارو چالاكی ئەرێنی و دروستكەر دەبێت.. مەبەستیش لێرە ئەو كەسانەیەكەتەواوی ژیانیان بۆ گاڵتەو گەپ تەرخان دەكەن.. ئەوانەش ویستی شكست دەیانجولێنێت.

هەندێكی تریش لەخەڵكان گاڵتەجار و نووكتەباز و قسەخۆش و كاران لەووتەی شیرین و رازاوە.. تەنها مەبەستیان راكێشانی سەرنجی بەرامبەرو مەدح و پێداهەڵگۆتنیانە.. بەكەمی خۆیان هەست ناكەن.. خۆشیان و خەڵكانی دەوروبەرشیان هەڵدەخەڵەتێنن.. بەتایبەتی كەسانی غەریب و نامۆ لێیان.. ئەوانەش ویستی شكست دەیانجولێنێت.

هەندێكی تریش لەخەڵكان لەژێر سێبەری خەڵكانی تردا دەژین.. كەسایەتی و تەنانەت ژیانی خۆشیان سڕیوەتەوە.. نەسوودیان بۆخۆیان هەیەو نەبۆ خەڵكانی تریش.. ئەوانەش ویستی شكست دەیانجولێنێت.

هەندێكی تریش، هەر بۆخۆیان كەسانی سەرنەكەوتوو شكست خواردوون، ئەوانەكاتەكانیان بەكاری لاوازو بێ ماناو هیچەوە كە بۆیی دروستنەكراون، دەبەنەسەر.. ئەوكەسانە وەك ئەوانە وان كەلەسەر پەیژەكاندا یاری و سەما دەكەن، نەسەردەكەون و نەدێنەخوارەوە، نەسەركەوتوو و نەشكست خواردوون.. ئەوانەش ویستی شكست دەیانجولێنێت.

ئەگەر رۆژێك لەخۆمان ووردبووینەوە، سەرسوڕمان دەمانگرێت لەدووبارەكردنەوەی ئەوەی دەیلێین هەموو رۆژێك، رۆژ لەدوای رۆژ .. هەمان بابەت.. هەمان بیروبۆچوون.. هەمان كردار.. وەك ئەوەی لەخوولگەیەكی بۆش و بەتاڵ بسوڕێینەوە.. وەك ئەوەی ئێمەئامێرێكی مرۆڤیی تۆماركردن بین بەداگرتنی دوگمەیەك بكەوینەكارو هەموو شتێك دەربخەین. ئەوكاتەدەبێت بزانین كەئێمەبەویستی شكست دەجوولێینەوە.

لەپێش چاوی خەڵك هەموو كاتێك واپیشان دەدەین كەپڕ ئیش و سەرقاڵین.. وا نیشان دەدەین كەلەوە باشترمان پێناكرێت.. وا نیشان دەدەین كەلەوەزیاترمان پێناكرێت.. وا نیشان دەدەین كەلەكاتەكانماندا تەنها خوولەكێكی بەتاڵیش نیە.. ئەگەر بەئەمانەتەوە لەوانە ووردببینەوە بۆمان دەردەكەوێت كەزۆربەی كاتەكانمان سەرقاڵبووینە بەشتێك سوودی نەبووە.. كاتیش بەسەردەبرێت، بێ ئەوەی شتێكی بەسوودی تیا دەستەبەر بكەین.

قوربانیانی شكست لەگاڵتەجاران و كاركارانی دوور لەپیشەكانیان و ئەوانەی لەگەڵ چالاكیە نەزۆك و بێ سوودەكان تێكهەڵكێش بووینە.. زۆر بەداناییەوە سەركەوتوون لەگومڕاكردن و فێڵ لێكردنی خەڵكان و خۆشیان، بەوەی كەئەوان لەباشترین و بەختەوەرترین كاتەكانی ژیانیانن.. زۆر بەداناییەوە سەركەوتووشن لەگومڕاكردنی ئەوانەی لەدەوروپشتیانن كەناتوانن لەوەباشتر بكەن. ئەوانەبەبیروبۆچوونی من رەزیلن.. (گووتەی نووسەر).

بێنەپێش چاوت كەرەزیلێك دونیایی زۆر خۆش دەوێت.. لەدونیادا هەموو پارەو زێڕو گەوهەرو گەنجینەكانی كۆكردەوەو هیچی بۆ كەس نەهێشتەوە.. ئینجا لەخۆشەویستی زۆری بۆ دونیا.. كاتێك ئەو دەستكەوتانە تەواو بوون دەستی كرد بەكۆكردنەوەی جلی كۆنەو پارچەی كاغەزو زبڵ و پاشماوەو ووردەبەردو چەو.. شكست خواردووەكان بەهەمان شێوەشتەپووچەكان كۆدەكەنەوە.. هەستەخراپەكان و ئەزموونە ماندووەكان و ئەو بیروبۆچوونانەی كەسوودیان نیەكۆدەكەنەوە.. بەڵام جیاوازی لەنێوان رەزیل و شكست خواردوو، رەزیل سەرەتا كەلوپەلە بەهاو بەقیمەتەكان كۆدەكاتەوەئینجا بێ سوود و پووچەكان، بەڵام شكست خواردوو تەنها كەل وپەلی بێ سوود و پووچ.

گرانی ئەو كرداره لێرەئەوەیەكە شكست خواردووەكان سەركەوتوو بوون لەپڕكردنەوەی ژیانیان و بەكاربردنی هەر خولەكێك لەتەمەنیان.. بەڵام بەشتی پووچ و بێ كەڵك كەنەقەڵەویان دەكات و نەبرسێتیان دەشكێنێ.. كاتەكانیان وا بەسەردەبەن كەنەسوود و نەزیانی هەبێت.

بۆیە بەرێز ئەگەر گۆڕانكاریت دەوێت.. پێشتر پیاڵەكەت بەتاڵ بكە..

مێشكت پاك بكەرەوەو بەتاڵی بكەلەهەموو ئەوانەی سوودیان نیەو زیانت پێ دەگەیەنن.. دڵت بەتاڵ بكەرەوەلەهەستەنەرێنیەكان.. ژیانت بەتاڵ بكەرەوە لەهەموو شتەپووچەكان.. پاشان بەوە پڕی بكەرەوەكە تۆ بۆی دروستكراوی.. بەتەواوی بشزانە، منیش بەتەواوی بڕوادارم كەتۆ بۆ هەموو كردەوەجوانەكان و رەوشتەگرانبەهاكان دروستكراوی..

سەرنەكەوتووەكان و شكست خواردووەكان هەرچەند ئامانجەدیارەكانیان جیاو جیاواز بێت.. بەڵام هەموویان هاوبەشن لەئامانجێكی

بێ کەڵک.. لەناخیاندا جێگیر بووەو دەیانجوڵێنێت.. ئەو ئامانجەش ژیانیانی پڕکردووە لەکردەوەی بێ سوود و بێ کەڵک.. بەشێوەیەک کاتی تەواویان نیەئەوەی کەبۆی دروستکراون کاری پێ بکەن.. بەمەش ئەنجامەکەیان دەبێتەشکست.

بێگومان کارێکی قێزەوەرە ئەگەر مرۆڤ پیلانێک بۆ خۆی دابڕێژێ هەتا ئەگەر بەبێ ئاگاییش بێت کەخۆی بخاتە نێوان دداندەکانی شکست.. بەڵام لێکۆڵینەوەکان ئەوەیان سەلماندوە لەنێوان هەر سەد کەس کەسێک، هەیە بەمەبەست خۆی بێکار بکات و بەمەبەستیش خۆی بێدەسەڵات بکات.

لەزانستی دەروونناسیدا بناغەیەکی گرنگ هەیەو دەڵێت: بەپێویست دەزانرێت هەرچی بیروبۆچوونێک هەیەئەگەر پووچ و گاڵتەئامێزیش بێت دەبێت قبوڵی بکەین...

هەروەها لەرێگای خوێندنەوەی زۆرمان بۆ لقەجیاوازەکانی زانستی دەروونناسیدا، ئێمەزۆربەی کاتەکان سەرقاڵین بە خەون وخەیاڵ.. ئەگەر بەهۆش بین یان بێ هۆش.. بەئاگابین یان خەوتوو.. هەموو کاتێکیش خەونەکانمان بەبەختەوەرتر نیشانمان دەدەن لەوەی کەلەراستیدا تێیداین..

یەکێک لەنووسەرەکان دەنوسێت و دەڵێت: (ئێمە بڕوامان وانیە لەئەمڕۆمان هێزێک هەبێت بتوانێت دوێنێی جوان بگۆڕێت یان رکابەری بکات.. ئێمەهەموو کاتێک لەچادرەکۆنەکانمان دەژین.. شوێن و خواردنمان بەبێ هیلاکی و ماندووبوون بۆ دێت.. ئەوە حاڵی ئێمەیە بەهەمووماناوە.. بەڵام ئەو بارەکەمتر دیارەلەلای بەختەوەران و سەرکەوتووان)...

پیاوی شکستخواردوی خەون دیدە لەخەون وخەیاڵیدا دەبێتەناپلیۆن.. ئافرەتی بێ دەسەڵاتی خەون دیدەش

> **زۆرجار لەپێش چاوی خەڵك وایپیشان دەدەین کەپڕ ئیش و سەرقاڵین.. وا نیشان دەدەین کەلەوە باشترمان پێناکرێت.. وانیشان دەدەین کەلەوە زیاترمان پێناکرێت.. وا نیشان دەدەین کەلەکاتەکانماندا تەنها خوولەکێکی بەتاڵیش نیە.. ئەگەر بە ئەمانەوە لەم وتانە ورد ببینەوە بۆمان دەردەکەوێت کەزۆربەی کاتەکانمان بەتاڵەوسەرقاڵی شتی بێ سودین.**

دەبێتەکلێپەیەکی ئاگر هیچ شتێك لەبەر دەمیدا خۆی ناگرێت.. خۆ ئەگەر راستیەکان نەبن ئەو خەونانە بێزار بکەن ئەوا خەون دیدەدڵخۆش دەبێت بەخەیاڵ و خەونەشیرین و بەتامەکانەوە...

ئەو خەونانەی کەهەڵیاندەگرین.. و زۆرجارێك پێیان دەڵێین خەونی بەخەبەری و بەئاگایی.. خۆی لەخودی خۆیدا تەنها قەرەبوونەوەیەکی رۆتینی ژیانێکی وەستاوە، یان ژیانێکی بێزاری بەتاڵ لەرووداو.. لەبەرئەوەی دونیای خەون دیدەهەر وەك خۆی دەمێنێتەوەوبەبێ گۆڕان، بۆیەدەبێت خەون دیدەلەواقیعەراستەقینەکەی خۆی بژیت ئەگەر بەشێوەیەکی سادەش بێت.. ئەو خاك و زەمینەی لەسەری دەژین خاکی خەون و خەیاڵ نیە.. ئەو ئاسمانەی کەلەژێریەوەین خۆراك و پارەنابارێنێ.. دارەکانیش بەرەکانیان ناخەنە ناو دەمەکانمانەوە.. بۆیەهەرچەندە نغرۆ نقومی ئەو خەیاڵ خەونانە بین، هیچ چارەیەك لەپێشماندا نیەهەر دەبێت بگەڕێینەوەبۆ ئەو خاکەراستەقینەیەبۆ ئەوەی بۆ ژیان و گوزەران تێبکۆشین و هەوڵ بدەین.

مرۆڤێك کەخووی بەو خەون و خەیاڵانەوە گرتبێت و لەسەری راهاتبێت، تەنها ئەوەندەکۆشش دەکات کەپێویستیەکانی بێنێتەدی و هیچی ترنا. بۆیەدەبینین هەرکاتێك کارەکەی تەواوبوو دووبارەو بەبێ ئاگایی دەگەڕێتەوەناو خەون وخەیاڵەکانی.. ئەو سەرکەوتوو نابێت تەنها لەیەك شت نەبێت.. ئەویش هەموو رۆژێك چەند کاتژمێرێك لەدەستبەتاڵی دەستەبەر بکات رایبوێرێت لەکۆشتنی خودی خۆی، بێ ئەوەی هیچ سوودو کەڵکێك وەربگرێت... بەڵام.. خەونەکان شیرین وجوانن.. قەشەنگن.. ئەو تیایاندا هەر بۆخۆی پادشاو دەسەڵاتدارو فەرمان رەوایە.. ئەو تیایاندا نەشکست خواردوو و نەلاواز نەبێ دەسەڵاتە... بۆیەلەخەونەکانی بەردەوام دەبێت و سوور دەبێت لەسەریان. (ماویەتی)

لەسایتی: ملتقى الاستاذ سهيل عواد للتنميةوالتطوير / ملتقى التنميةالبشريةوالتطوير الذاتي وەرگیراوە.



# فەریزەی حەج و پەرەپێدانی مرۆیی

بەڕێوبەری نوسین

فەریزەی حەج جگە لەوەی یەکێکە لە ئەرکانەکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام، بەڵام لە ئێستادا چەندین ڕەهەندی ( سیاسی ، ئابوری ، کۆمەڵایەتی، کەلتوری، ... تاد ) وەرگرتووە، وڵاتە ئیسلامیەکان لە پێشبرکێ و هەوڵی بەردەوامدان بۆ ئەوەی لە وەرزی حەجدا کۆمەڵە کەسانێك بنێرن بۆ فەریزەی حەج ببنە نوێنەر و شاندێکی سەرکەوتوو تا ناسنامە و فەرهەنگی نەتەوەیی خۆیان بەجوانترین شێوە بناسێنن بە میللەتانی تری مسوڵمان.

ئەوەی بەووردی سەرنجی شاندی حاجیانی وڵاتان بدات زۆر بە ئاشکرا شاهێدی ( ئارامگری ، پاك و خاوێنی ، ڕەوشت بەرزی ، دینداری ... تاد ) بۆ حاجیانی ( مالیزیا و ئەندەنوسیا ) دەدات ، کە چۆن توانیویانە ساڵانە لە مەراسیمی حەج و عومرەدا ببنە پێشەنگ لە مسوڵمانیەتی و ڕەوشت بەرزیدا.

من یەکێك بووم لە حاجیانی هەرێمی کوردستان وەکو ڕۆژنامەنوسێك بەهاوکاری لەگەڵ ( لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئاینی و لیژنەی تەندروستی لە پەرلەمان ) ڕاپۆرتێکی وورد و پوختم لەسەر ڕەوش و بارودۆخی حاجیانی کوردستان ئامادەکرد وپێشکەشی لایەنی پەیوەندیدار کرد . مەبەستم لەم ڕاپۆرتە ئەوەیە کە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی ( دەستەی باڵای حەج و عومرەی کوردستان ) دەست بکرێت بە چاکسازی کە ئەم جومگە و لایەنانەی خوارەوە دەگرێتەوە :

**یەکەم:** بەڕێوبەرایەتی گشتی حەج و عومرە .
لە ڕووی پەیکەر و کارگێری و توانای بەڕێوەبردن و سەرپەرشتی کردنی حاجیانیان لە ئاستێکی نزمدایە ، بە بەراورد لەگەڵ دەستەی حەج و عومرەی وڵاتانی تر .

**دووەم:** لیژنەی فەتوا و مورشیدەکان.
توانای زانستی و شێوازی ڕونکردنەوەی فەریزەی حاجیان لەڕووی فەتواو ڕێنمایی و تێگەیاندنی فەلسەفەی حەج زۆر لاوازە، زۆر بێ توانا بوون لەیەك گوتاری لە فەتوا و ڕێنماییەکان و شارەزاییکردنی حاجیان .

**سێیەم:** کۆمپانیاکانی حەج و عومرە.
لە ٨٠٪ ی کۆمپانیاکان تەنها بەرژەوەندی ماددی و قازانجیان بە ئامانج گرتووە " بەداخەوە قسەو کردەوەکانیان زۆر جیاوازی هەیە ، زۆر زیادەڕۆیی لە بەڵێنەکانیان دەکەن و ڕۆڵی کۆمپانیا و حاجیەکان بە لائیحە ڕێك بخرێت بۆ ئەوەی نە کۆمپانیا مافی حاجی و عومرەکاران بخوات و نە حاجیش لە ئەرکی خۆی لابدات .

**چوارەم:** لیژنەی پزیشکی.
بەداخەوە لە هەڵبژاردنی پزیشك و کارمەندانی تەندروستی پێوەرێکی ڕوون و شەفاف بەرچاو ناکەوێت کە دادپەروری تیا بێت و جۆرە ( پزیشك و کارمەندێکی تەندروستی ) بنێرن کە خزمەتی ( حاجی ) بە عیبادەت بزانن " بە داخەوە لە ٦٠٪ پزیشك و کارمەندانی پزیشکی هەڵسوکەوتیان ( ڕەق و توند و ناشارستانی ) بوو بەرامبەر حاجیان، جگە لە خراپی جۆری دەرمان و چارەسەرییەکان.

**پێنجەم:** پەرەپێدانی مرۆیی حاجیان.
پێویستە بەرنامەیەکی گشتگیر دابنرێت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری حاجیان لەهەموو بوارەکان بۆ ئەوەی بتوانن نوێنەرێکی جوان بن بۆ هەرێمی کوردستان ولەنێو گەل و نەتەوەجیاوازەکان .



احسان برهان الدين

# چەند مۆمێك بۆ ڕوونكردنەوەی ڕێگای گەنجان

ئەڵقەی دووەم

**مۆمی چوارەم:** تاوێرێکی گەورە بەسەر لوتکەی چیایەکەوە مەجوولێنە

ئەوەی کەبەزۆری گەنجان تووشی دڵەڕاوکێ دەکات ئەو توانا جنسیەیە کەخوای گەورەبەئامانجی بەردەوامی ڕەگەزی مرۆڤ لەناخی ئادەمیزادەکاندا دایناوە ، منیش لێرەدا نامەوێت لەسەر ئەم باسە برۆم ، بەڵام دەمەوێت بەتوندی هۆشداری بدەم کە گەنجان لەکاتی مامەڵە کردنیان لەگەڵ ئەم مەسەلە تووشی هەڵە نەبن ، چونکەلەڕاستیدا ئەو وزەیە وەکو بەنزینە، وزەیەکی بەسوودە ئەگەر بەباشی بەکاری بهێنین ، بەڵام ئەگەر لەئاگری نزیککەینەوە دەبێتە هێزێکی زیان بەخش و وێرانکەر.

دانایەك نموونەی ئەو وزەیەی بەنموونەی تاوێرێك هێناوەتەوە کەبەسەر کێوێکی بڵندەوە بێت ، لەوانەیە سەدان ساڵ لەشوێنی خۆیدا جێگیر بێت ،بەڵام ئەگەر کەسێك بیجوڵێنێتەوە لەوانەیە تلبێتەوەو ئەو کاتەهیچ هێزێك ناتوانێت بیوەستێنێ . وورووژێنەری ئارەزووی کوڕان و کچان بەگشتی خۆیان لەچەند شتێکدا دەبیننەوە ، گرنگترینیان بریتین لە:

- بیرکردنەوە لەو شتانەی ئارەزووی جنسی دەبزوێنن و بەکارهێنانی خەیاڵ لەوبوارەدا.بۆیە تەنهایی هۆکارێکی بەهێزە بۆ وروژاندنی ئەو وزەیە.
- تەماشاکردنی دیمەنی ئابڕووبەر و سەیرکردنی ژنان وپیاوان بۆ یەکتر ، هەروەها تێکەڵاوی هەردوو ڕەگەزەکە پێکەوە.
- ئامادەبوونی ئەو کۆڕو کۆمەڵانەی کەتیایدا باسی مەسەلەسێکسییەکان دەکرێت.
- هاوڕێتی کەسانی سووك و بێ کەسایەتی کەهەموو خەمێکیان ئارەزووەکانی خۆیانە.

ئەمەی باسمان کرد چی بۆ گەنجان دەگەیەنێ:

١- با هەر یەك لەئێوە سەرقاڵی کاری بەسوود بێت ، وەرزشیش یەکێکە لەو کارەبەسوودانە.

٢- زوو هاوسەرگیریکردن کارێکی زۆر چاکەبۆ کەسێك توانای هەبێت ، پەناگەیەکی قایمیشە بۆ لاوان بە پشتیوانی خوای گەورە.

٣- بەهێزکردنی لایەنی رووحی زۆر گرنگەو پێغەمبەر ظلاللە علیە وسلم لەم بارەوەئامۆژگاری گەنجانی

کردووەکەڕۆژوو بگرن، لەڕاستیدا ڕووبەڕووبوونەوەی تەوژمی ئارەزووی ناشەرعی بەپێکهێنانی تەوژمێکی ڕووحی بەهێزو گشتگیر دەبێت بە پابەند بەڕێنماییەکانی شەرعی خوای گەورە.

٤- تەماشاکردنی حەرام و دوورکەوتنەوەلەتێکەڵبوون لەگەڵ ئافرەتان بەگوێرەی توانا.

٥- با هەر یەك لەئێوە سەدجار بیربکاتەوە پێش ئەوەی هەنگاوێکی هەڵە بنێت کەلەوانەیە خراپترین شوێنەوار لەژیانیدا بەجێبهێڵێ.

**مۆمی پێنجەم:** خۆت ببەبەخۆت

ئەگەر بۆتان بڕەخسێ هەست و نەستی خەڵکی بزانن سەبارەت بەبارودۆخی بژێوی و کۆمەڵایەتییان ، دەبینن ئەوان خەون بەژیانێکی باشترەوەدەبینن ، ئەوەش بۆ ئەو ئارەزووە خۆڕسکە دەگەڕێتەوە کەخوای گەورەلەناخماندا چەسپاندوویەتی لەخۆشویستنی چاکەو خۆشگوزەرانی.

هەندێ کەس نارازییە لەو گوندەی تێیدا لەدایکبووەو خۆزگە دەخوازێت لەشارێکی گەورە لەدایکبوایە، هەندێکی تر ئاواتیان ئەوەیە باوکیان دەوڵەمەند بوایە بۆ ئەوەی لەخێزانێکی دەوڵەمەنددا پەروەردەبووبوایە ، کچانێکی زۆریش هەن دڵتەنگن بەهۆی ڕووالەت و ڕەنگی پێستیانەوە ، ئەو پەیامەی دەمەوێت پێتانی ڕاگەیەنم ئەوەیە ئەو توانایانەی پەروەردگار پێی بەخشیوین ، ئەو هەل و مەرجانەی کەتێییداین ، بەشێوەیەکی گشتی کاریگەری ناکاتەسەر پاشەڕۆژمان ، ئێوە چاك دەزانن هەزاران کوڕو کچی لاو لەچاکترین بارۆدۆخدا پەروەردەبوون و پێشبینی دەکرا کەڕۆڵی مەزن لەژیاندا بگێڕن بەڵام لەپەراوێزی ژیاندا خۆیان بینییەوە، کەسیش هیوای ئەو دوارۆژە بۆ منالەکانی خۆی ناخوازێت، لە بەرانبەریشدا کەسانێك چوونەمێژووەوە وناوی خۆیان لەسەر

**ئەگەر ویستتان هەست و نەستی خەڵکی بزانن، سەبارەت بەبارودۆخی بژێوی و کۆمەڵایەتییان، دەبینن ئەوان خەون بەژیانێکی باشترەوەدەبینن، ئەوەش بۆ ئەو ئارەزووە خۆڕسکە دەگەڕێتەوە کەخوای گەورەلەناخماندا چەسپاندوویەتی لەخۆشویستنی چاکەو خۆشگوزەرانی.**

**هەرگیز بەوەڕازی مەبە ببیتە پاشکۆو سێبەری کەس، هەمیشە تێبکۆشە تا ببیتە پێشەنگ و نموونەیەکی چاك و بەسوود بۆ کەسانی تر**

لاپەڕە پرشنگدارەکانی تۆمار کرد کەخاوەنی ڕەچەڵەکی بەناوبانگ و خێزانی دەوڵەمەند نەبوون، ئەمەوتەی مێژووە و پێویستە پەندی لێ وەرگرین. وەکو (إبن الوردی) ڕەحمەتی خوای لێبێت فەرموویەتی:

لا تقل اصلي وفصلي ابدا

انما أصل الفتى ما قد حصل.

لە مێژووی خۆمان و جیهانیشدا پیاوان و ژنانی زۆر هەن کەباوکەکانیان شانازییان پێوە دەکەن.

لەمەش کەباسکرا دەتوانین چەند سوودێك وەرگرین:

١- سوپاسی خوا بکەلەسەر ئەوەی پێی بەخشیوی چونکە زۆر بەخەشندەیە لەگەڵت ، ئەگەر چی کاتێك بەراوردی دەکەیت لەگەڵ کەسانی تر کەم دێتە پێش چاوت.

٢- بەخۆت و هەل و مەرجەکانی ژیانت ڕازی بەوە هەست بەشانازی بکەبەوەی کە پێت بەخشراوەو بیانکە خاڵێکی دەرپەڕین بەرەو پێشەوە.

٣- نەفسە بچووکەکەت پەراوێزکە کەکۆتکراوی گومانەو خەمی ژیان دایگرتووتەوەو بیگۆڕەوە بەو نەفسەگەورەیەت کەلەناو جەرگەی گەردەلوولی متمانەبەخۆبوون و کۆششکردن وچاوبڕینە ئامانجی گەورەدرووست دەبێت.

٤- فوو بەبچووکترین پریشکی خۆتدا بکەبۆ ئەوەی ببێتە گەورەترین ڕووناکی بۆ ڕێگای خۆت و کەس و کار وهاوەڵەکانت.

٥- هەرگیز بەوەڕازی مەبە ببیتە سێبەری کەس و هەمیشە تێکۆشە ببیتە پێشەنگ و نموونەیەکی بەسوود بۆ کەسانی تر.

(بەدەستکارییەوە لەنووسینێکی دکتۆر (عبد الكريم بكار) وەرگرتووە .

PM ٣:١٧



# گەشبین بە بۆ ئەوەی ئایندەت بنیات بنێیت

مژدە – لەندەن

من هەوڵ دەدەم گەشبین بم ، تا بگەمە ئەو ئاستەی کە خۆم دەمەوێت ، چونکە گەشبینی ئاسودەم دەکات .

لە گەشبینیدا ، کلیلی ئاسودەیی بەدەست دێنی ، فێری دروست کردن و داهێنان و پلانی نویٚ و خەونی گەورە دەبیت ، لە گەشبینیەوە وره بەرزی و متمانە بەخۆوبوون دروست دەبێت ، دلسۆزی و خۆشەویستی لە خۆتدا دروست دەکەیت ، هەرگیز مرۆڤی گەشبین پەشیمان نییە ، بە رای من گەشبینی گەوهەرێکە لە ناخی هەموو مرۆڤێکدا نییە ، بۆیە هەوڵ بدە لە ناخی خۆتدا بیروێنە ، لەگەڵ کەسانی گەشبیندا هاوریٚ بە وەك زانایەك دەلێت ( بۆ مرۆڤی رەشبین زەوی قەراخی تەسکە ) کاتی گەشبینی من دیارە چونکە لە شکستەکانمدا دوبارە گەشبینی دەروێنمەوە ، بۆ گەشبین نیت لە کاتێکدا دەبینیت ، دەبیستیت ، بەهەستیت .

هاورێکەم لە بیرت بێت گەشبینی ناخی تۆ یەکەم هەنگاوتە بۆ سەرکەوتنت ، کەواتە وریا بە رەشبینی بێزارت نەکات ، زۆرن ئەو مرۆڤانەی لەیەکەم شکستدا گەشبینی لەناخیاندا دەمرێنن ، تۆ هەوڵ بدە لەوانە نەبیت . کە گەشبینی یەکەم پلەی سەرکەوتنت بێت بۆ رەشبینی یەکەم هانگاوی روخانت بێت ، بۆ دەبێت رەشبین بێت لە کاتێکدا کە دەزانیت گەشبینی جوانترین و باشترین میوانی مرۆڤەکانە ، لە نەوەکاندا گەشبینی دروست بکە ، وەکو دەلێن بۆ مرۆڤی گەشبین دروستکردنی ئایندە مومکینە .

دە با هەمومان ببینە هۆی گەشبینی یەکدی ، هەرگیز مەلیٚ کات درەنگە ئێستا دەست پێبکە ، گەر گەشبین بیت دەتوانیت بە چاوی خۆشەویستیەوە سەیری شتەکان بکەیت . دەبێت لە سەروەرمان پێغەمبەر (ص) ەوە فێر بین و گەشبین بێن و بروانینە ژیانی ئەو کەسایەتیە بەرزە کە پڕبووە لە ئومێد و گەشبینی ، هەمیشە هەولیٚ داوە هاوەڵانی هان بدات بۆ گەشبینی ( تفائلوا باالخير تجدوه ). وریا بە رەشبینی ناخت تاریك دەکات ، بیرکردنەوەت دژوار دەکات ، خەونەکانت دوا دەخات تا ئاستی پێنەگەیشتن پێیان بۆیە هەمیشە هەوڵ بدە هاورێی بیت . بیرت نەچێت گەشبینی هاورێی ئێستا و داهاتووە بۆیە دەلێم با گەشبینی هەمیشە هاورێی و هاودەمت بێت ..




شەماڵ موفتی

# ئایا دەزانن؟

- ئاوی ناو گوێزی هیندی نوێ بە جێگری پلازما ی خوێن دادەنرێت!!
- لە ئامۆژگارییەکانی پزیشکانی ددان ، دورخستنەوەی فلچەی ددان شوردن ٦ فوت دور لە ئاودەست بۆ پاراستنی لە میکرۆب .
- ئەگەر چاڵێك لێ بدرێت تا نیوەی قولایی زەوی، بە ردێك هەڵبدەیتە ناوی ، بە ٤٥ خولەك دەگاتە بنەکەی!!
- زمانی هاوای تەنها ١٢ پیتە!!
- لە گەڵ هەر پژمینێکدا دڵ بۆ ماوەی یەك چرکە دەوەستێت!!
- میرولە هەرگیز نانوێت !!
- پەپولە بە پێیەکانی تامی گوڵ ئەکا؟
- هەندێ مار ٣ ساڵ ئەخەوێت ( بە سرِی ئەمێننەوە )
- کەنغەری تازە لەدایکبو تەنها یەك ئنج درێژە
- Entomophagy زانستێکە ئەدوێ لە مێروخواردن!! ئەمرِو ١٤٥٠ جۆر لە مێرو دەخورێت و چەورییان کەمە و پرۆتینیان زیاترە لە پرۆتینی گوشتی گا!!
- زیانبەخشترین مێرو بۆ مرۆڤ لە مێژودا ... مێشولەیە
- ئوممەتی پشیلە زیاتر لە ١٠٠ دەنگی هەیە بەڵام ئوممەتی سەگ تەنها ١٠ دەنگیان هەیە!!)
- مانگایەکی ئاسایی نزیکەی ٢٠٠ هەزار پەرداخ شیر ئەدا لە ژیانیدا.
- هایدرا بونەوەرێکی ئاوییە ( لە ئاوی شیریندا ئەژی - کە پیس نەبوبێت ) و درێژییەکەی تەنها چەند مللیمەترێکە ) تەنها بونەوەرە پیری روی تێناکات و بە زیادبون خوی نوێ ئەکاتەوە !!! )
- بەربڵاوترین ناو لە جیهاندا ناوی ( محمد ) ە .
-هەنگوین تەنها خۆراکە کە تێك ناچێت!!
- توو تەنها میوەیە کە تۆوەکانی وان لە دەرەوە!!
- لە هەموو تۆپێکی گۆڵف دا مەرجە ٣٦٦ ( گۆپکە ) ی تێدا بێت
- ئاینشتاین تا مرد فێری سەیارە لێخورین نەبوو!!
- سەگ ( غودەی عەرەقکردنەوەی تەنها لە ( لەپەکانیدا ) هە یە و ٣ پێڵوی هەیە لە هەر چاوێکیدا
- ئەگەر پەیکەری ئەسپێك هەردو دەستی بە هەواوە بوون مانای وایە سوارچاکەکە لە جەنگدا گوژراوە ئەگەر یەك دەستی لەسەر زەویدا بوو ( یەك دەستی بە هەواوە بوو ) سوارچاکەکە پاش برینداربون لە جەنگدا مردوە ئەگەر هەر ٤ پەلی لە سەر زەویدا بوون ئەوە سوار چاکەکەی بە مردنی ئاسایی مردوە.
- لە جەنگی جیهانی٢ دا ژاپۆنییەکان رۆنی جگەری ( شارك // ماسی قرش ) یان ئەخستە مەکینەی فرۆکە جەنگییەکانیانەوە!!



ئا : یاسین ئەحمەد زەنگەنە

# چۆن چارەسەری دڵەڕاوکێ بکەین ؟

– دڵەڕاوکێ بارێکی دەروونیە و ترس و گرژی و شڵەژان و پێشبینیکردنی زۆر دەناسرێتەوە ، دڵەڕاوکێ بە هۆی ترسان لەئایندە ، یان پێشبینی کردنی شتێکی دیاری کراو ، یان ململانێی دەرونی لەنێوان حەزو خواست و ئارەزووەکان لەلایەك و ئەو لەمپەرانەی دەبنە مایەیی نەهاتنەدییان لەلایەکی ترەوە.

– دڵەڕاوکێ تێکچونێکی دەرونی باوە و له ١٠٪ بۆ ١٥٪ ی خەڵکی توشی دەبێت ، له قۆناغە جیاوازەکانی تەمەندا . وەك گواستنەوە لە قۆناغی منداڵی بۆ هەرزەکاری ، یان گواستنەوە بۆ تەمەنی پیری و خانەنشینی ، یان تەمەنی پەککەوتەیی لای ئافرەتان.

– دڵەڕاوکێ روودەدات لەکاتی گۆڕینی شوێنی نیشتەجێ بوون یان کارو پیشە ، دڵەڕاوکێکە کۆتایی دێت بە نەمانی هۆکارەکەی.

– لەشێوەکانی دڵەڕاوکێ ، دڵەڕاوکێ ی دایك بەرامبەر بە نەوەکانی ، کاتێك دوادەکەون لە گەڕانەوە بۆ ماڵ ، هەروەها دڵەڕاوکێی مرۆڤ بەهۆی پیشەو کارەکەی یان بەهۆی تێکچونی باری تەندروستیەوە ، هەروەها دڵەڕاوکێی قوتابی بەرامبەر بە تاقی کردنەوەو ئەنجامەکانی ، هەروەها دڵەڕاوکێی بازرگان بە هۆی بازرگانیەکەیەوە .... هتد.

– مرۆڤ توشی دڵەڕاوکێ دەبێت بە نیشانەی جۆراوجۆر وەك هەستکردن بە دڵتەنگی و نەبونی دڵنیایی ، یان بیرکردنەوەی زۆرو قوڵ ، یان بەهۆی ئێش و ئازارو سەرماوگەرماو نارەحەتیەوە.

– کەسێك لەئێمە نیە بۆ ساتە وەختێك دڵەڕاوکێی توش نەبوبێت ، ئەمە بارێکی ئاساییە بەڵام گەر بەردام بوو بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك یان مانگێك یان زیاتر ئەوا دەرەنجامێکی باشی نابێت ، کەسانی وا هەیە بۆ بچوکترین و سادەترین شت توشی دڵەڕاوکێ دەبن و خەم و پەژارە دایان دەگرێت و ژیانیان لە نێوان دڵەڕاوکێ و خەمۆکی دا بەسەر دەبەن.

گەر دەتەوێت لەدڵەڕاوکێ بەدووربیت پێویستە بەخۆداچونەوەیەك بکەیت و کاروبارەکانت ڕێکبخەیت و هاوسەنگی لە ژیانتدا رابگریت.

لێرەدا ئاماژە بە هەندێك لەو راسپاردەو ئامۆژگاریانە دەدەین ، كە یارمەتی دەری باشن بۆ رزگاربوون لە دڵەراوكێ:

١ـ لەبازنەو سنوری رۆژەكەتدا بژی و دڵەراوكێی ئایندەت نەبێت و مەترسە لەكەمی رزق و رۆزی ( وفی السماء رزقكم وما توعدون ) الذاریات ٢٢ بەواتایی : رزق و رۆزی و ئەو بەڵێنانەی پێتان دەدرێت لەئاسمانەوەیە

٢ـ بیری خۆتی خەرەوە كە بەهۆی دڵەراوكێوە ، لاشەت باجێكی زۆر دەدات و تەندروستیت دەشێوێت.

٣ـ واز بێنە لە بیركردنەوە سەبارەت بە رابردوو ، چونكە هەرچەندە هەوڵبدەیت ئەوەی تێپەڕی ، ناگەڕێتەوە گرنگە سود لەئەزمونی رابردوو وەرگریت نەك لەناو رابردوودا بژیت پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) فەرموویەتی ( وان اصابك شیء فلا تقل لو انی فعلت كان كذاوكذا ، ولكن قل قدر الله وماشاء فعل ، فان لو تفتح عمل الشیطان ) رواه مسلم و احمد.

٤ـ پێش بڕیاردان بەوردی و جوانی بیر لەكارەكەت بكەرەوە، هەركات بڕیارتدا، پشت بەخوا ببەستەو بڕیارەكەت جێبەجێ بكەو دوڵ مەبە ، پێغەمبەر خوا ( صلی الله علیه وسلم ) فەرموویەتی ( اذا سألت فاسأل الله ، واذا استعنت فاستعن بالله ، واعلم ان الامة لو اجتمعت علی ان ینفعوك بشی لم ینفعوك الا بشیء قد كتبه الله لك ، ولو اجتمعوا علی ان یضروك بشیء لم یضروك الا بشیء قد كتبه الله علیك ، رفعت الاقلام و جفت الصحف. ) رواه الترمذی واحمد فی مسنده

٥ـ رازی بە بە قەزاو قەدەری خوای گەورە ، ئیماندار نەهامەتی و گرفتەكانی ژیان نایترسێنێت چونكە هەموو كارەكان سەرەنجام هەر خێرە بۆی ( وعسی ان تكرهوا شیئا وهو خیر لكم وعسی ان تحب شیئا وهو شرلكم والله یعلم وانتم لا تعلمون ) البقرة٢١٦ .بەواتای : دەشێت شتێكتان پێ ناخۆشبێت بەڵام باش بێت بۆتان ، وە دەگونجێ شتێكتان پێ خۆش بێت و خراپ بێت بۆتان وە خوا ( چاكەو خراپەی ئێوە ) ئەزانێ و ئێوە نایزانن.

٦ـ نازونیعمەتەكانی خوای گەورە بەسەرتەوە بژمێرە لەبری ژماردنی خەم و پەژارە

ابراهیم ٣٤. بەواتای ئەگەر بەهەرەو نیعمەتەكانی خوای : (وان تعدوا نعمة الله لا تحصوها ) گەورە بژمێرن ، بۆتان ناژمێردرێن. لەخۆت بپرسە ئایا چاوەكانت بە ملیۆنەها دۆلار دەفرۆشیت . ئایا بەهای دەست و قاچ و ئەندامەكانی تری لاشەت و منداڵەكانت چەندە ، دەبینیت ئەم بەخششانە بێ ئەندازەیەو بەبەهای مادی ناپێورێت ، شوبن هور دەڵێت ( كەم بیردەكەینەوە لەو شتانەی كە هەمانە بەڵام زۆر بیردەكەینەوە لەو شتانەی كە نیمانە).

٧ـ بایەخ مەدە بە شتە سادەو پوچەكان ، با كێشە بچوكەكان بەختەوەریت نەشێوێنێت ، بوار بە ناخ و دەرونت مەدە ، بۆ شتی لاوەكی و پوچ توشی شڵەژان و دڵەراوكێ بێت.

٨ـ بۆ هەر كارێك لە سەنگ و بەهای خۆی زیاتر بایەخی پێ مەدە ، رێزی بەهای هەموو شتەكان بگرە ، هەموو شتێك بەپێیی خۆی بایەخی پێ بدە

٩ـ بەردەوام بە لەكارەكانت ، گەر دڵەراوكێت توش هات خۆت خەریك كە بە كارێكی بەسودەوە

١٠ـ كەسێكی خۆپەرست مەبەو بایەخ بە كەسانی تر بدە ، لەهەر رۆژێكدا كارێكی باش و جوان بكە كە بزەو خەندە لەسەر روی مرۆڤێكدا بنەخشێنێت. پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) فەرموویەتی ( افضل الاعمال ان تدخل علی اخیك المؤمن سرورا ، او تقضی عنه دینا ، او تطعمه خبزا ) اخرجه ابن ابی الدنیا والبیهقی .قال الالبانی : حدیث حسن . بەواتای : چاكترینی كار ئەوەیە كە دڵی برایەكی بڕوادارت خۆش بكەیت ، یان قەرزێكی بۆ بدیتەوە ، یان تێری بكەیت.

١١ـ باكارەكانت بەدڵسۆزی لەپێناوی خوادا بێت و چاوەڕوانی سوپاس و ستایشی كەس مەبە ، ( انما الاعمال بالنیات و انما لكل امریء ما نوی) رواەالشیخان . )

١٢ـ تەركیز بخەرە سەر ئەو كارانەی كە لەناخەوە هەست دەكەیت كە كاری راست و باشن ، گوێ مەگرە لە لۆمەی لۆمەكاران ، گەر بینیت كەلە هەڵەدایت ئەوا بێ سڵەمینەوە بەخۆداچونەوە بكە.

١٣ـ تۆمارێك دابنێ بۆ تۆماركردنی ئەو هەڵانەی كە كردوتەو شایستەی رەخنەلێگرتنە ، ناوبەناو بگەڕێرەوە سەر تۆمارەكە ، تا پەندوئامۆژگاری لێوەرگریت لەكاروانی ژیاندا. بزانە زۆر زەحمەتە بەردەوام لەسەر راستی بیت و هەڵە نەكەیت ، لات ئاسایی بێت داوا لەكەسانی تر بكەیت رەخنەی بنیات نەرت لێ بگرن ، ئەمەو ئامۆژگاری كەسانی تر وەربگرە. پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) فەرموویەتی (الدین النصیحة ) رواه مسلم و احمد .

١٤ـ بیرمەكەرەوە لەتۆڵە سەندن لەنەیارانت ، گەر هەوڵی تۆڵەكردنەوەتدا ، ئەوا ئەزیەتی خۆت زیاتر دەدەیت وەك لە بەرامبەرەكەت ( ادفع بالتی هی احسن فاذا الذی بینك و بینه عداوة كانه ولی حمیم) فصلت ٣٤ .بەواتای : بەچاكترین شێوە وەڵامی خراپە

بدەرەوە ، ئەوسا كەسێك كەلەنێوان تۆ و ئەودا دوژمنایەتی هەیە ، وەك دۆستێكی دڵسۆز و گیانی بەگیانی لێ دێت.
هەروەها هەوڵبدە كە رق و تورەییەكانت بخۆیتەوەو لێبوردەبیت بەرامبەر بە كەسانی تر ( والكاظمین الغیظ و العافین عن الناس والله یحب المحسنین).

، ١٥– هەوڵبدە شتە نەرێنیەكان بگۆڕی بۆ ئەرێنی دیل كارنگی دەڵێت ( گەر لیمۆیەكی تاڵت لەبەردەستدا بوو ، هەوڵبدە شەربەتێكی شیرینی لێ دروست بكە ) بەردەوام بیر لە بەختەوەری بكەرەوە.

١٦– خۆت بناسەو خۆت بەكەس بەراورد مەكەو ، ئیرەیی بەكەس مەبە ، چونكە تواناو بەهرەی كەسەكان جونیەك نین ( وهو الذی جعلكم خلائف الارض ورفع بعضكم فوق بعض درجات لیبلوكم فیما اتاكم ) الانعام ١٦٥ . بەواتای : خوا ئەو زاتەیە كە ئێوەی كردووە بە جێنشینانی زەوی ( كۆمەڵ كۆمەڵ لەدوای دێن ) چەند پلە هەندێكتانی بەرزكردۆتەوە بەسەر هەندێكی ترتاندا ، بۆ ئەوەی تاقیتان بكاتەوە لەوەدا كە پێی بەخشیون .

لەكاروبارەكانتدا: پابەندی ئەم بنەمایانای لای خوارەوە بە.

١٧– پشوو بدە پێش ئەوەی ماندووبوون بەرۆكت بگرێت *

* گەر كێشەیەكت توش بوو یەكسەر هەوڵی چارەسەركردنی بدە

* خۆت رابهێنە لەسەر رێكخستن و رێك و پێكی

* گرنگترینی كارەكان ئەنجام بدە، ئینجا گرنگەكان كاری ئەمڕۆت دوامەخە بۆ سبەینێ .

* لەوزەو توانای خۆت زیاتر، ئەرك مەخە سەرشانت

١٨– دانایی بەكاربێنە لە خەرجكردندا ، میانەیی بپارێزە ( ولا تجعل یدك مغلولة الى عنقك ولا تبسطها كل البسط فتقعد ملوما محسورا ) الاسراء ٢٩ . بەواتای : دەستت مەكە كۆت بەگەردنتدا و ، كراوەو بەرەڵاشی مەكە بەتەواوی ، تا نەبیتە كەسێكی لۆمەكراوی هیچ بەدەستەوە نەماو.

گەر بۆ ساتەوەختێك توشی ترس و دڵەڕاوكێ بویت ئەوا بێ ئومێد مەبە چونكە دەشێت تاقی كردنەوەیەك بێت لەلایەن خوای گەورەوە ، پێویستە ئارام بگریت و پشت بەخوای گەورە ببەستیت

١٩– گیرۆدەی گرێیی هەستكردن بەتاوان مەبە ، خوای گەورە لێخۆشبەری گوناهو تاوانەكانە ( وانی لغفار لمن تاب وامن وعمل صالحا ثم اهتدی ) طه٨٢ بەواتایی : بەڕاستی من زۆر لێبوردەم لەو كەسەی تۆبەی كردبێ و باوەڕی هێنابێ و كردەوەی چاكی كردبێت ، پاشان بەردەوام بوبێت لەسەر ئەو رێبازە ( قل یا عبادی الذین اسرفوا علی انفسهم لاتقنطوا من رحمة الله ان الله یغفر الذنوب جمیعا ) الزمر٥٣ بەواتای ئەی محمد ( صلی الله علیه وسلم ) بڵێ : ئەی بەندەكانم ئەی ئەوانەی كە خۆتان گوناهبار كردووە ، نا ئومێد مەبن لەمیهرەبانی و بەزەیی خوا ، چونكە بێگومان خوا لەهەموو گوناهەكانتان خۆش دەبێت.

٢٠– گەر بۆ ساتەوەختێك توشی ترس و دڵەڕاوكێ بویت ئەوا بێ ئومێد مەبە چونكە دەشێت تاقی كردنەوەیەك بێت لەلایەن خوای گەورەوە ، پێویستە ئارام بگریت و پشت بەخوای گەورە ببەستیت ( ولنبلونكم بشیء من الخوف والجوع ونقص من الاموال والانفس والثمرات وبشر الصابرین . الذین اذا اصابتهم مصیبة قالوا انا لله وانا الیه راجعون . اولئك علیهم صلوات من ربهم ورحمة واولئك هم المهتدون ) البقرة ١٥٥– ١٥٧ بەواتای: سوێند بەخوا تاقیتان دەكەینەوە بەهەندێك لەترس و برسێتی و كەمبونی ماڵ و دارایی و خەڵكی ( كەسوكارتان ) و بەروبووم .جا مژدە بدە بەخۆڕاگران ئەوانەی كەئەگەر دوچاری سەختیەك بوون دەڵێن ، ئێمە هەر هی خواین و هەر بۆلای ئەو دەگەڕێینەوە ئا ئەوانە درودو بەزەییان بەسەردا دەبارێت ، لەلایەن پەروەردگاریانەوە و ، ئەوانە ئەو كەسانەن هیدایەتیان وەرگرتووە. هەروەها ( انە لاییئس من روح الله الا القوم الكافرون ) یوسف ٨٧ بەواتای : بەڕاستی نائومێد نابێ لە رەحمە میهرەبانی خوا جگە لەوانەی كە بێ بڕوان

سەرچاوە:

١–ئینتەرنێت

٢– پوختەی تەفسیری قورئان.

ئا: مەلا محمد مەلا صاڵح



ئامادەکردنی: ئەمیر کۆیی

# ئەوەی پێویستمانە باوەڕبەخۆ بوونە

خـــاوەن کارێکـــی قـــەرزدار هیـــچ ڕێگەچارەیەک شک نابات بۆ دەرباز بوون لەو حاڵەتەی تێ ی کەوتووە جگە لەوەی لەسەر کورسیەک لەباخی گشـــتی دابنیشێ کەلەو پـــەڕی خەم و پەژارەدایە و دەپرســـێ ئاخۆ کەسێ هەیە ڕزگاری کات، وەکو کۆمپانیاکەی لەمایەپـــوچ بـــوون دەرباز بـــکات؟ لەناکاو !پیرەپیاوێـــک دەردەکـــەوێ و پێ ی دەڵێت : وابزانم شـــتێک بێزاری کـــردووی، خاوەن کارەکەباسی سەر گوزشتەی خۆی بۆ دەکات، پیاوەپیرەکـــەش وەڵامی دەداتـــەوەو دەڵێ: پێـــم وایەدەتوانم هاوکاریت بکـــەم ، ئینجا پرســـیاری لەپیاوەکەکرد کەنـــاوی چی یەو چەکێکی بۆ نووسی و پێ ی داو گووتی:ئەم پارەیەوەرگرەو دوای ســـاڵێک لەم شـــوێنە بمبینەوە بـــۆ ئـــەوەی پارەکەبگەڕێنیتەوە، پاش ئەوەی پیرە پیاوەکە ڕۆیشت و خاوەن کارەکـــە مایەوە لەدڵەڕاوکـــێ دا بوو چەکی پارەکـــەی ئاودیوو دیوو دەکـــرد کەبایی نیو ملیـــۆن دۆلار بوو واژۆی لەســـەر کرا بوو ( جۆن دی ڕۆکفلر) خـــاوەن کارێکی ئەمریکی کەبەناوبانگترین دەوڵەمەنـــدی جیەان بووە لەماوەی 1839 - 1937.

ئـــەو ســـامانەی لەمیانـــەی کارکردنی لەبـــواری پتـــڕۆڵ کۆکردبۆوە ، ولەپاشـــان بوبەیەکێـــک لەناودارەکان.ڕۆکفلر لەمیانەی ژیانیدا بڕی (550) ملیۆن دۆلاری ئەمریکی لەپڕۆژەخێرخوازییـــەکان خـــەرج کـــردوە. پیاوەکە لەسەرسامی یەکەی بەهۆش هاتەوەو بەگەرمـــی یەوەگوتی:ئێســـتاکە دەتوانم بەم پارانـــە هەموو نیگەرانیەکانـــم بەلاوە بنێم ، ئینجا کەمێک بیری کردەوە و بڕیاریدا هەوڵ بدات کۆمپانیاکەی لەمایەپوچ بون بپارێزێ بێ ئەوەی چەکەکە خەرج بکات کە بەسەرچاوەی هێزو توانای خۆی دەزانی . بەگەشـــبینیەوە بەرەو کۆمپانیاکەی ڕۆیشـــت و دەستی کرد بەکارەکانی و دانوستانی سەرکەوتوی لەگەڵ خاوەن قەرزەکان کرد بۆ داواخستنی وادەی دانەوەی قەرزەکان. هەروەها توانی پرۆسەی فرۆشتنی گەورە لەبەرژەوەندی کۆمپانیاکەی ئەنجام بدات . لەمیانەی چەند مانگێک توانی قەرزەکانـــی بداتەوە. ســـەرلەنوێ دەســـتی بەقازانج کردن کردەوە.

دوای تـــەواو بوونی ســـاڵی دیاری کراو لەلایـــەن پیرە پیاوەکەوە، پیاوەکە بەگەرم و گـــوڕی یەوە بەرەو باخەکە چوو کەســـەیری کرد پیاوە پیرەکە چاوەڕوانی دەکات لەسەر هەمان کورسی، خۆی پێ نەگیراو چەکەکەی پـــێ دایـــەوە کـــە خەرجـــی نەکردبوو ، دەســـتی کرد بەگێڕانەوەی بەسەرهاتی ئەو سەرکەوتنانەی بەدەستی هێناون بێ ئەوەی چەکەکەوورد بکاتەوە. لەناکاو پەرســـتارێک بەپەلە بەئاڕاســـتەی پیـــرە پیاوەکە هات و گوتی: سوپاس بۆ خوا کەتۆم لێرە دۆزیەوە، لەدەستی وەرگرت، بەخاوەن کارەکەی گووت:

هیوادارم بێزارم نەکردبیت ، ئەو هەمیشە ڕادەکات لـــەو نەخۆشـــخانەیەی کەتایبەتـــە بەشـــێتان لەتەنیشـــت ئـــەم باخچەیـــە، وا لەخەڵکـــی دەگەیەنێت ( کەئـــەو جۆن دی ڕۆکفلر) ە.

پیـــاوە خـــاوەن کارەکە بەسەرســـامی یەوە وەســـتاو بیری دەکردەوە لەتەواوی ئەم ســـاڵەکەتێپەڕیوەو کۆمپانیاکەی لەترســـی مایەپـــووچ بوون دەر کردوو ســـەودای کڕین و فرۆشـــتنی دەکردوو بەهێزەوە دانوستانی دەکرد چوونکە بـــاوەڕی وابوو کەنیو ملێۆن دۆلار لەپشتیەوەیەتی!!

ئەوساکەهەســـتی کـــرد کەپـــارەو پول ژیانـــی ئـــەوی نەگـــۆڕی وەو کۆمپانیاکەی ڕزگار نەکردووە، بەڵکـــو ئەوەی گۆڕیویەتی دۆزینـــەوە تازەکەیەتی کەبریتی یەلە ( باوەڕ بەخۆ بوون) ئەو هێز و توانات پێ دەبەخشێ کەبتوانی بەســـەر مەترسی دارترین شکستدا زال بی و مەزنترین ســـەرکەوتن بەدەســـت بێنی. ئەوەیەکە دەقا و دەق پێویستمانە.

**شوان ڕابەر**

# ئەو شتانەی كۆنترۆڵی لاشە ئەكەن



لاشەی ئینسان هەر چەندە گەورە یاگچكە، قەڵەو یا لاواز، بەهێزە یا بێ هێز بێ ، چەند شتێكی نادیارومانەوی كۆنترۆڵ وتەحەككومی دەكا، بەچاكە یا بەخراپە بەكاری دێنێ وسەیتەرەی دەكاتە سەر، مرۆڤ شتێكی زاهیری وماددیە، هەندێ شتی تری مەعنەوی پەنهانی لاشەی مرۆڤ هەڵدەسوڕێنن كە ئەمانەن:

١- **ئەقڵ:** لە ئینساندا زۆر دەوری هەیە، سەردارو ڕابەرایەتی ئینسان دەكا، لاشەی بێ ئەقڵ بێ گیانە، بۆوێنە كەسێكی (شێت) هەرچەندە لاشەی گەورە وبەهێز بێ، بەڵام خاوەنی چەندان تایبەتمەندی مرۆڤایەتی نییە، لەبەر ئەوەی ئەقڵی لەسەر خۆ نییە،كەسی شێت ونائاقڵ كرداری ناشایستەوسەیر دەكات، ئەقڵ مرۆڤ كۆترۆڵ وئاراستە دەكات.

٢- **غیرەت:** غیرەت وبوێری تایبەتی ئینسان ڕۆڵی زۆری لە هەڵسوڕاندن وئاراستە وكۆنترۆڵ كردنیداهەیە.

٣- **غەریزە:** ڕەمەكە چاك وخراپەكانی ئینسان ڕۆڵیان لەجوڵاندن وهەڵسوڕاندنی مرۆڤدا هەیە.

٤- **هێز:** هەموو ئینسانێك كۆمەڵێ هێزی مانەوی وشاراوەی هەیەكە كاردەكاتە سەر لاشەی ئینسان وجوڵەی پێدەكات.

٥- **سۆزوپەرۆش:** بێگومان عاتیفەو حەماسەتی ئینسان ڕۆل وكاریگەرییان هەیە لەسەر چۆنیەتی هەڵسوڕاندنی.

٦- **دەمارگیری:** هەموو مرۆڤێك جۆرێ لەڕەگەز پەرستی ودەمارگیری هەیە، پابەندە بەشتێك وبە پیرۆزی دەزانێ، واتە ئەگەر لێ ی داگیربكرێ وزەمی بكرێ سەرودڵ ودەماری پێ دەگیرێ.

٧- **خۆشەویستی:** غەریزەی خۆشەویستی ورق لێ بوونەوە كارلەسەر ئینسان دەكا

٨- **نەرمی وتورەیی:** هەموو ئینسانێك بەشێك لەسیفەتی نەرمی وتورەیی هەیە كار دەكاتە سەر ئەقڵ ولاشەو هەڵسوكەوتەكانی.

٩- **خۆشی وناخۆشی ناوناخی مرۆڤ** كار لەدڵ ودەروون ولاشەو پەیكەری مرۆڤ دەكات.

١٠- **سەبرو قەناعەت:** ڕازی بوون وناڕازی بونی ئینسان بەكێشەو بەشی ژیانی كارلە ژیان ولاشەو هەڵسوكەوتی ئینسان دەكات.

د.ئەحمەد وەرتی

بەشی سێیەم



# تواناى بڕیاردان بەهرەیەکی بنەڕەتییە لە ژیاندا

قۆناغی چوارەم:قۆناغی هەڵسەنگاندنی جێگرەوەکان

کاتێک لە دروستکردنی جێگرەوە (بدائل)ە نوێکان بوویتەوە،ئەو جێگرەوانەی پێشتر باوو ناسراونەبوون و بەرخوردمان لەگەڵیاندا نەبووە، پێویست دەکات ئاگاداری ئەنجامی هەریەکە لەو جێگرەوانە بین بە شێوەیەکی وردوگشتی ، بۆئەمەش دەتوانی جێگرەوەکان لە ڕوانگەی ئەو ئامانجانەوە کە پێشتر دیاریت کردوون ریزبەند بکەی و ڕێکیان بخەیت.

لەم قۆناغەدا دەبێ لە کەش و هەوای ئەو جێگرەوەیەدا کە بە دوایەوەیت و لێی دەکۆڵیتەوە ،بژیت وەک ئەوە کە کردووتە بە کردار بە شێوەیەکی فیعلی، بۆ نموونە ئەگەر بڕیارتداماڵەکەت لە گەڕەکی کوردستان بۆگەڕەکی ئازادی بگوازیتەوە، دەتوانی بچیتە ئەو گەڕەکەی دووەم و ماوەیەک تیایدا بمێنیتەوە بۆئەوەی بزانیت بارو دۆخو کەش و هەوای چۆنە و تاچەند لە گەڵ بارودۆخی تاییەتی تۆدا دەگونجێت و بڕیاری لە سەر بدەیت، وەختێکیش هەست بکەی ئامانجەکان لە گەڵ یەکتردا دژ یەکیان هەیە ، پێویستە بە دوای باشترین جێگرەوەدا بگە ڕێیت کە بەشی هەرە زۆی ئامانجە پێویستەکان دێنێتەدی.

لە گرنگترین ئەو مەسەلانەی بڕیاردان یەکلایی دەکاتەوە، دڵنیابوون و جەختکردنە لە ئاکامەکان ،چونکە بڕیار پەیوەندی بە ئایندەیەکی نادیارەوە هەیە کە کۆمەڵێک مەترسی و ئەنجامی ترسناکی لەخۆگرتووە و پێویستە حسابی جددیان بۆ بکرێت. کەوابوو دەبێ حساب بۆ ڕوودانی هەرئەنجامێکی پێشبینیکراو بکرێت ، لەلایەکی ترەوە بڕیاری زیرەکانە ئەو بڕیارەیە کە لە سۆنگەی هەڵسەنگاندنی سوودەکانیەوە دەدرێت لە بەرامبەر ئەگەرو مەترسییە چاوە ڕوانکراوەکانی.

یەکێک لەو شێوازانەی بۆ پێشبینیکردن و چۆنیەتی خۆ پاراستن لە مەترسییە چاوەڕوانکراوەکانی هەر بڕیارێک کە دەدرێت، بەکارهێنانی زنجیرەی بریارەکان و پلە بەندییە لە بڕیارداندا ،ئەمەش لەوکاتانەدا کە ناتوانرێت پێشبینی ئەنجامی جێگرەوە (بدائل)ە کان بکرێت.

ئەگەر کەسێک رووبە ڕووی بڕیاری چوونە دادگا بۆوە بۆدانی قەرەبوو لەبری چەند هەڵەیەک کە تێی کەوتووە لە بەرامبەر لێکگەیشتن و ڕێککەوتن لەگەڵ رکابەردا، ئەوا ئێمە بە تەواوی حوکمی دادگا نازانین کەچۆن دەبێت، لەبەرئەوە ،

پێویست دەكات چەند سیناریۆیەک تاوتوێ بكرێت و كاری لە سەر بكرێت بە چەندین ئەگەر ئەمەش یارمەتیدەر دەبێت لە سەر بڕیاردانێکی زیرەکانە.

جگە لەوەش ،دەبێ حساب بۆ تواناو بڕشتی خاوەن بڕیار یان بڕیاردەر بکرێت کە تاچەند دەکارێ تەحەمولی بڕیارێکی دیاریکراو بکات و خۆی بۆئەنجامەکانی ئامادەبکات..کەوا بوو جێگرەوە (بدیل) رەنگە خۆی لەخۆیدا شتێکی زۆر باش و نایاب بێت، بەڵام خاوەن بڕیارەکە نەتوانێت بچێتە ژێر باری ئەگەرو ئاکامەکانی ئەو بڕیارەو بەرپرسیارێتی لێکەوتەکانی هەڵنەگرێت.

وەختێک قۆناغی چوارەم بەکۆتادێنین و بەدیلەکان هەڵدەسەنگێنین ، دەگەینە ئەوەی دەبێ باشترین بەدیل و جێگرەوە هەڵبژێرین کەچەندین ئیعتیبار وەدی دێنێ لەوانەش خاڵە پۆزەتیڤەکانی و هەروا عەیب و ناتەواوییەکانی کە دەکرێ لەهەربەدیلێکدا بێنە پێشەوە، ئەمەش لە رووی کات و توانستەکان و کاردانەوە یان رەنگدانەوەکانی جێبەجێکردنی یاخود مەترسییەکانی وتوانای بڕیاردەرەکە لە سەر تەحەمولکردنی بڕیارەکە و ئاکامەکانی.

ئەوەی کە یارمەتیدەرە بۆ بڕیاردانی زیرەکانە، بەراورد کردنێکی بابەتیانەو پۆلێن کردنی جێگرەوەکانە بە لە بەرچاوگرتنی ئەولەویەتەکانیان لە روانگەی ئامانجەکان و بەکارهێنانی شێوازەکان وەک زنجیرەی بڕیارەکان و رەچاوکردنی پلە بەندی ، مەعمولەن لە یەکلاییکردنەوەی بڕیاردا هۆکاری ستراتیژی لە بەرچاو دەگیرێت.

دەبێ ئەوەش بزانین هەموو چارەسەرێک نرخی خۆی هەیە ، پرسیارلێرەدا ئەوەیە کامە چارەسەرەیە تۆ دەتوانی نرخەکەی بدەیت ؟! (ماویەتی)

*ئەندامی پەرلەمانی کوردستان



# با پەند لەژیشك وەرگرین

ئا : بڕەو

ژیشكەكان ناتوانن لێك نزیك ببنەوە ، چونكە ئەو دڕكانەی كەدەوری داون بەربەستێكی گەورەی بۆ دروست كردوون نەك هەر بەرامبەر بە دوژمنان بەڵكوتەنانەت بەرامبەر بەهاوڕەگەزەكانیان .

كاتێك زستان بەسەرماو سۆڵەو كزەو رەشەبای پڕو كێنەردێت، ژیشكەكان ناچاردەبن لێك نزیك ببنەوەو پێكەوە بنووسێن ، لەپێناوی گەرمبوونەوەدا بەرگەی ئازاری توندو بەسۆی دڕكە چەقیوەكان دەگرن .

كاتێك هەستیان بەگەرم كردنەوە كرد جارێكی تر لێك دوور دەكەونەوە ،نزیك نابنەوە تاجارێكی تر هەست بەسەرماوسۆڵە دەكەن .بۆیە شەوانیان دەگوزەرێنن لەنێوان نزیك بوونەوەو دووركەوتنەوە لەیەكتری .

نزیك بوونەوەی بەردەوام برینێكی زۆر لەلاشەدا دروست دەكات ، دووركەوتنەوەی بەردەوامیش دەبێتە هۆی ئەوەی ژیان لەدەست بدەن و لەسەرماندا رەقببنەوە .

هەربۆیە ئێمەی مرۆڤیش لەپەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكانماندا بەم شێوازەین ، هەریەكەمان ئەو دڕكانەمان پێدا دەچەقێت و ئازاردەچێژین كاتێك نزیك دەبینەوە لەخزم و دۆست و هاوەڵانمان ، بەڵام گەرم نابینەوە تابەرگەی ئازاری دڕكەكان نەگرین هەربۆیە :

هەركەسێك هاوڕێیەكی بێخەوشی ویست ، ئەوا هەربەتەنهایی دەژی

هەركەسێك هاوسەرێكی بێ كەموكورتی ویست ئەوا هەر بەڕەبەنی دەمێنێتەوە

هەر كەس خۆشەویست و ئازیزێكی بێ كێشەو گرفتی ویست ، ئەوا هەر بەدوویدا دەگەڕێت و هەرگیز دەستی ناكەوێت .

ئەوەی خزمێكی تەواو كامڵی ویست ، ئەوا ژیان بەپچڕانی سیلەی رەحمەوە بەسەردەبات



إبراهيم برهان

# با هاوسەنگی ژیانمان بپارێزین

هاوسەنگی پەیوەست نییە بەکات، بەقەد ئەوەی کێشە لە هەڵبژاردنی ئێمەدایە کە چۆن هەموو ژیانمان ببەستینەوە بەوەی کە بڕوامان پێیەتی ، لە ئارەزوو و ئامانجەکانمان ئێمە لە پێناو کۆمەڵێک ئامانجدا گوزەر دەکەین بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە لەهەموو شتێک زیاتر پێویستمان بە هاوسەنگی هەیە . کاتێک جەخت لەسەر بوارێکی ژیانمان ئەکەین نابێ لەسەر حسابی فەرامۆشکردنی بوارەکانی تری ژیانمان بێت کەمی و زیادی هەر کامێکیان لەسەر حسابی ئەویتر ئەبێتە هۆی تێکچونی لەنگەری ژیانمان بۆ نمونە: هاوسەنگی کردنمان لە نێوان دونیا و دوارۆژ ، نابێ گرنگی دانمان بە لایەنێکیان لەسەر فەرامۆشکرنی لایەنەکەی تر بێت ، ئەگەر سەیرێکی جولەکەکان بکەین دەبینین گرنگی دانیان بەدونیا لەسەر حسابی دوارۆژیانە هەروەک پەروەردگاری ئەفەرموێت (لتجدنهم احرى الناس على الحياه ) یان ئەفەرموێت ( ويحبون المال حبا جما ) لە بەرامبەریشدا گاورەکانیش گۆشەگیرییان هەڵبژاردووە ( ورهبانيه ابتدعوها ماكتبنا ها عليهم ) بەڵام مسوڵمانەکان لەهەموو بەشێکی ژیانیان مام ناوەندیان هەڵبژاردووە (وابتغ فيما اتاك الله الدار الاخرة ولاتنس نصيبك من الدنيا) ئەگەر تەنها هاوسەرگیری بە نمونە وەربگرین کاتێک پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) ئەفەرموێ هاوسەرگیری بکەن بۆ ئەوەی نیوەی ئیمانتان تەواو بێ و ژیانتان لەنگەر نەبێ ، ئێمە عەقڵ (ژیری) مان هەیە لەگەڵ دڵ لەبەرامبەریشی دامێن و گەدە ، رۆژئاواییەکان ژیری و عەقڵ و ئەو دڵە پاکەیان کردۆتە خزمەتکاری دامێن و گەدەیان ، بەڵام مسوڵمانان بە پێیچەوانەوە دامێن و گەدەیان کردۆتە خزمەتکاری عەقڵ و دڵیان ، بۆ ئەوە هاوسەرگیری دەکەن تا دامێنیان لە داوێن پیسی بپارێزن بۆ ئەوەی بەهەشتی خوا مسۆگەر بکەن ، هەوەک پێغەمبەری خوا دەفەرموێت ( من يضمن لى مابين لحييه و مابين رجليه اضمن له الجنه ) ئەوەی نێوان دوو شەویلگە و (زمان) و داوێنی بپارێزێت بەهەشتی بۆ مسۆگەر دەکەم ، پاشان بۆ ئەوە دەخۆن و دەخۆنەوە بۆ ئەوەی بتوانن خوا پەرستی بکەن و پارووە نانێک بۆ ناو خێزانەکانیان بەدەست بێنن . بۆیە لێرەدا دەبێ هەڵوەستەیەک بکەین ئەگەر ئەمانەوێ بەسەرکەوتوویی بەسەر خەون و ئاواتەکانماندا زاڵ بین ئەبێ لەهەموو بوارەکانی ژیانمان هاوسەنگی بپارێزیین لە نێوان ئیش کردنو بەتاڵیمان لەوەرگرتنی زانست و زانیاری بەوەی گرنگ و گرنگتر پەیڕەو بکەبن لە نێوان بانگەواز و خێزان دا لە نێوان کردار و ئارەزوودا کاتێک ئەمانەوێت کەسێکی سەرکەوتووبین و جێ پەنجەمان دیار بێت لەم گۆڕەپانە دەبێ بەکردار هەنگاوی بۆ بنێین وەک دەڵێن خۆزگە بەهیچ شتێک مەخوازە هەوڵی بۆ بدە .

با دروشـمـی هەموومان هاوسەنگی و مامناوەندی بێت لەهەر بەشێکی ژیانمان خـوای پـەروەردگـار باسی ئومەتی محمد ئـەکـات (صلى الله عليه وسلم ) کە ئومەتێکی مام ناوەندە ( كذالك جعلناكم امه وسطا لتكون شهداء على الناس و يكون الرسول عليكم شهيدا ) البقره ١٤٣.

با لەگەڵ خێزانەکانماندا شەرعڕەوو میانڕەو بین لە بری توند و تیژی یاشل رەوی.

لەگەڵ خەڵکیدا لە نێوان گۆشەگیری و تێکەڵاو بوون ، لەگەڵ برایەکانت لە نێوان جدییەت و گاڵتەجاڕیدا ، لەگەڵ مناڵەکان لەنێوان دڵ رەقی و سۆز و بەزەییدا ، لەگەڵ لاشەتدا لە نێوان پشوو و ماندووبوندا ، لەگەڵ پەروەردگارتدا لە نێوان ترس و ئومێددا ، بەم شێوازە دەبیتە کەسێکی سەرکەوتوو ..

ئا: کۆچەر فائق



# لەهەگبەی زانایانەوە

## مارك توین

نوسەری ئەمریکی(مارك توین)زۆرحەزی لەپشودان بوو.تەنانەت لەکاتی نوسین وخوێندنەوەشدا هەربەپاڵ کەوتنەوەبو لەسەرجێگاکەیدا.

کەم جارلەژووری نوستنەکەی دەرئەچوو، رۆژێك یەکێك لەرۆژنامەکان هات بۆ ئەوەی چاوپێکەوتنی لەگەڵدا بکات.کاتێك کەهاوسەرەکەی ئا گاداری کردەوەکەرۆژنامەنوسەکە هاتوە(توین) وتی ((بانگی بکەبابێتە ژورەوە))، بەڵام هاوسەرەکەی ناڕازی بو((وتی ئەوەگونجاو نییە..ئەتەوێ بانگی بکەم تۆش لەجێگاکەتدا خەوتووی))؟؟

وەڵامیدایەوە ((مارك توین)). (تۆراست ئەکەی ئەمەناگونجێ))، داواله کارەکەرەکە بکەجێگای نوستنێکی نوێ بۆ رۆژنامەنووسەکەدابین بکات.

## ئەنیشتاین

ئەنیشتاین هەرگیز چاویلکەکەی بیر نەئەچوو، بەڵام جارێك رۆشت بۆیەکێك لەچێشتخانەکان دوایی بۆی دەرکەوت کەچاویلکەکەی لەبیرچووە، کاتێك کە(جیرسۆن) بەلیستی خواردنەکانەوە هات.

ئەنیشتاین داوای لێکرد کەبۆی بخوێنێتەوە تا خواردنێك دیاری بکات، ئەنیشتاین داوای لێکرد کەدەست بکات بەخوێندنەوەی ..
بەڵام (جیرسۆن) نەکە داوای لێبوردنی لێکرد وتی من داوای لێبوردن ئەکەم بەڕێزم منیش وەکوتۆ نەخوێنەوارم.

## سوقرات

خوێندکارێك لەبارەی هاوسەرگیریەوە لەسوقراتی پرسی؟
وتی بەلێ بەدڵنیاییەوە هاوسەرگیری بکە لەبەرئەوەی ئەگەر ژنێکی باشت هەبێت ئەوا ژیانت خۆش و بەختەوەردەبێت ،بەڵام ئەگەر ژنێکی خراپت تووش بێت، ئەوا دەبیتە فەیلەسوف. ئایا ژنەکەی سوقرات باش بوو؟
ئەگەر وابوایە...نەئەبو بەفەیلەسوف، ئامۆژگارییەکانی ڕەنگدانەوەی ئەزموونی ژیان بوو بەڵێ:
ڕۆژێك ژنەکەی هاواری بەسەردا ئەکرد بەڵام ئاگای لێنەبوو، ژنەکەشی ئاوی بەسەرداکرد ، سوقراتیش بەساردییەکەوە پێی وت:هەر بروسکەو چەخماخەتدا و بەردەوام بوی تاکو بارانت باراند.

## ئەسکەندەر دیماس

نوسەرێکی لاو ڕۆیشت بۆلای چیرۆك نوسی فەرەنسی بەناوبانگ . (ئەسکەندەر دیماس ) نوسەری چیرۆکی سێ سوار چاکەکەو ئەوانیتر، لاوەکە داوای لێ کرد پێکەوە هاوکاری بکەنو بەهاوبەشی چیرۆکێك بنووسن، بەڵام لەکاتی وەڵامدانەوەدا (دیماس)بەگاڵتەجاڕی و لەخۆباییبونەوە وتی: (چۆن ئەبێ ئەسپێك و گوێدرێژێك هاوکاری یەك بکەن لەڕاکێشانی عارەبانەیەکدا) نوسەرەلاوەکەش یەکسەر وەڵامی دایەوە وتی((بەڕێزم ئەمە سوکایەتییە چۆن ئەبێ تۆ وەکو ئەسپێك گوزارشت لەمن بکەی)).

## نیوتن

ڕۆژێك نیوتن لەتەنیشت ئافرەتێکەوە دانیشتبو و ، لەناکاو ئافرەتەکە پرسیاری لێکرد ((وتی مامۆستا نیوتن چۆن توانیت بگەی بەم دۆزینەوە))، زانای گەورەش بەلەسەر خۆییەوە وتی شتێکی ئاسانە، من ڕۆژانە بەشێك لەکاتەکانم تەرخان دەکرد بۆبیرکردنەوە، لەم دیاردە نامۆیە کەپاڵ بەشتەکانەوە دەنێت بکەونە خوارەوە بۆسەر زەوی، تەنها بەبیرکردنەوە خانمەکەم هانی دام تاکو لەکۆتایی دابگەم بەم دۆزینەوەیە، ئافرەتەکەش وتی (بەڵام من ڕۆژانە کاتێکی زۆر تەرخان ئەکەم و بیردەکەمەوە و بیردەکەمەوە لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانم شتێك دابهێنم.
نیوتن پرسیاریکرد: بیرلەچی ئەکەیتەوە ئەویش وتی بیر لەهاوسەرەکەم دەکەمەوەکە سەفەریکرد و ڕۆشت و تەڵاقی دام
نیوتن: ئایا بیر کردنەوەت لەهاوسەرەکەت لەپێش تەڵاقدان یان دوای تەڵاقدان بووە؟
ژنەکەش وتی: بەدڵنیا یپەوە دوای تەڵاق، ئینجا زانای گەورە تەماشای کردو وتی (ئەگەر بیرت لە هاوسەرەکەت بکردایەتەوە لەپێش جیابوونەوەتاندا ،ئەوا دەتتوانی یاسایەکی نوێی ڕاکێشان بدۆزیتەوە .

## بیکاسۆ

شەوێك وێنەکێشی بەناوبانگ بیکاسۆ لەگەڵ یەکێك لەهاوڕێکانی گەڕایەوە ماڵەوە بینی ماڵەوەی شێواوە و تێکدراوە هەموو بەلگەکان ئەوەیان نیشان ئەدا کەدز چوەتەماڵیەوە و شتەکانی بردووە، کاتێك ئەم لەماڵ نەبوە کاتێك کەبیکاسۆ بۆی دەرکەوت چی لێ دزراوە زۆر تووڕەو نیگەران بوو.

هاوڕێکەی پرسیاری لێکرد: ئایا شتێکی گرنگت لێ دزراوە؟

بیکاسۆ وەڵامی دایەوە و وتی نەخێر هەر چەرچەفی نوێنەکان دزراوە.

هاورێکەی بەسەرسوڕمانەوە پرسی: کەوابوو بۆچی ئەوەندە تورەی؟

بیکاسۆ وەڵامی دایەوە وتی: (هەستم بەگەورەیی خۆم دەکرد بەڵام بریندداربوم) تورەبوم لەوەی ئەو گەمژانە تابلۆکانیان نەدزیوە.

## اغاسا کریستی

کاتێك پرسیاریان لەنوسەری ئینگلیزی (اغاسا کریستی ) کرد بۆچی هاوسەرگیریت لەگەڵ پیاوێکی شوێنەوارناسداکردووە.

وتی: (لەبەرئەوەی تاکوپیربیت و گەورەبیت ، بەهاو سەنگت لەلای زیاتر دەبێت ).





دیوانی حەریق

مەلا ساڵحی کوڕی مەلا نەسروڵڵای زێوەییە

لێکۆڵینەوەو لێکدانەوە

نەوزاد کەڵهوڕ

ئێستا

لە بازاڕدا دەست دەکەوێت

و: شەیما یاسین

# پشوی بڕەو

مرۆڤ دانا ئەبێت تا بەدوای داناییدا بگەڕێ، هەرکاتێ وای زانی بینیویەتیەوە ئەوا گەمژەیە .
وتەیەکی ئێرانی

کەسوکارم قسەکردنیان فێر کردم، خەڵکی بێدەنگییان فێر کردم.
وتەیەکی تشیکوسلوفاکی

چێژی تۆڵەسەندنەوە بەردەوام نابێت جگە لە ساتە وەختێك ، بەڵام چێژی ڕەزامەندی کە لێبوردەیی فەراهەمی دەکات تاکۆتایی بەردەوامە.
وتەیەکی ئیسپانی

خۆشەویستی و بۆنی گوڵاو ناشاردرێنەوە .
وتەیەکی چینی

ئەوەی پارە لەجانتاکەیدا نییە ، پێویستە لە زمانیدا ئاوریشم هەبێت .
وتەیەکی مالیزی

ئەوەی ڕازی بێت بۆخۆی کە مەڕ بێت ، ئەوا گورگ دەیخوات
وتەیەکی فەرەنسی

هەرکەسێك ئافرەتێکی جوان مارە بکات پێویستی بە دوچاو زیاتر هەیە
وتەیەکی ئینگلیزی

بێ پارە لە بازاڕدا بە خێرایی گوزەر دەکات
وتەیەکی ئینگلیزی

ئەوەی ماڵی دراوسێکەی بلەرزێنێت ماڵەکەی خۆی دەروخێت
وتەیەکی سویسری

گەر مرۆڤ تێر بو ، ئەوا نان بەلایەوە هیچ تامێکی نییە.
وتەیەکی سکۆتلەندی

گوێمان لە بارینی باران دەبێت بەڵام گوێمان لە بارینی بەفر نیە ، گوێمان لە هاواری ئازارە سوکەکان هەیە بەڵام گوێ ناگرین لە بێدەنگی ئازارە قوڵەکان.
وتەیەکی ئەڵمانی



و: علی ابراهیم حسن

# جیهانی زیرەکی و ناسینی کەسایەتییەکان

زانایان هەشت جۆر زیرەکیان پۆلێن کردووە کە بریتین لە مانەی خوارەوە :

١- راستێتی ئەو جۆرە کەسانەن کە دەتوانن شتە راستی و حەقیقەت ئامێزەکان بە ئاسانی جیا بکەنەوە و شوێنی بکەون و پیادەی بکەن، دەتوانن وەڵامی پرسیارەکان بە کورتی و پوختی بدەنەوە .

٢- لێکدانەوە ئەم جۆرە کەسانە زیرەکیان لەکاتی روبەڕوبونەوەی کێشە و گرفت و کاردا چالاك دەبێت و کەسایەتیان لە میانەی رووداوەکاندا دەردەکەوێت ، دەتوانن بۆ یەك کێشە دەیان رێگا چارە و پلانی جێگرەوە پێشنیاز بکەن .

٣- زمانزانی ئەو کەسانە بەهرەو زانیاریان لە خێرا فێربوونی زمانە جیاوازەکاندا هەیە .

٤- بۆشایی ئەو کەسانە بەتوانان لە سەرەنجدان و تێبینی و تێگەیشتن لە وێنە و شێوەو روخسارە جیاوازەکان .

٥- زانستی ئەم جۆرە زیرەکییە لەتەمەنی بچوکیەوە دەردەکەوێت بەتایبەتی منداڵان کە توانا و بەهرە و شارەزاییەکی گەورەیان هەیە لە فێربوونی زانست و پیشەکان بەخێراییەکی سەرسوڕهێنەر .

٦- فیزیاوی ئەو کەسانە توانایەکی گەورەیان هەیە لەسەر هاوسەنگی جەستەیی و راهێنان و وەرزش کردن، بۆ نمونە یاری خلیسکانێ لەسەر بەفر و گەمەی سێرك ... هتد .

٧- ئاماژەیی: ئەو کەسانە توانای پێشبینی و شیکردنەوەی روداوەکان و ئەگەرەکانی داهاتویان زۆرە.

٨- بەردەوام بوون لەسەر پەیوەندی بریتییە لە توانای کەمەند کێشکردن و خۆ خۆشەویستکردن لەنێو هاورێیان و راکێشانی خۆشەویستی و رێزی کەسانی بەرامبەر لە میانەی رەفتار و مامەڵەی رۆژانە .

ژێدەر : ١٨١ بطاقە للتغیر الاداری / علی حسین العجمی .

عبدالقهار بلباس
qahar.1980@gmail.com

# چۆنیەتی بڕیار دروستكردن



بێگومان گرنگترین هۆكاری سەركەوتن لە ژیاندا بریتیە لە بڕیار دروستكردن و دەركردنیشی لە كاتی گونجاودا، جا ئەو بڕیارە لە هەر بوارێك لە بوارە جیاوازەكانی ژیاندا بێت، لە هەڵسوكەوتكردن بێت لەگەڵ خودی خۆت یان كەسانی دەوروبەر.

زۆرێك لە خەڵكان كار دەكەن و هەوڵ دەدەن پاشان لە كاتێكی ناسكی قۆناغەكانی كاركردنیان پێویستیان بە بڕیارێكی دروست و یەكلاكەرەوە هەیە بەڵام بە هۆی دوو دڵی و هەنگاو هەڵنەهێنان بەرەو دەركردنی ئەو بڕیارە یاخود بە هۆی نەزانی و شیاو نەبوونیان بۆ دەركردنی بڕیار، دەبنە هۆكاری لە دەستدانی كارەكانیان، لەوانەیە هەلێك لە دەست خۆیان بدەن كە جارێكی تر بۆیان دووبارە نەبێتەوە.

جا بۆ ئەوەی هەر یەكێك لە ئێمە كە نیازی بوو كارێك ئەنجام بدات و پێویستی بە بڕیارێكی دروست بوو بۆ كارەكەی نەكەوێتە هەڵەیەكی ئاوا كە پەنجەی پەشیمانی لەدوای بگەزێت، پێویستە ئەم هەنگاوانە بگرینە بەرپێش دەركردنی بڕیارەكە:

هەنگاوی یەكەم: كۆ كردنەوەی زانیاری تەواو و دروست لەسەر ئەو بابەتەی كە پێویستە بڕیاری لەسەر دەربكرێت، لەبەر ئەوەی هەر كەم و كورتیەك لە زانیارییەكان بڕیاری هەڵەی بەدوا دێت و پاشانیش بەرهەمی خراپ و نا دروست.

بۆ نموونە: قوتابیەك كە لە ئامادەیی دەردەچێت و دەیەوێت درێژە بە خوێندنەكەی بدات لە بەشێك لە بەشەكانی زانكۆ، بەڵام دوو دڵە و نازانێت كام بەشەی هەڵبژێرێت،جا پێویست دەكات زانیاری تەواو لەسەر هەر بەشێك كۆ بكاتەوە، چ لە بارەی كات و سیستەمی خوێندنی ویان ئەو بابەتانەی كە تیایاندا دەخوێنرێت، هەروەها پێویستە بزانێت مەرجەكانی وەرگیران لەو بەشەی دیاری كردووە چین و دوای دەرچوونیشی پێوست دەكات بە چ جۆرە كارێك هەڵسێت.

هەنگاوی دووەم: دەستنیشان كردنی ئەو هەڵبژاردنانەی كە گونجاوە و لەبەر دەستە بە گوێرەی ئەو زانیاریانەی كە لە هەنگاوی یەكەم وەرگیراوە. ئەگەر لە نموونەكەی پێشوو وا دابنێین كە ئەو بەشانەی بۆ قوتابیەكە گونجاوە بریتیە لە ( ٥ ) بەش، بۆیە پاش كۆكردنەوەی زانیاری لەسەر بەشە جۆراو جۆرەكان بۆی دەركەوت كە سیان لەو بەشانە لەگەڵ ئەو دەگونجێت و ئامادەیی تێدا هەیە كە لێیانەوە بخوێنێت و گومانی وایە كە دەتوانێت لە پاش دەرچوونی لە هەر یەك لەو سێ بەشە دەتوانێت لە بواری كارەكەی سەركەوتن بە دەست بهێنێت، ئەگەر چی مەرجی وەرگیرانی لە دوو بەشەكەی تریشی تێدا بێت.

هەنگاوی سێیەم: پەسەندكردنی باشترین هەڵبژاردە كە لەبەر دەستیەتی، هەروەك لە نموونەكەی پێشوو دەركەوت تەنها سێ هەڵبژاردە لەبەر دەم قوتابیەكە هەیە ئەویش بریتیە لە ( ٣

) بەشی زانکۆ، بەڵام بە بەراوردکردنیان یەکێك لەو سێ بەشە لای پەسەندە، جا بەهۆی ئەوە بێت کە سروشتی خوێندنی ئەو بەشە لەوانی تر جیایە، یاخود جیاوازی هەیە لە ماوەی خوێندن ، یان جۆری ئەو زانستەی لێوەی فێر دەبێت بۆ ئەوەی پاش دەرچوونی کاری لەسەر بکات، یان هەر هۆکارێکی تر کە وای لەو قوتابیە کردبێت لە نێوان سێ بەش تەنها یەکێکیان پەسەند بکات،بۆیە خۆی یەکلا کردەوە کە ناوی خۆی لەم بەشە تۆمار بکات.

**هەنگاوی چوارەم:** ئەگەر هەر دوو دڵی و نیگەرانی بەسەریدا زاڵ بوو، و نەیتوانی یەکێك لە بەشەکان پەسەند بکات و باشترینیان دیاری بکات، دەتوانێت پشت ببەستێت بە (ئیستیخارەی شەرعی) کە پێغەمبەرمان (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرمانمان پێ دەکات پێش ئەنجامدانی هەر کارێك ئەنجامی بدەین، پاشان دەتوانێت ڕای کەسی شارەزا لەم بوارە وەربگرێت.

**هەنگاوی پێنجەم:** جێبەجێ کردنی بڕیار: لە دوای هەنگاوەکانی پێشوو، بێگومان کەسەکە بڕیاری خۆی دەرکردووە و ئەوەی هەڵبژاردووە کە خۆی مەبەستیەتی، تەنها ئەوەی لەسەر شان ماوە کە دەست بکات بە جێبەجێ کردنی بڕیارەکەی کە بەرهەمی چوار هەنگاوەکەی پێشووە، پێویستە ئەوەش بزانین کە بەبێ گرتنەبەری ئەم هەنگاوانە بڕیارەکە سەرکەوتوو نابێت و بەهایەکی ئەوتۆی نیە.

لە نموونەکەی پێشووماندا جێبەجێ کردنی بڕیار بریتیە لە مامەڵەی خۆناو نووس کردنی قوتابی لەو بەشەی هەڵیبژاردووە، ئەویش بە زانینی کاتی ناو تۆمارکردن و ئەو داواکاریانەی کە پێویستە لە ناو فۆڕمی مامەڵەکەی هەبێت، پاشان ئەنجامدانی چاو پێکەوتن و دەستپێکردنی خوێندن لەو بەشەی لێوەی وەرگیراوە.

سەرچاوە: پەرتووکی حتی لا تکون کلا، نووسینی: عائض القرنی.



نوسینی: مورات چیفت کایا

و: ئیمان ناصح

# باڵندە کۆچەرەکان

ئەمجارەش باڵندەکان دوبارە کەوتنەوە فڕین بەرەو وڵاتە گەرمەسێرەکان،باڵندەیەکی مێینەش کە کەوتبووە نێو پۆلێك لەو باڵندە کۆچەرییانەوە بێچووەکەی لەسەر پشتی هەڵگرتبوو،

ڕێگایەکی دورودرێژ و هیلاکی و ماندوویی تەواو تەنگی پێ هەڵچنی بوو ،هەڵگرتنی بێچووی تازە لە دایك بووش هێندەی تر دایکەکەی ماندووکردبو بەڵام لەبەر ئەوەی هێشتا نەیدەتوانی بفرێت دایکە بەردەوام بو لە هەڵگرتنی بێچووەکەی.

بێچووەکە بەم حاڵەی دایکی زۆر نیگەران بووبە دایکی وت: دایە گیان هیچ بێتاقەت مەبە ساڵی ئایندەتر کە منیش گەورە بووم بەم شێوەیە تۆ لەسەر پشتم هەڵدەگرم،

لە وەڵامی قسەی بێچووەکەیدا دایکەکە وتی:

نەخێر ڕۆڵەکەم ئەمە هیچ کات ڕوونادات،چونکە ساڵێکی تر تۆش بێچووی خۆت لەسەر پشتت هەڵەگریت.

---

# دەربارەی ژیان

گۆتە

و: ئیمان ناصح

بۆ ژیان
کات دیاری بکە
چونکە تەمەن لەبەر ئەو دروست بووە
بۆ بیرکردنەوە
کات دیاری بکە
چونکە کلیلی سەرکەوتن ئەوە
بۆ خۆشویستن
کات دیاری بکە
چونکە نهێنی بە مرۆڤ بوونت ئەوە



# نامەی کورێك بۆ باوکی

ئامادەکردنی بەڵێن ئەنوەر

باوکم بەردەوام بە وتەو قسەی ناشیرین پلاری تێدەگرتم، تاوانباری دەکردم بەوەی کە پیاو نیم...

ناتوانم بەرپرسیارێتی هەڵبگرم... هەردەم دەیگوت ئێمە لە تەمەنی ئێوەدا وەک پیاوان مامەڵەمان دەکرد..ئەو کارانەی ئێمە دەمانکرد زۆر جوانو پیاوانە بوو... کە لاوی ئێستا ناتوانن وەک ئێمە بن... هەمیشە ئەو وتە ڕەقانەی دوبارە دەکردەوە بە ڕۆژو بە شەو ...

وتەکان وەک کوتەکێک وابوون لاشەمی ورد ورد دەکرد.

بابە بمبەخشە بۆ ئەم نامەیەو پێشکەشە بە هەموو باوکێک ..

من باوکی خۆم خۆشدەوێ ،هیوادارم ڕازی بێت لێم و شانازیم پێوە بکات بەڵام بابە هیچ کات شێوەو دەنگی ئەو پیاوەت بۆمن باس نەکردووە کە من وەک ئەو بم، نازانم کام شێوەت دەوێت لە پیاوان .. من بە درێژایی ڕۆژ لەماڵەوە لە نێو خوشکو براکانمدا دانیشتووم!! پێشەنگو پێشەوام لە ناو پیاواندا کێیە تا فێر بم لێی؟! هیچ بوارێکی پشووم نییە بێجگە لە ئامێری کۆمپیوتەرەکەم و قسەو باس لەگەڵ دایکو خوشکەکانم.. تۆ بەیانیان بە کاری فەرمانگەو ئێوارانیش لەگەڵ هاوڕێکانت .. بابە گیان تۆ گرینگی بە من نادەیت ، تەنها ئەو کاتە نەبێت کە داوای نمرەکانم دەکەیت ،دەڕوانیتە نمرەکانم و لێم دەپرسیتەوە ئەوەت دەوێت کە خۆت دەتەوێت نەک من.. بۆیە زۆربەی کات لە نزمی پلەی نمرەکانم تووڕە دەبیتو پیامدا هەڵدەشاخێیت یا هەندێ جار دەگاتە ئاستی لـێدان؟! بەبێ ئەوەی لە هۆکاری کەمی نمرەکانم بپرسیت !! بابەی خۆشەویستم ، دەمەوێت لەگەڵمدا بیت , لێم تێبگەیت.. دەمەوێت بمبەی لەگەڵ خۆتدا بۆ ئەوە شارەزای ژیــانی پیاوان بم , دەمەوێت شانازی بکەم بە هاورێیەتیتو لە پەناتا بم.. خۆ دایکم زۆرجار هەوڵی داوە من بەریت لەگەڵ خۆت کاتێک دەڕۆیتە سەردانی خزمو هاوڕێکانت , بەڵام تۆ قەبوڵت نەکردبوو... نازانم بۆ قەناعەتت وایە کە من تەنها بۆ خوێندن و نمرەی بەرز لە ژیاندا دروست بوم و بەس .

بابی من جارێک تەماشام کردیت دانیشتبویت لەگەڵ هاوڕێــکانتدا.. چەند ئازارم پێگەیشت پێکەنین و قسەی خۆش و ڕوی خۆشت لەگەڵیاندا.. ئەو بابە نەبویت کە من دەمناسیت !؟ زۆر سەیرە ئەگەر تۆ ئەوەندە قسە خۆش و ڕوخۆشو دەمبەخەندەی.. دەی بۆچی لەگەڵ مندا ئەوەندە توڕەو بێ قسەی !؟

بابەگیان تکات لێدەکەم دەمەوێت گوێـبیستی وتە جوانەکانت بم، خۆشەویستم داوات لێدەکەم ئەو بەرگو پۆشاکەی ماڵەوە بگۆڕە بەو پۆشاکەی کە لە دەرەوە پۆشیوتە... بمگرە ئامێزی گەرمو خۆشت.. لە سۆزو میهرەبانی خۆتم پێ ببخشە ئەو سۆزەی لە ساڵەکانی منالیمدا هاوڕێم بون و پاشان بەجێیان هێشتم , بمبەرەوە بۆسەرەتای ساڵەکانی پێش منـدالی و خۆشەویستیو سۆزی خۆتم پێشکەش بکە.

بابە گیان: ڕێـگەم بدەلەگەڵ تۆدا سەرکەوتن بەدەست بێنم بمخەرە ڕیزی ئەولەویاتی کارتەوە , من پیاوێکم دەوێت کەپـەیڕەوی لێبکەم و چاوی لێبکەم..

بابی شیرینم" تۆ ئەو پیاوەی کە من دەمەوێت چاوی لێبکەم و بیکەمە پێشەنگی خۆم .. دەستم بگرەو فێرم بکە بۆ ئەوە ببمە ئەو پیاوەی کە تۆ دەتەوێت ...

وەرگیراوە لە گۆڤاری ( الموده ) ی ئیمارات

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە : دایکی هاولان

# پێوۆکی سەرکەوتن .....



لە تەمەنی ٤ ساڵیدا سەرکەوتن ئەوەیە میز و پیسی نەکەیت بە جلەکانتدا .
لە تەمەنی ٦ ساڵیدا سەرکەوتن ئەوەیە لە قوتابخانەوە ڕێگای ماڵ بزانیت .
لە تەمەنی ١٢ ساڵیدا سەرکەوتن ئەوەیە هاوڕێ و هاوەڵت هەبێت .
لەتەمەنی ١٨ ساڵیدا سەرکەوتن ئەوەیە مۆڵەتی شۆفێری بەدەست بێنیت .
لەتەمەنی ٢٠ ساڵیدا سەرکەوتن بریتییە لەبەدەستهێنانی ماڵ و سامان .
لە تەمەنی ٣٥ ساڵیدا سەرکەوتن بریتییە لەبەدەستهێنانی ماڵ و سامان .
لە تەمەنی ٤٥ ساڵیدا سەرکەوتن بریتییە لەبەدەستهێنانی ماڵ و سامان.
لە تەمەنی ٥٥ ساڵیدا سەرکەوتن بریتییە لەبەدەستهێنانی ماڵ و سامان .
لە تەمەنی ٦٠ ساڵیدا سەرکەوتن بریتییە لەبەدەستهێنانی ماڵ و سامان .
لە تەمەنی ٦٥ ساڵیدا سەرکەوتن بریتییە لە بەردەوام بونی مۆڵەتی شوفێری .
لە تەمەنی ٧٠ ساڵیدا سەرکەوتن ئەوەیە دۆست و هاوڕێت هەبێت .
لە تەمەنی ٧٥ ساڵیدا سەرکەوتن ئەوەیە لەهەر شوێنێك بیت ڕێگای ماڵ بدۆزیتەوە
لەتەمەنی ٨٠ ساڵیدا سەرکەوتن ئەوەیە میز و پیسی نەکەیت بە جلەکانتدا .

دیار بکر



# چۆن ببینە سەرکردەی ڕاستەقینەی کاتەکانمان ؟

کات: بەنرخترین وپڕبەهاترین شتێکە لەژیانی مرۆڤدا،وهەمان کات گەورەترین دەستمایەیە بۆوەبەرهێنان وبنیاتنانی خودی مرۆڤەکەو گەشەسەندنی بیروڕا جۆراوجۆرەکانی و بـرەودان بەتوانا (مادی ومەعنەوییەکانی).

بـۆمـرۆڤ کـات هـێـمـای بـوونـە ، بەواتایەکی ترکات هۆکاری بنە ڕەتییە بۆپەیدابوونی وکات ئەودونیاو ژینگە دیاریکراوەی پێ بەخشیوە و هە روەك ئێستا و داهاتووە ، کەواتە دەتوانین لە پاش ئەم تێگەیشتن و ڕوانینەمان بۆ کات بلێین کات یەکسانە بە ژیان.

کــــەواتـــــە پـــێـــویـــســـتـــە لـــە سەرهەموومرۆڤێك بەگشتی وئێمەی گەنجانی هۆشیارورۆشنبیر بە تایبەتی زیاتر لەگرنگی وبایەخی (کات) تێبگەین وبەوریاییەوە مامەڵە لەگەڵ کاتەکانماندا بکەین . هەروەك ووردو چاو کراوەبین لەرێکخستنی کاتەکانمان وچۆنیەتی تێپەڕاندن وبەسەربردنیان .

بـۆ بـەپـراکـتـیـزەکـردنـی ئـەم ئامانجەشمان پێویستە پلان وپرۆگرامی پێشوەختمان هەبێت ، بۆدارشتنی نەخشەو ڕێرەو ئاراستەی کارەکانمان تاوەکو بتوانین سە رکەوتووبین لە ژیانی خۆمان لەلایەك وجێ ی ڕەزامەندی خوای پەروەردگارو خێزان ودەورووبەرو وولات وکۆمەڵگەکەشمان بین لەلایەکی دیکەوە.

گەیشتن بـەم ئامانجە گـەورەو گرنگەش وابەستەیە بەهەوڵ وکۆششی بـەردەوامـمـان لەپێناو بەفیرۆنەدانی کـاتـەکـانـمـان چـونـکـە بـێـگـومـان ئـەگـەرکـاتـەکـان لامـان جـێـی گرنگی پێدان نەبوو یاخود بەفیرۆماندا ئەوا پێویستە لامـان ڕوون بـێـت کـەزۆر بـەسـادەی ژیانمان بەفیرۆداوەودەست بـەرداری خـەون وخولیا جۆربەجۆرو گەورەوگرنگەکانمان بووین لەژیاندا ، ئەمەش وادەکـات هەمیشە نەگەینە ئـامـانـجـەکـان وبـێ هـیـوای دەرونـمـان داگیردەکات وئاسودە ی دەبێتە خەون وبەردەوام لەگۆڕەپانی بەرفراوانی ژیان پەراوێزدەخرێین.

کەواتە دەبێت لە گەڵ ئەم سە رمایە گـەورەو کالابەنرخەدا کە کاتەکانمانن سەرکردە ئاسا مامەڵە بکەین بەوەی کـە کـاتـە کـان بـە شـێـوەیـەکـی ڕێك وپێك دابـەش بکەین بە سەرکارەکانی ڕۆژانـەمـانـدا ، وهـە رکارێك بە قە د گرنگی ورۆڵ وکاریگەری لەسەرژیانمان کاتی پێویستی بۆ تەرخان بکەین ، بە مەش دەتوانین خۆمان بەدووربگرین

له بەفیرۆدانی كاتەكان وهێنانەدی ئامانجەكانمان. ئەمەش وادەكات نەخشەی ژیان بەوجۆرەبێت كە خۆمان دەمانەوێت وچێژی ڕاستەقینە لەژیان وەردەگرین .

**بۆچی كاتەكانمان بەفیرۆدەدەین؟**

بەڕاستی ئەم بابەتە كۆمەڵێك هۆكاری جیاوازی خۆی هەیە كە زۆرجار تەنانەت خودی خۆشمان ناتوانین ڕاستەوخۆ دركیان پێ بكەین ، بەڵام بەكورتی باس لەهەندێ هۆكاری سەرەكی دەكەین:

**١- بیروباوەڕونەریتە گشتی یەكان:**

زۆركات هەندێك لەوبیروباوەڕو نەریتە تایبەتی یانەی كە بەشێوەی جیاوازوجۆراوجۆرلەناخی هەریەكەماندا بنجیان داكوتاوە ، كەم تا زۆربەشێوەیەك لەشێوەكان ڕێگر یاخود هۆكاربوون بۆبەفیرۆدانی بەشێك لەكاتەكانمان كە بێگومان ئەمەش لەكەسێكەوە بۆ كەسێكی دی جیاوازە. بەگشتی ئەو بیروباوەڕانەش لەدووڕێگەی سەرەكی یەوەبۆمان دروست بوون ئەوانیش بریتین لە:

***پەروەردەكاران (دایك وباوك):**

بێگومان دایك وباوك ڕۆڵێكی سەرەكیان هەیە لە بونیاتنانی نەوەكەی بەجۆرێك دەتوانێت بە هەرشێوەیەك خۆی دەیەوێت وێنای بكات لەكۆمەڵگەدا وتەنانەت كاریگەری تەواوی هەیە لەسەرژیانی لەسەرجەم قۆناغەكاندا كە ئەو نەوەیە پێیدا تێدەپەڕێت . كەواتە ئەگەر(دایكان وباوكان)مان وردەكاربن لەژیاندا وهەمیشە گرنگی بدەن بەكات ونەوەكانیان ولەوبارەیەوە وشیاربكەنەوە بێگومان نەوەكانیان لەگەڵ گرنگی دان بەكاتدا گەورەدەبن و گرنگی پێ دەدەن ونرخی دەزانن وڕێزی بەپێ ی پێویست دەگرن وبەلام ئەگەربەپێچەوانەوە، بوو ئەوا بێگومان نەوەكانیش هیچ گرنگی و بایەخێك بەكات ودواتربە ژیان نادەن .

***ژینگەی دەوروبەروكەسانی نزیك:**

ئەمەش هۆكارێكی دیكەیە لەبەفیرۆدانی كاتەكان بەوەی كەئەگەر دەوروبەروكەسانی نزیكمان لەسەرەتای دروست بونمانەوە بێ نرخی كاتەكانمان لەناخماندا بچێنن ، ئەواسەیرو دوورو نامۆنییە كەئێمەش ڕێزلەكات نەگرین وهەرگیزپێداگری نەكەین لەسەربەفیرۆدانی كاتەكان .

**٢- ئاستی ڕۆشنبیری :**

ئاستی ڕۆشنبیری بەهۆكاریكی سەرەكی وگرنگ دادەنرێت بۆتێڕوانینی ژیان بەگشتی ومامەڵەكردن لەگەڵ چونیتی بەسەربردنی كاتەكان ، بەتایبەتی چونكە بێگومان مرۆڤی ڕۆشنبیربەشێوەیەكی هەستیارامامەڵە لەگەڵ كاتەكانی دەكات وژیرانە بەكاری دەهێنیت ودەیگونجێنێت لەگەڵ ئەوژیانە تایبەتییەی كەهەیەتی ، ئەمەش بەهۆی ئەوەی كە لەهەركەسێكی دیكە زیاتر نرخی كات وژیانی خۆی دە زانێت، بەپێچەوانەشەوە كەسانی نا ڕۆشنبیر هەمیشە ژیان بێ هیوایان پێ دەبەخشێت لەجیاتی ئاسودەیی وبەردەوام لەدەوری بازنەیەكی بەتاڵدا دەسورێنەوە بێگومان ئەمەش ئەنجامی كورت بیركردنەوەو تێڕوانینی هەڵە یانە بۆژیان بەگشتی وكات بەتایبەتی.

سەربارى ئەمانەش بۆچونی هەركەسێكمان بۆخۆی ودانانی نرخ بۆژیانی خۆی، جیاوازە هەروەك تیاماندا هەیە ڕێزلەخۆی دەگرێت وپێ ی وایە هەمووساتێكی ژیانی نرخێكەو داویەتی ودەبێ لەبەرامبەردا چنگی بكەوێت وبەرووبوومی بچنێتەوە، بەلام بە داخەوە زۆربەمان وا پەروەردەكراوین ، كە گوایە كاتەكانمان زۆرەو ژیانیش پڕە لە كاتی بە تاڵ و بەمەش پێویست بە بایەخدان ناكات.

كەواتە بەشێوەیەكی گشتی پێویستە لە ژیاندا بەشێوەیەكی پیشەیی مامەڵەبكەین ولەگەڵ ناخی خۆماندا بدوێین وجەخت لەوەبكەین كەدەتوانین زاڵ بین بەسەر ڕۆژو كاتە لەناكاوەكاندا وهەروەك پێویستە خۆمان فێری بەڕێوەبردنێكی مۆدێرنی كاتەكانمان بكەین .

هەندێك ڕاوبۆچوونی زیندوو لە سەركات وگرنگییە كەی وە ك مشتێك لە خەروارێك:

***بەرلەهەمووكەس**

خوای پەروەردگاروبەدیهێنەری گەردوون وبوونەوەران لەبەرگرنگی وبایەخە گەورەكەی كاتە كە لە پەیام وكتێبە پیرۆزەكەیدا (قورئانی پیرۆز) سوێند بە خودی كات دەخوات ودە فەرمووێت (والعصر) ئەمەش پەندێكی گەورەیە بۆئێمەی مرۆڤ ، لەهەمانكاتدا فێرمان دەكات چۆن ڕێزلەوكاتەمان بگرین كەوەك نیعمەتێكی گەورەو هەلێكی زێڕین پێ ی بەخشیوین.

*** لە فەرموودەدا هاتووە كە (كات )**

پێمان دەڵێت :ئەی ئادەمیزاد من ڕۆژێكی نوێم ، گەواهی دەرم بەسەرژیانتەوە بمقۆزەرەوە وبەكارم بهێنە چونكە تارۆژی قیامەت ناگەڕێمەوە .

***فەیلەسوفی ئەڵمانی گۆتە دەڵێت :**

تەنها زانین بەس نییە ، بەڵكودەبێت كاربكەیت وئەوەی فێربوویت جێ بەجێ ی بكەیت ، بۆئەوەی بچیتە ڕیزی كەسایەتییە نایابەكانەوە ، ئەوكەسایەتی یانەی كە زۆرباش بایەخ ونرخی كات وئامانج وخولیاكانیان دەزانن.

لەكۆتاییدا ماوەتەوە بڵێین كە ئەگەربمانەوێت كەسایەتییەكی سەركەوتووبین لەگشت كایەو بوارە جیاوازەكاندا ئەوا پێویستە بەهەموهێزوتواناو (جدیە تێك) وە مامەڵە لەگەڵ كاتەكاندا بكەین وستراتیژیە تی پێشوەخت لەڕێكخستنی كاتەكاندا بە كاربهێنین...

و: بـرەو

# دژیەكییەكانی سەردەم




لەسەردەمێكدا دەژین خانووەكانمان
گەورەن و ، خێزانەكانیش بچووك
هـۆكـاری حـەسـانـەوەمـان زۆرەو
،كاتەكانمان كەم
بـروانـامـەمـان زۆرەو ، لۆجیكمان
كەمترە
شـارەزاو پسپۆرمان زۆرەو ، كێشەو
گرفتیشمان زیاترە
دەرمانمان زۆرە ،بەڵام لەشساغی و
تەندرووستیمان كەمترە
سەرەڕۆیانە پارە خەرج دەكەین ، كەم
پێدەكەنین ، ئۆتۆمبیلەكان بەخێرایی
لێدەخورین ، زوو تورە دەبین ، شەوانە
درەنگ دەنووین و بەیانیان بەزەحمەت
هەڵدەستین .
كـەم دەخوێنینەوە، زۆر تەماشای
تەلەفزیۆن دەكەین ، بەدەگمەن وكەمی
خواپەرستی و نوێژ دەكەین
ماڵ و سامان وكەرەستەكان دووقات
زیادی كردووە ، بەڵام بەهاو رەوشتەكان
كەمیان كردووە
قـسـەی زۆر دەكـەیـن ، سـۆزو
خۆشەزیستیمان كەمە ، درۆی زۆر
دەكەین
فێربووین چۆن رزق و رۆزی بەدەست
بێنین ، بەڵام فێری ئەوە نەبووین چۆن
بژین
ساڵانمان خستە سەرژیانمان ، بەڵام
ژیانمان نەبەخشییە ساڵانی تەمەنمان

كۆشكو تەلاری بەرزمان هەیە ، بەڵام
سروشت و تەبیعەتێكی زبرو توند
رێگاوبانی فراوان و خێرامان هەیە ،
بەڵام تێڕوانینی كورت و تەسك
زۆر خەرجدەكەین و كەممان هەیە
شتی زۆردەكرین ، بەڵام چێژی كەم
وەردەگرین
چووینە سەرمانگ و گەڕاینەوە،
بـەڵام بێزارو بێتاقەتین لەشەقامەكە
بپەڕینەوەو سەردانی دراوسێ تازەكەمان
بكەین
سەركەوتین بەسەر فەزای دەرەوەدا
، بەڵام بەسەر دەروونـی خۆماندا زاڵ
نەبووین
گەردیلەكانمان لەتكرد ، بەڵام زاڵ
نـەبـوویـن بـەسـەر حـەزوو ئـارەزووە
نەرێنییەكانماندا
زۆردەنووسین ، كەم فێر دەبین ،
پلان زۆر دادەڕێژین ، كەمی جێبەجێ
دەكەین و
فـێـری پـەلـەپـەل بـوویـن ،و فێری
چاوەڕوانی نەبووین
داهاتی بەرزمان هەیە ،و رەوشتو
ئاكاری نزم
دەزگـای كۆمپیوتەری پێشكەوتوو
درووست دەكەین بۆهەڵگرتن و پاراستنی
زانیارییەكان ، بەڵام نێوان خۆمان كزوو
لاوازە
لەبڕوو چەندایەتیدا زێدەمان هەیە،

بەڵام لەچۆنێتیدا كەم
ئەم رۆژانەرۆژانی ژەمە خێراكان و
هەرسكردنە سستەكانە ، پیاوان باڵایان
بەرزەو كەسایەتییان لاواز
قازانجی زۆر، پەیوەندی لاواز
كاتی بەتاڵمان زۆرەو چێژوەرگرتنمان
كەم
داهـاتـمـان بـەرزەو ، دیــاردەی
جیابوونەوەی زۆر
خانووەكان گەورەن وماڵەكان وێران
جامن لەمڕۆوە پێشنیازدەكەم هیچ
شتێك هەڵنەگرم بۆ بۆنەیەكی دیاریكراو
،چونكە هەر سات و رۆژێك كەدەژین
بۆنەیەكی تایبەتە ،چاك وایە سودو
چێژی لێوەرگرین
بـەدووی زانـسـتـدا بگەڕێن و زۆر
بخوێننەوە و لەشوێنێكی خۆشو بەرزی
ماڵەكەتدا دانیشەو چێژ لەدیمەنەكان
وەرگرەو ئاوڕ لەپێویستییەكان مەدەرەوە،
كـاتـێـكـی بـاش لـەگـەڵ خـێـزان و
هاوڕێـكـانـتـدا بـەسـەر بـەرەو ، ئـەو
خـواردنـانـەی پـێـت خـۆشـەو حـەزی
لێدەكەیت بیخۆ ،سەردانی ئەو شوێنانە
بكە كەحەزت لێیەتی
ژیان بریتییە لەزنجیرەیەك لەساتە
وەختی خـۆش و بـەچێژ، نـەك تـەنها
مانەوە لە ژیاندا

## ئاکارە جوانەکان- ١

احسان برهان الدين

# ڕاستگۆیی



خوای پەروەردگار ئاسمانەکان و زەوی بە حەق دروستکردووە ، داواشی لە خەڵکی کردووە ژیانیان لەسەر بنەمای حەق و ڕاستی دابمەزرێنن ، کردار و گوفتاریان لەسەر ئەو بنەمایە بچەسپێنن . دەردەسەری و سەرگەردانی ئادەمیزادەکان لە بێئاگابوونیان لەم بنەمایە سەرچاوە دەگرێت ، هەروەرها لەوەی کە درۆ و گومان زاڵبووە بەسەر دەرون و بۆچوونەکانیان و لە ڕێگای ڕاست دووری خستونەتەوە ، ئا لێرەشەوە دەردەکەوێت کە دەستگرتن بە ڕاستگۆیی لە هەموو بوارێکدا و پەنا پێ بردنی لە هەموو کێشەیەکدا کۆڵەکەیەکی پتەوە بۆ ڕەوشتی مسوڵمانان و پێویستە لە هەڵسوکەوتەکانیدا ڕەنگ بداتەوە ، بە هەمان شێوە دروستکردنی کۆمەڵگا لە ئیسلامدا پێویستە لەسەر بنچینەی لەناوبردنی گومان و قسە و قسەلۆکی دروستکراو دابمەزرێت . پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) دەفەرمویێت ( اياكم والظن فان الظن اكذب الحديث ) واتە : خۆتان لە گومان بەددور بگرن ، چونکە ناڕاسترین قسە ئەوەیە لەسەر گومان بکرێت . خوای گەورەش سەرزەنشتی ئەو جۆرە کەسانە دەکات و دەفەرموێت: ( ان يتبعون الا الظن وما تهوى الانفس ولقد جاءهم من ربهم الهدى ) النجم ٣ . پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) دەفەرمویێت: ( يطبع المؤمن على الخلال كلها ، الا الخيانه و الكذب ) رواه احمد . واتە : کەسی مسوڵمان لەوانەیە تووشی هەموو ڕەوشتێکی خراپ بێت جگە لە ناپاکی و درۆ . تەنانەت ئیسلام ڕاسپاردە دەکات کە ڕەوشتی ڕاستگۆیی لە دەروونی منداڵاندا بچەسپێنرێت بۆ ئەوەی لەسەری گەورە ببن و خووی پێوە بگرن ، پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) دەفەرمویێت ( من فال لصبى تعال ، هاك ثم لم يعطى فهى كذبة ) رواه احمد . واتە هەر کەسێ بە منداڵێکی وت وەرە پێت بدەم وهیچی پێ نەدا ئەوا درۆی کردووە . شەریعەتی ئیسلام بواری داوە بە مسوڵمانان گاڵتە و قسەی خۆش و پێکەنین لە نێوان خۆیاندا بکەن ، بەڵام هەرگیز ڕێگەی نەداوە درۆ بکرێتە هۆکارێك بۆ ئەو گاڵتەو گەپە . پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) دەفەرمویێت ( ويل للذى يحدث بالحديث ليضحك منه القوم فيكذب ويل له ويل له ) رواه الترمذى .

واتە : لەناچوون یان دۆزەح بۆ ئەو کەسەی قسە بە درۆ دەکات بۆ ئەوەی کەسانێك پێبکەنن . هەروەها فەرموویەتی( انا زعيم ببيت فى وسط الجنه لمن ترك الكذب ولو كان مازحا ) رواه البيهقى واتە : من دەستەبەری ماڵێکم لە بەهەشتدا بۆ کەسێك خۆی لە درۆبەدوور بگرێت با بە گاڵتەش بێت .

# وێنەکان بەجوانی دەدوێن!



کاتێك ژیان دەبێتە فریودانی خەڵکی تارادەیەك ئاساییە، بەڵام کاتێك دەبێتە خۆفریودان و فێڵ لەخۆکردن ئەواخراپترین ژیانە



ئەگەر گەشبینی بازنەی خۆی تێپەڕاند دەبێتە ساویلکەیی



گەشبینی و ئەرێنی بەخشش و نیعمەتێکی گەورەیە و زۆر کەسی لێ بێ بەشە



ئایا ئاگادارم دەکەیتەوە جیاوازی چییە ؟
لەنێوان ئەوەی تەنها بیت لەسەر زەویدا،
یان تەنها بیت لەژێر زەویدا؟




زۆر کەسی ساویلکەو نەفام
چارەنووسی خەڵکانێکی زۆریان لەبەردەستدایە



ئەرستۆ تالیس دەڵێت: دەردو نەخۆشی تێگەیشتن
سەختترە لەنەخۆشی و دەردی لاشە



جەنگی ڕۆژنامەنووسی



# پایان

سەرنووسەر

# خول لە پێناوی خولدا!

ـــ بەردەوام حیزب و ڕێکخراوەکان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دام و دەزگا حکومییەکان، کۆمپانیا و دەزگاکان خول و ڕاهێنان دەکەنەوە بۆ ئەندام و فەرمانبەر و کارمەندەکانیان، ئەوەی مایەی نیگەرانیە زۆرجار ئەم خولانە هەڕەمەکیانە و بێ ڕەچاوکردنی پێداویستی و ئامانجەکانی دامەزراوەکە ئەنجام دەدرێت، چونکە لە ئەرزی واقیعدا هەست بە هیچ گۆڕانکاری و پێشکەوتنێکی ئەوتۆ ناکرێت دوای تەواوبوونی خولەکان بێ گومان ئەمەش هۆکاری خۆی هەیە و دواتر ئاماژە بە هەندێکی دەدەین.

ـــ بۆ ئەوەی خول و ڕاهێنان سود و کاریگەری خۆی هەبێت ، سەرەتا پێویستە هاوسەنگیەک لە نێوان بەرنامەی خول و ڕاهێنان لەگەڵ ئامانجەکانی ڕێکخراودا بوونی هەبێت، و ئەو هاوسەنگیەش بتوانین بە پێوەری زانستی و بابەتی بیپێوین، ئەمەش کارێکی سادە وسانا نیە .

ـــ شێوازی باوی کۆن ئەوەیە بەڕێوەبەر یان بەرپرس بڕیاری خول و بابەتەکان دەدات بەپێی دید و میزاجی خۆی ، بە خۆشحاڵییەوە دەڵێت بودجەیەکی باشمان بۆ خول و ڕاهێنان داناوە چەندین کاتژمێرمان بۆ خول تەرخان کردووە .

گەر پرسیارێک لە بەڕیوەبەرەکان بکەین بۆچی فەرمانبەرەکانتان دەنێرن بۆ خول و ڕاهێنان زۆرجار وەڵامی پاکەتی حازر بەدەست ئامادەیە ، وەک پاداشتکردنی ئەو فەرمانبەرانەی کە شایستەی پاداشتن ، هاندانی فەرمانبەران، بەدەستهێنانی بڕوانامە ، جێبەجێ کردنی بڕیار و ڕێنماییەکان، چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکان و ..... هتد .

ـــ زۆرێک لە بەرپرس و بەڕێوەبەرەکان گازندەی ئەوە دەکەن کە خول و ڕاهێنانەکان سودێکی ئەوتۆی بە دامەزراوەکەیان نەگەیاندووە و گۆڕانکاریەکی ئەوتۆی دروست نەکردووە، ئەوان وایان پێشبینی دەکرد لە میانەی ڕاهێنانەکەوە فەرمانبەرانیان گۆڕانیان بەسەردا دێت چونکە ئەوان بۆئەو مەبەستە خولیان کردۆتەوە .

ـــ وەک ئاماژەمان پێدا پێویستە بە شێوەیەک کاربکرێت کە بەرنامەی ڕاهێنان هاوسەنگ بێت لەگەڵ ئامانج و پێداویستەکانی ڕێکخراوەکەدا ، بەڵام گەرهاوسەنگی و ڕێکخستنی لاواز بێت لەگەڵ ئامانجەکاندا ئەوکاتە کارایی کەمدەبێتەوە، تێچوون زیاد دەکات و هەڵەکان لە دەست دەچن و ورە و مەعنەویات شلۆق دەبن .

ـــ پرسیارێکی ورووژێنەر دێتە ئاراوە کە بریتیە لەوەی ئایا خول و ڕاهێنانەکان هیچمان پێ نابەخشن یان ئێمە نازانین داوای چی دەکەین؟س لەبەر نەبوونی پلان و دیارینەکردنی پێداویستیە ڕاستەقینەکان کە پێویستە خولی بۆ بکرێتەوە، بۆیە خولەکان بەرهەمی وا نادەن بە دەستەوە.

پێویستە ڕێکخراوو دامەزراوە ئامانجەکانی خۆی زیرەکانە دابڕێژێت و بزانێت بەرەو چی ئاڕاستەیەک دەڕوات، لەو ڕوانگەوە تەوەرەکانی خول و ڕاهێنانەکان دیاری بکات . گەر وانەبێت زۆرجار ئەو کەسانەی بەشداری خولەکان نازانن چیان دەوێت و بۆچی هاتوون، هەر کات بەسەر دەبەن و وەک گەشت و سەیران تەماشای دەکەن و بەمەش داهات و کات و وزەیەکی زۆر بەفیڕۆ دەدرێت و بەرهەمێکی وای لێنادووڕێتەوە، دەچێتە خانەی خول لەپێناوی خولدا.